## بەختیار عەلی لە شاهید دەکۆڵێتەوە



نووســـەر و ڕۆماننووســـی نێـــوداری کورد، بەختیـــار عەلی لـــە یەکەمیـــن وتاریدا بۆ (ڕووداو) لە چەمکی شـــاهید دەکۆڵێتەوەو، باس لە دروستنەبوونی شاهید لە سەردەمی دیکتاتۆرێتیدا دەکات.

لە بەشێکی ئەو وتارە فیکرییەدا بەختیار عەلی دەڵێت " شـــایەتی لە جەوهەردا گواستنەوەی مرۆڤـــە لـــە دۆخـــی بینەرێکی پاســـیڤەوە (ناچالاک) بـــەرەو دۆخـــی بینەرێکی (ئەکتیڤ)".

لاپەڕەی بۆچوون

## تا 15 ساڵی دیکە ئەمەریکا ناکشێتەوە



ڕووداو–ستۆکهۆڵم

ڕۆژنامەڤان وسیاسەتوانی ناسراوی ڕۆژئاوای کوردستان عومەر شێخموس پێیوایە ئەوەی لەناو کورددا پشتگیری ئەمەریکا ناکات PKK یە. لە هەڤدیتنێکدا شێخموس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە"ڕێی تێناچێ ئەمەریکا تا 15 ساڵی دیکە لە عێراق بکشێتەوە".

ل 16

## دەتوانم بێ کارەباش لە کوردستان بژیم



ڕووداو–بەلژیک

هونەرمەندی ناســـراو گولیستان پەروەر بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـــد کـــە خەریکە خانووەکـــەی دهۆکیان تـــەواو دەبێ وپێشیخۆشـــە لە کوردســـتان بژی. لە هەڤدیتنێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گولیستان گوتی " دەتوانم زۆر بەخۆشـــی لەکوردستان بژیم وتەحەمولـــی بێکارەباییش بکەم".

لاپەڕەی هونەر

ژمارە (19)
دووشەممە 2008/8/11
20ی خەرمانان 2708
(750) دینار
Rûdaw
ڕووداو
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت
www.rudaw.net

### واشنتن پۆست نەخۆشییەکەی تاڵەبانی بە (نهێنی) ناودەبات

# مام جەلال نەشتەرگەری کردووەو دەبێ ماوەیەک پشووبدات

### د. فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی

**ڕووداو– بەغدا، واشنتن**

لەکاتێکـــدا ڕۆژنامەی واشـــنتن پۆســـت نەخۆشی مام جەلال بە" نەخۆشیەکی نهێنی ونائاشـــکرا" ناودەبات، د.فوئاد مەعســـوم ئەندامـــی مەکتەبی سیاســـی یەکێتی ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە تەندروســـتی مام جەلال بەرەور خراپی چووبێت.

ڕۆژنامـــەی (واشـــنتن پۆســـت) ڕۆژی 2008/8/8 لە ڕاپۆرتێکدا کە لەبارەی ڕەوشی عێراق و دوارۆژی ســـەرکردە سیاســـیەکانی بڵاویکردەوە، ئاماژە بەوەدەدات کە تاڵەبانی " نەخۆشییەکی نهێنی" هەیە. بەڵام د. فوئاد مەعســـوم لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕەوشی تەندروســـتی مام جەلال زۆرباشەو ئەگەری ئەوە هەیە ســـبەینێ خۆشـــی بۆ ڕاگەیاندن قســـەبکات"، هەروەها گوتی مام جەلال ئێســـتا لەواشنتنەو ڕۆژی یەکشەممە قسەی لەگەڵ کردووە و نەشتەرگەری ئەژنۆی بۆ کراوە و گوتیشی " نەشتەرگەری ئەژنۆش ئاســـان نییە و ناکرێ زوو لەسەری بڕوات و دەبێت ماوەیەک پشوو بدات لە ئەمریکا".

لە هەمانکاتدا ســـەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەمەریکا بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ڕۆژی 2008/8/6 لە نەخۆشـــخانەی مایۆکلینیک نەشتەرگەرییەکی ســـەرکەوتوو بۆ ئەژنۆی تاڵەبانی ئەنجامدراوەو ئێستا تەندروستی زۆر باشە و تا دووهەفتەی دیکە بۆ پشوودان لە ئەمەریکا دەمێنێتەوە. سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکراکرد کە "دوای گەڕانەوەی مام جەلال، نیوەڕاســـتی مانگی داهاتـــووش دووبارە بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە ئەمەریکا".

## ژنێکی خۆکوژ لە هەولێر زیندانی دەکرێ...... لاپەڕە 13



بانی حاشوش، تەمەن 21 ساڵ، لەسەر هەوڵی خۆتەقاندنەوە لە بنکەی چاکسازی هەولێر زیندانییە

## 5 هەزار زیندانی سیاسی لە کوردستان قەرەبوو دەکرێنەوە

### 30 ملیۆن دیناری سولفەی خانووبەرە بەبێ قازانج و پارچە زەویەک وەردەگرن

**ڕووداو– هەولێر**

لەکۆی ئەو فۆرمانەی زیندانیانی سیاســـی لەکوردستان پڕیانکردووەتەوە، تائێستا 600 فۆرم لەلایەن لیژنەی تایبەتی سەر بە دەزگای زیندانیانی سیاسیی عێراقەوە پەسەندکراون و بڕیـــارە ئـــەو 600 کەســـە لـــەم مانگەوە یارمەتییەکی 500 هەزار دیناری وەربگرن تا ئەوکاتەی مووچەکان بەیاسا دیاری دەکرێن. جگە لە زۆر ئیمتیازی گەورەی دیکە.

نەجمەدین حەمەسەعید کارگێڕی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، لەوبارەوە بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـــد ئـــەو 600 فۆرمە تەنیا وەجبەی یەکەمەو وەجبەکانی دیکەش بەدوای ئەواندا دێن. ســـەبارەت بە مووچەی زیندانیانیـــش ڕایگەیاند "تائێســـتا لەڕووی یاســـاییەوە بڕیار نـــەدراوە مووچەکە چەند بێـــت"، گوتی لەبەرئەوەش دەزگای زیندانییە سیاسییەکان داوایان لە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران کرد لەو پارەیەی دانراوە بڕە پارەیەک وەک یارمەتی بۆ زیندانیان دیاری بکەن تا ئەو ڕۆژەی مووچەکە دەبێتە فەرمی، لەســـەر ئەو بنەمایەش ســـەرەتای مانگی شوباتی ڕابردوو بڕیار درا کە مانگانە 500 هەزار دیناریان وەک یارمەتـــی پێبدرێت، ئەو پارەیەش زیندانیانی سیاسی سەرانسەری عێراق دەگرێتەوە.

نەجمەدین حەمەســـەعید هەروەها گوتی "حەزدەکەم بەزیندانیانی سیاسی کوردستان ڕابگەیێنـــم کـــە ئـــەوەی لەمانگـــی 3 یان مانگـــی تەمموز فۆرمـــی پڕکردووەتەوە هیچ جیاوازییەکیـــان نییـــەو هەموویان وەک یەک لەمانگی شوباتەوە بۆیان حسابە". ئەوەشی ئاشـــکرا کرد کە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا تائێســـتا نزیکـــەی 6500 کەس فۆرمەکانیان لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە قبوڵکراوەو پارەی خۆیان لەمانگی شوباتەوە وەرگرتووە.

کارگێڕی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان ئاماژەی بەو مافانەشدا کە بڕیار دراوە بدرێنە زیندانیانی سیاســـی جگە لە مووچەکانیان و لەیاسای ژمارە 4ی ســـاڵی 2006ی دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی عێراقدا جێگیرکراون. لەوانـــەش دیاریکردنی کورســـی تایبەت بۆ خوێندنی ماســـتەرو دکتۆرا بەبـــێ گوێدانە تەمەن، پێدانی پارچەیەک زەوی بەبێ گوێدانە ئەوەی پێشـــتر سوودمەند بووە یان نا، دانی 10 ملیۆن دینار وەک ســـولفە، هەروەها 30 ملیۆن دینار ســـولفەی خانوو بەبێ قازانج و 30 ملیۆنی دیکە بەقازانج و چەندین ئیمتیازی دیکە.

وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە ( 7) بخوێنەوە.

## مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی و پارتی داوای دەستگیرکردنی چەند بەرپرسێک دەکەن

**ڕووداو–هەولێر**

هەردوو مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشـــتیی یەکێتی و پارتی داوا لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەو بەرپرسانەی لایەنن لە هەندێ کێشە و لەلایەن دادگاوە بڕیاری گرتنیـــان دراوە و بەهـــۆی پلەی حیزبی و ســـوپاییەوە تا ئێستا دەستگیرنەکراون، فەرمانـــی دەســـتگیرکردن یاخود دەستبەسەرکردنیان "لە شوێنی تایبەت" بدەن.

چەندان کێشـــەی هاووڵاتیـــان بەهۆی خۆ بەدەســـتەوەنەدان و جێبەجێنەبوونی بڕیارەکانی دادگا بەســـەر بەرپرسە حیزبی و سەربازییەکاندا بە هەڵپەسێردراوی و بێ چارەسەر ماونەتەوە . بەپێی نووسراوێکی هاوبەشی هەردوومەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتی و یەکێتی، کە بەژمارە (ت) لە 2008/7/31 ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کـــراوە، هـــەردوو مەکتەبـــی کۆمەڵایەتی لەسەر پێشنیاری هەردوو مەکتەبی سیاسی دەســـتیان بە کۆبوونەوەی هاوبەشکرد "بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان"، بەڵام دوای کۆبوونەوەکە هەردوو مەکتەبی کۆمەڵایەتی "گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو کێشـــانە بەبێ هاوکاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر ناکرێن".

لـــە نووســـراوە هاوبەشـــەکەی هەردوو مەکتەبـــی کۆمەڵایەتی پارتـــی و یەکێتی دا دەردەکەوێ کـــە ئەوانیش ناتوانن، ئەو بەرپرســـانە ناچاری جێبەجێکردنی یاسا بکەن بۆیەش ئەم داواکاریانە لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان دەکەن"ئەو کێشانەی لایەنەکانیان پلەی حیزبی یان سەربازییان هەیە وفەرمانی گرتنیان لەلایەن دادگاکانەوە بۆ دەرچووەو تائێســـتا دەستگیرنەکراون، داواکارین لە بەڕێزتان فەرمانی پێویســـت دەربکـــەن بـــۆ جێبەجێکردنـــی فەرمانی دادگەکان بەمەبەستی دەستگیرکردنیان". داواکاری دووەمیشـــیان وەک پێشنیازێکە ئەگەر نەتوانرا ئەو بەرپرسانە بدرێنە دادگا، کە هیچ پاســـاوێکی یاســـایی نییە کاتێک هـــەردوو مەکتـــەب لـــە داواکاری دووەمدا پێشنیار دەکەن " لەکاتی تەسلیمەکردنیان بە دادگە بەهۆی پلەو پایەیانەوە داوا دەکەین لە شـــوێنی تایبەت دەســـت بەسەر بن تا کۆتایی هێنان بە کێشەکانیان بەشێوەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی".

هـــەردوو مەکتەبـــی کۆمەڵایەتی دەڵێن ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر ئەو داواکاریانەیان بدرێ، ئەوا ڕاپۆرتێکی تایبەت لەســـەر ئەو کێشە هەڵواسراوانە پێشکێشی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

## دڵشاد گەرمیانی بە دەستدرێژیکردنە سەر کچی ئەبوخەتاب تۆمەتبار دەکرێ

**ڕووداو– هەولێر**

ڕێکخـــراوی تەوحیدو جیهـــاد کە لەلایەن ئەبوموسعەبی زەرقاوییەوە دامەزراوە، دڵشاد گەرمیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیســـلامی بە دەســـتدرێژیکردنە سەر ژنی یەکێـــک لە ئەندامـــە پەنابەرەکانی لە ئێران تۆمەتبار دەکات.

لەبەیاننامەیەکـــدا کـــە "دیوانی جوند"ی ســـەر بە ڕێکخراوی تەوحیدو جیهاد، ڕۆژی 27ی ڕەجەبی 1429ی کۆچیی دەریکردووە، ڕێکخـــراوی ناوبراو دڵشـــاد گەرمیانی وەک یەکێک لە بەرپرســـانی بزووتنەوەی جیهادی لە کوردستان ناودەبات کە وەک بەیاننامەکە دەڵێـــت "پـــاش داگیرکردنـــی عێـــراق و هاتنـــی ئەمریکییەکان بۆ وڵاتـــی ڕافیدەین، پەنای بـــردە بەر ئێـــران و یەکێک بووە لە نزیکەکانمان"، هەروەها دەڵێت "پاش ئەوەی برایانی پەنابەرمان لەئێران متمانەی تەواوی پێدەکەن، دڵشـــاد دەستدرێژی دەکاتە سەر خێزانی یەکێک لە برایانمان بەناوی (ڕقیقە) کە کچی ئەبوخەتابی میسرییەو ئەبوخەتابیش دیارترین کەســـە نزیکەکانی، شـــێخەکەمان ئەیمەن زەواهیرییە خوا بیپارێزێ".

بەیاننامەکـــە کـــە پشتڕاســـتکردنەوەی ئەستەمە، گەرمیانی بەوەش تۆمەتبار دەکات کە "دەستی لەگەڵ موخابەراتی ئێرانی تێکەڵ کردووە"و، هۆشداریی دەداتە ئەندامەکانی کە خۆیانی لێ بەدووربگرن.



حاجی بیلال، نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی لەئێران وێڕای ڕەتکردنـــەوەی ئەو تۆمەتانە گوتی "ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە لە ئەخلاقی کاک دڵشاد ناوەشێتەوە، هەر کەسێک کاک دڵشـــاد بناســـێت دەزانێت درۆیەو لە ڕووی ئەخلاقیەوە پیاوێکی چەند پاکە"، سەبارەت بە دەســـت تێکەڵیشـــی لەگەڵ موخابەراتی ئێرانیش گوتی" ئەگەر کاک دڵشـــاد لەگەڵ موخابەراتی ئێرانی پەیوەندی هەبوایە لەگەڵ ئەمریکا قاچاخ نەدەبوو، ئەمە شتێکی زۆر بێ ماناو منداڵانەیە".

## فرەژنی مەرجدار دەکرێ و یەک ژنیش بەشاهیدێک دادەنرێ

**ڕووداو–هەولێر**

ئەنجوومەنـــی وەزیـــران پـــرۆژەی هەمواركردنـــی یاســـای باری كەســـێتی ئاراستەی پەرلەمان كرد و، لە پرۆژەكەدا شـــاهیدی دان بۆ ژن و پیـــاو وەك یەك لێكـــراوەو فـــرە ژنیـــش تارادەیەكی زۆر قەدەغەكـــراوە. لەهەمانكاتـــدا ئەنـــدام پەرلەمانێـــك گوتـــی" هیچـــی تێدانییە پێچەوانەی ئاینی ئیسلام بێت".

دوای گفتوگـــۆ و بگـــرەو بەردەیەكی توونـــد لەنێـــوان مەلایـــان و پارێزەرانی مافـــی ئافـــرەت، ڕۆژی 2008/8/7 ئەو پرۆژەیە لەلایـــەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراســـتەی ســـەرۆكایەتی پەرلەمان كرا بۆ هەمواركردنی یاســـای باری كەسێتی عێراق كە لـــە ســـاڵی 1959 دەرچووە. د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان و لیژنەی هەمواركردنی یاســـای باری كەسێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"لەو پرۆژەیەدا بەشـــێك لە مادەكانی یاساكە گۆڕانكارییـــان تێدا كراوە بۆئەوەی لەگەڵ سەردەمدا بگونجێن".

ســـەبارەت بـــەو هەمواركردنانەی بۆ بەرژەوەندی ژنان لەو یاسـایەدا كراون لە پرۆژەكەدا، د.نوری تاڵەبانی ئاشكرای كرد كـــە "بەپێی پرۆژەكە لەبـــارەی میراتەوە تارادەیـــەك جیاوازی لەنێـــوان كوڕ كچدا نییە،ســـەبارەت بە شـــایەتیدانیش ژن و پیـــاو وەكو یەكـــن"، لەكاتێكـــدا بەپێی شەریعەتی ئیسلام دوو ژن بە یەك شایەت دەژمێردرێن، ســـەبارەت بە چارەنووسی نەریتـــی كۆمەڵایەتی و ئایینـــی فرەژنی لە پرۆژەكەدا گوتی" مەســـەلەی فرەژنی بەشێوەیەكی زۆرگونجاو چارەسەركراوە، كە بەشێوەیەكی گشتی فرەژنی قەدەخەیە تەنیا لە حاڵەتێكی زۆر بەرتەسكدا نەبێت و ئەویش پەیوەستكراوە بەچەند مەرجێكی زۆر ورد، ئەگـــەر ئەو مەرجانەش نەبوون دادوەر بۆی هەیە ڕێگە بگرێت لەوەی ئەو پیاوە بتوانێت ژنی دووەم بهێنێ".

## هەواڵ

### کوڕەکێ حەفت ساڵی خوشکا خوە د کۆشا دایکا خوەدا دا بەر گوللەیان



سامان سندی

ڕووداو- زاخۆ

◆ جوتیارێ حەفت ساڵی، خوشکا خوە یا حەفت مانگی د کۆشا دایکا خوەدا ب کلاشینکۆفا بابێ خوە کوشت، ئەو ڕووداوە گەهشتە دادگەهێ و پۆلیسێ بنگەها نەخۆشخانا زاخۆ ب (ڕووداو) ڕاگەهاند کو بابێ جوتیارێ لسەر ڤێ کوشتنێ دهێتە دادگە کرن. ملازم بەختیار ژ بنگەهێ پولیسێن نەخۆشخانا گشتییا زاخۆ، ل لێدوانەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت ئەگەرێ ڤێ بوویەرا هان ئەو بوو کو بابێ جوتیاری یێ ژیێ وی حەفت ساڵ کلاشینکۆفا خوە ل بەر دەست هێلابوو و بابێ وی ژی ئەفسەرەکێ پلەدارە دناڤ ڕێزێن پێشمەرگەیدا ل دهۆکێ دەڤەرا زاویتە.

### بەرەی تورکمانی داوای ئازادکردنیان دەکات

# 13 چەکداری بەرەی تورکمانی بەتۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەستی خۆپیشاندەران دەدرێنە دادگە

**ڕووداو- کەرکووک**

بەتۆمەتی کوشتنی ئەنقەست لەخۆپێشاندانەکەی 2008/7/28ی کەرکووکدا، 10 چەکداری بەرەی تورکمانی بەمادەی 406 لەیاسای سزاکانی عێراق دەستگیرکراون و فەرمانی گرتن بۆ 3 کەسی دیکەش دەرچووە کە خۆیان بەدەستەوە نەداوە، تەواوی گیراوەکانیش لەبەردەم دادوەردا دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی تورکمانی عێراق ڕایگەیاند کە تا گیراوەکانیان ئازاد نەکرێن "هیچ دیدارو دانوستانێک" ناکەن.

عەقید یادگار شوکر، ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا سکاڵای 59 بریندار و وتەی 7 کەسمان لەوانە پەسەند کردووە کە بەچاوی خۆیان بینیویانە بە گوللە لەبارەگای بەرەی تورکمانییەوە تەقەیان لێکراوە".

عەقید یادگار، ڕاشیگەیاند دادوەری لێکۆڵینەوە وتەی تۆمەتبارەکانی پەسەند کردووە کە لەشوێنی ڕووداوەکەدا گیراون و ژمارەیان 10 کەسە.

ئەو بەرپرسە ئەمنییە، ئاماژەی بەوەشدا کە دادوەر قاسم عەززاوی بڕیاری گرتنی بۆ سێ کەسی دیکە دەرکردووە بەناوەکانی "بەسام" کەناوی باوکی نەزانراوە، محەمەد تاهیر، موقەدەم عیماد عەبدولڕەحمان کە بەپێی هەموو سەرچاوەکان ئەو فەرمانی تەقەکردنی لە خۆپیشاندەران داوەتە پاسەوانەکان.

هەروەها گوتی "لیژنەی لێکۆڵینەوە داوای لە بەرەی تورکمانی کردووە لیستی ئەو پاسەوانانەی پێبدات کە ڕۆژی ڕووداوەکە لە واجبدا بوونە، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداوەتەوە".

لەبارەی ئەوەی کە ئەو 10 کەسە بەپێی چ مادەیەک دەستگیرکراون، عەقید یادگار گوتی "بەپێی مادەی 406 لەیاسای سزادانی عێراقی گیراون و ئەو کەسانەش دانپێدانانیان هەیە لەلای دادوەرو شاهیدیش هەیە کە بینیویەتی تەقەیان کردووە".

مادەی 406 لەیاسای سزادانی عێراقی تایبەتە بە کوشتنی ئەنقەست و سزاکەشی لەسێدارەدان یان زیندانی هەتا هەتاییە.

لەلایەکی دیکەوە جەمال شان سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی تورکمانی کە حیزبەکەی ئەندامی بەرەی تورکمانییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە هۆکاری بەشدارینەکردنیان لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژی 2008/8/8ی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چین و توێژو پێکهاتەکانی کەرکووک، ئەو گیراوانە بووەو گوتی "ئێمە وەک تورکمان بڕیارماندا نە دیدار بکەین و نە دانوستان بکەین تا گیراوە تورکمانەکان ئازاد نەکرێن".



### ئاسایشی سلێمانی:

# بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان لە 7 مانگی ڕابردوودا زیاتربووە

**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی لەماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا دەستی بەسەر 25 کیلۆی مادده بێهۆشکەرەکاندا گرتووە، لەوبارەوە سەرچاوەیەک لەئاسایشی سلێمانی ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد، کە هیچ ساڵێک بەقەدەر ئەوحەوت مانگە ماددەی بێهۆشکەر دەستی بەسەردا نەگیراوەو بازرگانی کردن بەمادده بێهۆشکەرەکانەوە هێندەی ئێستا زۆر نەبووە.

عەمید جەلال ئەمین لێپرسراوی هۆبەی نەهێشتنی مادده بێهۆشکەرەکان لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوانەی لەسەر بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان لە حەوت مانگی ڕابردوودا دەستگیرکراون بەزۆری عەرەب و کوردن، بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی " تائێستا هیچ بەرپرسێک لە بازرگانی تلیاک نەگلاوەو تائێستا مافیای چەکداری بازرگانی تلیاک لەکوردستان نییە، وەک ئەوەی لە وڵاتان هەیە ".

سەرەڕای دڵنیاییەکانی ئاسایش بۆ نەبوونی مافیای بازرگانیکردن بە تلیاک لە کوردستان، دڵنیایی دەزگا تایبەتەکان سەبارەت نەبوونی ئاڵودەبووانی مادە بێهۆشکەرەکان، لە هەمانکاتدا دراوسێتی باشووری کوردستان لەگەڵ ئێران کە دیاردەی ئاڵودەبوون و بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان تێدا زۆرە، بەتایبەتیش کە ئێران دراوسێی ئەفغانستانی شوێنی چاندنی مادە بێهۆشکەرەکانە و جیهان ئێران بە وڵاتێکی بڵاوکەرەوەی مادە بێهۆشکەرەکان دادەنێ.

لە هەمانکاتدا عەمید جەلال، باسی پەرەسەندنێکی مەترسیداری مادە بێهۆشکەرەکان کرد بۆسەرباشووری کوردستان و گوتی لەهەموو خاڵە سنورییەکانەوە هەوڵی هێنانە ناوەوەی مادده بێهۆشکەر دراوە .هەروەها گوتی" ڕێژەی بازرگانیکردن بەتلیاکەوە بەردەوام هەڵدەکشێت و لەماوەی ئەو حەوت مانگەی ڕابردووی ئەمساڵدا، ئەوەی دەستی بەسەردا گیراوە لەهەمووساڵەکانی ڕابردوو زیاترە" .

وەک لێپرسراوی هۆبەی نەهێشتنی مادده بێهۆشکەرەکانیش ڕوونتیکردەوە" ئەوتلیاکەی دەگیرێت، لیژنەیەک لەناوی دەبات کە نوێنەری دادگاو تەندروستیو ئاسایشی تێدایەو لەکورەدا دەسوتێندرێ " .

هەر لە چوارچێوەی دەستگیرکردنی بازرگانانی مادەبێهۆشکەرەکاندا، ئاسایشی سلێمانی ڕایگەیاند کە (خالید مەحمود حەمەحسێن1979- پێنجوێن) کە پۆلیس بوو لە سلێمانی و لە 2008/2/7 لەلایەن ئاسایشەوە بەبڕێک تریاکەوە دەستگیرکرابوو، ڕۆژی 2008/8/4 لەلایەن دادگای تاوانەکانی سلێمانییەوە بە سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایی حوکومدرا.




### وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:

# پێشبینی دەکەم یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە کۆتایی ئەو مانگە تەواوبێت

**تایبەت بە ڕووداو**

لە کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە بەغدا بڕیاری یەکگرتنەوەی هەرسێ وەزارەتی دارایی و ناوخۆو پێشمەرگەو هەردوو دەزگای ئاسایش درا، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگەش ڕایگەیاند" لەم هەفتەیەوە پرۆسەی یەکگرتنەوە لە وەزارەتی پێشمەرگەوە دەستپێدەکات".

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند " لە کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی لەبەغداو بەئامادەبوونی سەرۆک تاڵەبانی و بارزانی بڕیاردرا هەرسێ وەزارەتی پێشمەرگەو دارایی و ناوخۆو هەردوو دەزگای ئاسایش لە زووترین کاتدا یەکبگرنەوەو لەم هەفتەیەشەوە پرۆسەی یەکگرتنەوەکە لەوەزارەتی پێشمەرگەوە دەستپێدەکات".

هاوکات لەگەڵ توندبوونی پێوەندی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای دیالا و ئاڵۆزتربوونی کێشەی کەرکووک و زیاتربوونی کێشەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدا لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە لەلایەن سەرۆک کۆمار و جێگرە شیعەکەی و سەرۆکایەتی و گەلی کوردستان ڕەتکرایەوە، هەفتەی ڕابردوو بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانی فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کۆسرەت ڕەسول جێگری فەرماندەی گشتی، فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە کۆبووەو لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە درا، لەکۆبوونەوەی لوتکەیی پارتی و یەکێتیش لە بەغدا جەختی لەسەرکرایەوە.

شێخ جەعفەرپێشبینی ئەوەیکرد "کارەکانی یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە تاکۆتای ئەم مانگە تەواو ببێت".

# فەرهەنگخانەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە سلێمانی بەرەو داخرانن

**ڕووداو-سلێمانی**

بەهۆی نەبوونی بودجە بۆ کارو کرێی خانوو، لەکۆی 6 فەرهەنگخانەی ناوشاری سلێمانی و دەوروبەری سیانیان داخراون و سێیەکەی دیکەش کاروچالاکییان وەستاوە. بۆ هۆکارەکانیش باس لە هۆکاری سیاسی و دارایی دەکرێ.

ئاراس وەلی، لێپرسراوی فەرهەنگخانەکانی سلێمانی و گەرمیان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕاگەیاند "فەرهەنگخانەکانی سلێمانی و سەیدسادق و خانەقین بەهۆی قەرزداری و نەبوونی کرێی خانووەوە داخراون و لەچەمچەماڵیش فەرهەنگخانە براوەتە نێو بینای کتێبخانەی گشتی شارەکەوەو ئەوانەی ماویشن لەبەر نەبوونی بودجە کار و چالاکییان وەستاوە".

32 فەرهەنگخانە لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوان دامەزراون کە 19یان کاران. هەرچەندە بەپێی سیستەمی فەرهەنگخانەکان ستافی هەریەک لەو فەرهەنگخانانە خۆبەخشانە کاردەکەن و، لەمدواییانەدا بەهۆی نەبوونی بودجە وردە وردە لە شار و شارۆچکەکاندا یەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی بەرەو داخران دەچن. سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێ گوتی بەهۆی ناڕەزایەتی یەکێتی لەو فەرهەنگخانانە دۆخەکەیان لەسلێمانی خراپە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی بە ئاشکرا ئەوەی پشت ڕاستنەکردووەتەوە.

ئاسۆس کەمال، بەرپرسی فێرکاری لەوەزارەتی وەرزش ولاوان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان داوای بودجەی شەش مانگیڕابردوویئەمساڵیفەرهەنگخانەکانیان کردووە "بەڵامئەنجوومەنیوەزیرانڕەزامەندی نەداوە و لەهەوڵی ڕێگا چارەیەکداین بۆ ئەو فەرهەنگخانانەی ماون".

# میرێکی ئیزدیان داوای مافی مانەوە لە ئەڵمانیا دەکات

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

میرکامەران خەیری بەگ کە یەکێکە لە میرە دیارەکانی ئێزدیان و لە خولی پێشوو ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوو لە سەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان،زیاتر لە دوو مانگە داوای مافی مانەوەی لە دەوڵەتی ئەڵمانیا کردووە.

لەو بارەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەڵمانیا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "میر کامەران زیاتر لە دوو مانگە هاتووەتە ئەڵمانیا و لەشاری هانۆڤەر چاوەڕێی وەڵامی حکومەتی ئەڵمانیا دەکات".

میر کامەران کە لە دوای ڕاپەڕینەوە ماڵی لە دهۆکە، لەکاتی هێرشی حکومەتی عێراق بە هاوکاری هەندێ چەکداری ئێزدی بۆ سەر دەڤەرە ئازادەکانی ئێزدیان، میر کامەران بەرگری کرد، بەڵام بەپێی سەرچاوەیەک لەو ماوەیەدا هەستیدەکرد پشتگوێخراوە بۆیە ڕوویکردە ئەڵمانیا، بەڵام سەرچاوە سیاسییە کوردی لە ئەڵمانیا گوتی " میر کامەران دەیویست لە زانکۆیەکی ئەڵمانیا بخوێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو خواستە بۆ جێبەجێنەبوو، ئێستا دەیەوێت مافی مانەوە وەربگرێت و بگەڕێتەوە کوردستان".

ئەڵمانیا زیاتر لە هاووڵاتیانی دیکەی کوردستان و عێراق ئاسانکاری دەنوێنێ بۆ دانی مافی پەنابەری بە پەناخوازان و بەپێی ئامارێک لە (2006) ئەڵمانیا مافی پەنابەری بە (2006) داوە.

# باس دەیەوێت بازێک بە ڕووداو بدات

**لەنجە عەبدوڵڵا**

**ڕووداو-هەولێر**

ڕۆژی 2008/8/7 جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (داخ)ی هۆڵەندی لەلایەن ستافی (ڕووداو) میوانداری کرا بۆ سازکردنی هەفتەیەکی پڕ لەگفتوگۆی ڕۆژنامەوانی و سوود وەرگرتن لەئەزموونی ڕۆژنامەوانی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوروپاییە، تاوەکو سەرجەم خوێنەرانی (ڕووداو) خۆیان لەو ڕۆژنامەیەدا بدۆزنەوەو بەتایبەتی گەنجان .

باس دیڤریس تەمەن 43 ساڵ، لە ڕۆژی سێشەممەوە یەک هەفتەی ڕۆژنامەی (ڕووداو) بۆ مەشقپێکردن و ڕاهێنانی ستافەکەی لەڕووی کاری ئیداری و ڕۆژنامەوانی، جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی تیراژ 400000 دانەی نزیک لە گەنجانە و بە خۆڕایی لە هۆڵەندا لەسەرجەم شوێنە گشتییەکاندا بڵاودەکرێتەوە .باس خوازیارە ئەزموونی خۆیان بگەیێنێتە (ڕووداو).

باس، لەلایەن سەنتەری میدیای سەربەخۆی نێودەوڵەتی بانگهێشتکرا. ئەو سەنتەرە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ڕێکخراوی (پرێس ناو)ی بنکە لە هۆڵەندا پشتیوانی دارایی لێدەکرێ، مەبەستی هاوکارییکردنی ڕۆژنامەنووسانە لەبواری کاری ڕۆژنامەوانی مۆدێرن و پرۆفیشناڵ و دەستگیرۆیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراقە . هەر ئەو هەفتەیەی کە خولی (ڕووداو) کرایەوە ئەو سەنتەرە خولێکی بۆ دوو گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بەغدا لە هەولێر کردەوە بۆ پێشخستنی ئاستی ڕۆژنامەکانیان جگە لەوەی سەنتەرەکە ماوەیەکە چەند خولێکی دیکەی لە هەولێر کردوونەتەوە کە تا ئێستا بەردەوامن . باس دەڵێت "سەنتەری میدیا لەسەرانسەری عێراقدا کاردەکات بۆ هاوکاریکردنی ڕۆژنامەنووسان و کاراکردنیان لە بواری کاری ڕۆژنامەوانیدا و بارەگاکەیان لە شاری سلێمانییەو لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکی ئافرەتی هۆڵەندی بەناوی یودت نورینگ پارەی بۆ کۆکراوەتەوە".

باس، پزیشک نییە، بەڵام لەماوەی هەفتەیەکدا توانی هەموو ئەو گرفت و بەربەستانە دەستنیشان بکات کە ڕەنگە بەچارەسەرکردنیان لە ئاییندەیەکی نزیکدا هەفتەنامەی (ڕووداو) پێشکەوتنێکی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت.

ئاکۆ محەممەد، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕووداو) لە سەردانەکەیدا بۆ ئەوروپا،کۆتایی مانگی ڕابردوو لە هۆڵەندا وێڕای سەردانی چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە، لەگەڵ (ویلکۆ دیۆنگە)ی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (پرێس ناو) کۆبووەوە و هەر لە بارەگای ڕێکخراوەکە لەگەڵ باس باسیان لە کارنامەی ئەو خولە کرد و، پێشتریش نورەدین سەعید وەیسی سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی (ڕووداو) و ئاکۆ محەممەد لەگەڵ یودیت لەسەر ئەنجامدانی خولەکە ڕێککەوتبوون.

سەبارەت بە ئاستی وەرگرتنی زانیارییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەکاتی مەشقپێکردنی ستافەکەو چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕەنگە لە ئاییندەدا ڕووبدەن، باس گوتی "زۆر زەحمەتە ئاراستەی بیرکردنەوەیەک بگۆڕیت کە تەمەنێکی هەیە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی کوردی زۆر جەخت لەسەر هەواڵی سیاسی دەکاتەوە، بەڵام دەکرێت باسکردنی ئەم هەواڵانە بەشێوەیەک بێت کە گەنجان خۆیان تێیدا بدۆزنەوە".

باس، ئیرەیی بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەبات، کە لەناوچەیەکدا دەژین سەرجەم شەقام و کۆڵانەکانی لێوان لێون لە هەواڵی جیاواز و دواتر ڕەنگنەدانەوەی هەمەجۆری ئەم هەواڵانە لە ڕۆژنامەی کوریدا، گەڕاندەوە بۆ کەمی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسان لە پیشەکەیاندا. باس گوتیشی "پێویستە ڕۆژنامەنووس کە زانکۆ تەواو دەکات نیوەی ئەو ساڵە چەند خولێکی تیۆری ببینێت و پاشان بەشێوەیەکی پراکتیکی کاری لەسەر بکات، ئەگەر ئەوەش بکرێت بنچینەیەکی باشی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان دروست دەبێت".

باس خۆشحالی خۆی دەربڕی کە هەفتەیەک لە کوردستان بوو و سەبارەت بە خولەکەیشی بۆ (ڕووداو) گوتی" بەڕاستی دوای ئەو هەفتەیە گەیشتمە ئەو بڕوایە کە دواڕۆژێکی گەش چاوەڕێی (ڕووداو) دەکات، چونکە بنچینەیەکی ڕۆژنامەوانی هەیە و ستافەکەی زۆر پەرۆشی گۆڕان و باشتربوونە".



باس قسە بۆ ستافی (ڕووداو) دەکات

# کێمیا کارەبێ هەرەشێ ل ساخلەمیا دەڤەرا ئامێدیێ دکەت

**عەبدولا نهێلی**

**ڕووداو-ئامێدیێ**

ب شەڤ و ڕۆژ ژ موەلیدا و کارەبا گشتی تنێ 6 دەمژمێرا کارەب دگەهیتە وەلاتیێن دەڤەرا ئامێدیێ، ڤێ چەندێژی د وێ گەرما هاڤینێدا خەلک گەلەک بێزار کریە و هێدی هێدی نەخوشیێن ب ئەگەرا گەرمێ سەرهەلدایە.

نازدار عەلی، ئاکنجیا ناحیا دێرەلوکا سەر ب قەزا ئامێدیێ ل سەر ڤێ چەندێ ئاخڤی و گۆت "ژبەر کێمیا کارەبێ ڕەوشا مە گەلەک تێکچۆیە وپشتی سیستەمێ کارەبا مە کریە ئەمپێر ئەم بتنێ یێ ب هیڤیا کارەبا گشتی کو ل دەمێر 7 ئێڤاری هەتا ئێکێ شەڤێ هەیە، لەوڕا زاڕۆکێن مە گەلەک نەخۆش دبن ب ئەگەرا گەرما هاڤینێ ". نازدارێ گلەیی ل بەرپرسێن دەڤەرێ کر و گۆت" هندەک بەرپرسا موەلیدێن کارەبێ بتنێ بۆ خۆ کرینە و خەلکێ هەژار ژی مانە دناڤ گەرمێدا ".

دکتۆر فەوزی تۆفیق، ڕێڤەبەرێ فەرمانگەها ساخلەمیا ئامێدیێ ل دۆر کارتێکرنا نەبوونا کارەبێ ل سەر ڕەوشا ساخلەمیێ بۆ (ڕووداو) گۆت "وەکو ڕێژەکا زۆر هێشتا نەخۆشی بەلاڤ نەبووینە،لێ هەر نۆکە دێ کارتێکرنا خۆ کەت و ب تایبەتی پشتی ماوەیەکێ دی ئەگەر بڤی ڕەنگی بیت و ب ڕۆژێ خرێ کارەب نەبیت دێ نەخوشیێن زکچۆنێ و کۆلێرایێ و نەخۆشیا تیشکا ڕۆژێ زێدەبن".

ژلایەکێ دیڤە لەزگین ئامێدی،ڕێڤەبەرێ کارەبا قەزا ئامێدیێ، گۆت ئەو کارەبا ئەڤ ساڵ بۆ وان ل دهۆکێ دهێت زۆر کێمترە ژ ساڵێن بۆری " چونکی هەر ل بنەڕەتدا کارەبا کێم بۆ دهۆکێ تێت ل تورکیا".

هەروەسا گۆت هندەک کەسان داخازکریە موەلیدان ل دەڤەرێ دانین "مەش پێخۆشە و دێ هاریکاریا وان کەین لدیف وی بەرنامێ لیژنا موەلیدان ل دهوکێ هەی".

# ڕیپۆرتاژ



## باشبوگ: کوردستان و کەرکووک گەورەترین هەڕەشەن

ڕووداو- ئاژانسەکان

◆ شورای باڵندی سەربازی لەتورکیا بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کۆتایی بەکۆبوونەوەکانی هێنا، لەلای خۆشیەوە عەبدوڵڵا گول بڕیارەکانی کۆبوونەوەی شورای ئیمزا کرد. ئەو کۆبوونەوەیە هەموو ساڵێک ئەنجامدەدرێ و لەکۆبوونەوەی ئەمساڵدا خاڵی هەرە گرنگ خانەنشینکردنی سەرۆکی ئەرکانی سوپا یەشار بیوک کانت و جێگرتنەوەی فەرماندەی هێزی زەمینی ئیلکەر باشبوغ بوو. ناوبراو لە 2008/9/1 دەستبەکار دەبێت. ساڵی ڕابردوو باشبوگ کوردستان و کەرکووکی بەگەورەترین هەڕەشە بۆ سەر تورکیا دانا.

### بەرەی تورکمانی دانیشتنی لەگەڵ کورد بە ئازادکردنی گیراوەکانیەوە دەبەستێتەوە

# ئایا سەردانی بارزانی بۆ کەرکووک لاپەڕەیەکی نوێ لە نێو پێکهاتەکانیدا دەکاتەوە

**ڕووداو- کەرکووک**

سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی تورکمانی عێراق، هۆکاری ئامادەنەبوونی خۆیانی لە کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک ولایەنە سیاسییەکانی ئەو شارە، بۆ دەستگیرکردنی ئەو پاسەوانە تورکمانانە گەڕاندەوە کە پاش تەقینەوەکەی ڕۆژی 7/28 تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردبوو. گوتیشی "تا ئەوانە ئازاد نەکرێن نە دیدار و نە دانوستان دەکەین".

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو 2008/8/8 مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمین جار لەوەتەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، سەردانی شاری کەرکووکی کردو لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای ئەو شارەو نوێنەرانی چەند لایەنێکی سیاسی دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

ئەو سەردانە لەکاتێکدا هات کە هێشتا مشتومڕی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەهۆی ماددەی 24ی یاساکاوە کە تایبەتە بە کەرکووک، کۆتایی نەهاتووە. سەردانەکە هەروەها پاش ئەو ڕووداوە خوێناوییە هات کە ڕۆژی 2008/7/28 بەهۆی تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەنێو خۆپیشاندەران و پاشان تەقەکردنی کوێرانەی پاسەوانانی چەند بارەگایەکی بەرەی تورکمانی لە خۆپیشاندەران ڕوویداو 26 قوربانیی لێکەوتەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاش چەندین دیدارو کۆبوونەوە لەپرێس کۆنفرانسێکدا باسی لە ئامانجەکانی ئەو سەردانە کردو ئاماژەی بەوەش کرد کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کەرکووک بە بەرەی تورکمانیشەوە بۆ ئەو دانیشتنانە بانگهێشت کرابوون، لەوبارەوە گوتی "ئێمە داوەتمان ئاراستەی هەموو لایەک کردبوو بە بەرەی تورکمانی و ئەنجومەنی عەشایەری عەرەبیشەوە، بەڵام ئەوان نەهاتن". گوتیشی "هەرکاتێک داوەتی ئێمە قبووڵ بکەن ئامادەین لەگەڵیان دابنیشین و هەمیشە دەرگامان کراوەیە".

جەمال شان سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی تورکمانی عێراق کە یەکێکە لەلایەنەکانی نێو بەرەی تورکمانی ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەو چ وەک خۆی چ وەک حیزب داوەتنامەی پێگەیشتبێت و گوتی "یەکەم هیچ بانگهێشتێک ئاراستەی من و حیزبی ئێمە نەکراوە بۆ بەشداربوون. دووەم شت بارودۆخەکە بەهیچ شێوەیەک یاریدەدەر نەبوو بۆ ئەم سەردانە گەورەیە، چونکە دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییە هێشتا بارودۆخەکە ئارام نەبووەتەوەو دەبوایە سەردانەکە پاش ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بوایە. جگە لەوەش ئێمە وەک تورکمان بڕیارماندا نە دیدار بکەین و نە دانوستان بکەین تا گیراوە تورکمانەکان ئازاد نەکرێن".

جەمال شان لەگرنگیی ئەو سەردانەی کەمکردەوەو ڕایگەیاند "ئەو سەردانە بۆ تورکمان هیچ گرنگییەکی نەبوو، ڕەنگە تەنیا بۆ کورد گرنگ بووبێت".

بەتۆمەتی تەقەکردنی ئەنقەست لە خۆپیشاندەران کە ڕۆژی 28ی تەمووزی ڕابردوو ڕوویدا، 13 چەکداری سەر بە بەرەی تورکمانی بەماددەی 406ی یاسای سزاکانی عێراق تۆمەتبار کراون کە هێشتا سێ لەو چەکدارانە دەستگیر نەکراون.

لەلایەکی دیکەوە ڕاکان سەعید جێگری پارێزگاری کەرکووک لەسەر لیستی عەرەبی ئامادەنەبوونی عەرەب و تورکمانەکانی وەک "پەیامێکی ناڕەزایی" وەسفکرد دژی "سیاسەتی پەراوێزخستن کە لەشاری کەرکووکدا بەرامبەر عەرەب و تورکمان پیادە دەکرێت".

ڕاکان سەعید سەردانەکەی وەک "خۆنمایشکردنێک" ناوبرد کە هیچ چارەسەرێکی پێشکەش نەکردووە.

تەحسین کەهیە جێگری سەرۆکی حیزبی ئیسلامی تورکمانیی عێراق و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دانی بەوەدا نا کە هەردوو کوتلەی عەرەبی و تورکمانی نێو ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئەو دانیشتنانە داوەتکرابوون، بەڵام پاش گفتوگۆیەکی نێوانیان بڕیاریاندا ئامادەنەبن. کەهیە هەروەها گوتی "ئێمە پێشتر هەڵوێستی خۆمان لەمەسەلەی کەرکووک ڕاگەیاندووەو گوتوومانە ئێمە لەگەڵ دانانی یاسایەکی تایبەتین بۆ کەرکووک و پێویستە ئیدارەیەکی هاوبەشی هەبێت، ئەم پێشنیازانە پێشتر قسەو گفتوگۆیان لەسەر کراوەو سەردانەکەش کتوپڕو بێ پێشینە بوو، بۆیە ئەم بابەتە کە گفتوگۆ کرا هەردوولا پێیان باش بوو ئەو چاوپێکەوتنە بۆ کاتێکی دیکە دوابخرێ، بەڵکە بتوانین لەم ماوەیەدا بگەینە چارەسەرێکی تەوافوقی و مامناوەندی بۆ مەسەلەی کەرکووک".

تەحسین کەهیە ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو سەردانە زۆر لەکاتی خۆی دواکەوت و کاتێک هات کە وەک ئەو گوتی "کێشەی کەرکووک قووڵ بووەوە" هەروەها گوتی "من پێشتریش گوتوومە تەنانەت حکومەتی فیدراڵیش کێشەی کەرکووکی بەجدی وەرنەگرت، بەڵام دوای ئەوەی قووڵ بووەوەو ڕەگوڕیشەی داکوتا، ئێستا بووەتە کێشەیەکی ئاڵۆزو تەنانەت بووەتە بەربەست لەبەردەم دەرچوونی هەندێ یاسا کە بۆ وڵات گرنگن، بۆیە ئێستا هەموو لایەک هەست بەو مەترسییە دەکەن کە لە کەرکووکدا خۆی مەڵاس داوە".

سەردانەکەی بارزانی بۆ کەرکووک لەسەر ئاستی جەماوەریش کە تا ڕاددەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی گوتاری لایەنە سیاسییەکاندان، سەداو دەنگدانەوەی جۆراوجۆری هەبوو، یەحیا ئەحمەد کە تورکمانێکی خەڵکی کەرکووکە پێیوایە سەردانەکە لەکاتێکدا بوو کە هێشتا گرژی و ئاڵۆزیی بەشارەکەوە دیارە، دەشڵێت "سەردانەکە بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی سەرکردایەتی کورد بوو لەنێو کوردی کەرکووک، چونکە هەست دەکەن کوردی ئێرە متمانەیان بە سەرکردایەتی خۆیان نەماوە بەتایبەتی کە تائێستا نەیانتوانیوە دەربارەی چارەنووسی شارەکە بگەنە ئەو چارەسەرەی ئەوان دەیانەوێت".

بەڵام فەوزیە ساڵح دانیشتووی کەرکووک ڕایەکی پێچەوانەی هەیەو دەڵێت "سەردانەکەی کاک مەسعود هێنانی پەیامی ئاشتی و برایەتی بوو بۆ کەرکووک و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوان پێکهاتەکانیدا، ئەمەش خاڵی بەهێزیی سەرکردایەتی کورد پێشان دەدات کە بە چاوپۆشی لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەو ئەو دەستدرێژییەی کرایە سەر کورد، داوای پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەکەن". هەروەها گوتی "کەرکووک پێویستی بە سەردانی لەم شێوەیەی سەرکردەکانی کورد هەیەو دەبێت چەندبارە بکرێتەوە".

هەر لەوبارەوە شاهین عەبدوڵڵا کە عەرەبێکی دانیشتووی کەرکووکە پێیوایە سەردانەکەی بارزانی دەستپێشخەرییەکی باش بوو بەتایبەتی پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییە، گوتیشی "بەو پەیامی ئاشتییەی کەهێنای هیوادارم کوشتارو ململانێ لەم شارەدا کۆتایی بێت، بەتایبەتیش کە سەردانەکە ڕێکەوتی ڕۆژێکی مێژوویی کرد کە ساڵڕۆژی ڕاگرتنی شەڕبوو لەنێوان عێراق و ئێران". گوتیشی "هیوادارم کەرکووک شارێکی عێراقی و شاری هەمووان بێت وەک بارزانی لە سەردانەکەیدا جەختی لەسەر کردەوە".




لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ەوە

# هەولێر 2 ملیار دینار قەرزاری کارەبایە

## بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر "ئەوەی لەم هەفتەیە کرێی کارەبا نەدات، کارەباکەی دەبڕین"

**ساڵح قادر**
**ڕووداو-هەولێر**

بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر ڕایگەیاند "بەهۆی ئەوەی هاوبەشانی کارەبا پابەند نین بە دانی کرێی کارەبا لەکاتی خۆیدا، بڕیارمانداوە لەو هەفتەیە ئەوەی کرێی کارەبا نەدات، کارەباکەی ببڕین".

کرێی کارەبا، کە بەپێی قسەی حوسێن حەمەدی،بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبا "نرخێکی زۆر ڕەمزییە"، بۆ هەر یەکەیەک کە پێوانەکەی کلیۆوات/کاتژمێرە، تەنیا 8 دینار لەسەر هاووڵاتییان حیساب کراوە، لەکاتێکدا حوسێن حەمەد دەڵێت "نرخی هەر یەکەیەکی ئەو کارەبایەی لەوێستگەی غازی کارەبای هەولێر بەرهەم دێت، 200 دینار لەسەر حکومەت دەوەستێت".

هاوبەشانی کارەبا گلەیی لەکەمی کارەبا و ئەو بڕە پارەیە دەکەن کە لەبەرامبەر چەند کاتژمێرێک کارەبا لەڕۆژێکدا مانگانە بۆیان دێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر دەڵێت "ئەوەی پارەی زۆر بۆ دێتەوە، قەرزی کۆنە لەسەری ماوەتەوە".

هەروەک حوسێن حەمەد ئاماژەی پێدا، تاوەکو ئێستا سیستمێکی ڕێکوپێک نەبووە، تاوەکو کرێی کارەبای پێ وەربگرن، کە بەڕای ئەو، ئەو کرێیە دوو ئامانج دەپێکێت، ئەویش "دەتوانین کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی کارەبا بکەین، هەروەها کۆکردنەوەی داهات بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی کارەبا".

ئەگەر هەر ماڵێک 10 ئەمپێر کارەبای هەبێت و لەڕۆژێکیشدا 8 کاتژمێر کارەبا بەکاربهێنێت، ئەوانە بەتێکڕایی مانگانە 423 یەکەی کارەبا خەرجدەکات، واتە لەمانگێکدا تەنیا 3384 دینار کرێی کارەبا دەدات، بەڵام لەکاتی هاتنەوەی کرێی کارەبا، هاوبەشی وا هەیە کرێیەکی زۆر زۆر کەمی بۆ دێتەوە و هەشیانە کرێی زۆر.



زەیتۆ قادر، کە دانیشتووی گوندی پیرەڕەشە، وەک ئاماژەی پێدا گوندەکەیان لەپێش ڕاپەڕینی 1991 کارەبا بۆ ڕاکێشراوە، ئەو کە تەنیا 4 مانگە خانوویەکی دروستکردووەو تاوەکو ئێستا کارەبا بۆ ڕانەکێشاوە گوتی "خانووەکەم تەنیا ژمارەی هەیەو کارەبا نییە، بەڵام 38 هەزار دینار کرێی کارەبام بۆ هاتووەتەوە".

لەکوردستاندا تاوەکو ئێستا پشت بەپێوەری ماڵان دەبەسترێت بۆ کۆنترۆڵکردن و دیاریکردنی بڕی کارەبای بەکارهاتوو، بەپێی قسەی حوسێن حەمەد، ئەوان لەکاتی دانانی نرخی کارەبا بۆ هاوبەشان پشت بەو پێوەرەی ماڵان دەبەستن.

سەبارەت بەدانانی کرێی کارەبا بۆ ئەو ماڵانەی پێوەری کارەبایان نییە، یاخود پێوەرەکەیان لەکار کەوتووە، حوسێن حەمەد گوتی "ئەوانەی پێوەریان نییە، مانگانە بەشێوەیەکی بڕاوە پارەکەیان بۆ دیاریکراوە، بۆ ناو شاری هەولێر 7 هەزار دینار دانراوە، بۆ دەوروبەریش 5 هەزار دینار".

بەرێوبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر ڕەتیکردەوە کە ژمێرکارانی بەڕێوەبەرایەتی بەئارەزووی خۆیان پارەی کارەبا دابنێن بەبێ ئەوەی سەیری پێوەری کارەبای ماڵان بکەن و گوتی "ئەوانەی پێوەریان نییە زەرەر دەکەن و پارەی کارەبایان زۆرتر بۆ دێتەوە، ئەوانەشی کە دەڵێن پارەی کارەبامان زیاتر بۆ هاتووەتەوە، قەرزی پێشوویان لەسەر ماوەتەوە".

ناوبراو گلەیی لەهاووڵاتییان کرد کە پابەند نین، بەدانی کرێی کارەبا لەکاتی خۆیدا، هەروەک گوتی "تەنیا لەسنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە لەشارۆچکەی قوشتەپە تاوەکو ناحیەی هەریرە هاوبەشان 2 ملیارو 373 ملیۆن و 915 هەزار دینار قەرزاری کارەبان".

سەبارەت بەئیجرائات کردن بەرامبەر ئەوانەی پارەی کارەبا نادەن، ئەندازیار حوسێن حەمەد گوتی "تاوەکو ئێستا ئیجرائات تەنیا بەرامبەر هاوبەشانی کشتوکاڵی و پیشەسازی کراوە، بەرامبەر هاووڵاتییان هیچ ئیجرائاتێک نەکراوە، بەڵام ئێستا تیمی تایبەتیمان ئامادە کردووە، لەهەفتەی داهاتوو ئەوەی پارەی کارەبا نەدات، کارەباکەی دەبڕین".

گوتیشی "هەر هاووڵاتییەک کارەباکەی ببڕدرێت، دەبێت پارەی بەستانەوەی کارەبا بداتە تیمەکانمان، ئەگەر دووبارەشی بکاتەوە، بەپێی یاسا دادگایی دەکرێت و سزا دەدرێت".

ئێستا لە سێ سەرچاوەوە کارەبا بۆ شاری هەولێر دابین دەکرێت کە بریتین لەوێستگەی غازی هەولێر، تۆڕی کارەبای نیشتمانی، هەردوو وێستگەی دووکان و دەربەندیخان، کە ئەوەی دواییینیان لەمانگی داهاتوو بەهۆی کەمبوونی ڕێژەی ئاوی هەردوو بەنداوەکە لەکار دەوەستێندرێن.

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر بەهەرسێ سەرچاوەکە تەنیا 210 مێگاوات کارەبا لەکاتژمێرێکدا بۆ شاری هەولێر دابین دەکەن، لەکاتێکدا هەولێر ڕۆژانە پێویستی بە 500 مێگاوات کارەبا هەیە.

چەند گەڕەکێکی تازە لەشاری هەولێر دروستبوون، بەڵام بەهۆی نەگەیشتنی تۆڕی کارەبا بۆ ئەو گەڕەکانە زۆربەی هاووڵاتیان پەنایان بردووەتە بەر تەچاڵکردنی کارەبا لەتۆڕی نزیک گەڕەکەکانیان.

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر ئێستا 16 گەڕەکی تازەی شاری هەولێرو دەورەبەری تۆڕی کارەبایان بۆ ڕادەکێشرێت، هەروەها 23 گەڕەکی دیکەش دەرخستەیان بۆ کراوەو چاوەڕێی هاتنی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر دەکەن بۆ ئەوەی تەندەریان بۆ بکرێت و دەست بەکارەکانیان بکرێت.



## ڕاپۆرتە هەواڵ

**ماليكى ناتوانێ هێز بنێرێتە کەرکووک**

**ڕووداو-نیوزماتیک**

◆ بڕیاردەری پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند کە حکومەتی عێراق ئەو توانایەی نییە هێز بنێرێتە کەرکووک. محەممەد عەلی بەیاتی بڕیاردەری پەرلەمانی عێراق گوتی " کوردەکان دەیانەوێ کێشەی کەرکووک گەورەتر بکەن، ئەگەر لەداهاتووشدا بارگژی لە کەرکووک زۆر گەورە ببێت، بەڵام بەهۆی بوونی هاوپەیمانیی لە نێوان کورد وپارتە شیعەکان، مالیکی ناتوانێ لە باشووری عێراقەوە بنێرێتە کەرکووک".

# مالیکی دەترسێ لیوا کوردییەکانی سوپای عێراق پشتگیری بڕیاری گەڕانەوەی کەرکووک بۆسەر کوردستان بکەن

**ڕووداو —Gulf News**

سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی لێژنەیەکی بەپەلەی لە ئەنجوومەنی وەزیران پێکهێناوە بۆ ئەوەی بە زووترین کات ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەبارەی کەرکووک وئەگەری سەرهەڵدانی شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەو شارە بۆ ئامادە بکەن .

سەرچاوەیەک لە حیزبی دەعوەی مالیکی بە ڕۆژنامەی Gulf Newی ڕاگەیاند" سەرۆک وەزیران نوری مالیکی زۆر نیگەرانە لە پەرەسەندنی ناکۆکی نێوان کورد وتورکمان وعەرەب " . سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کە مالیکی زۆر نیگەرانە دەربارەی سیناریۆ مەترسیدارەکانی کەرکووکە . بەرلەهەموو شتێکیش مالیکی ترسی ئەوەی هەیە کە هەر توندوتیژیەک لە کەرکوک جا سنووردار بێت یان بەرفراوان ڕێگە خۆشدەکات بۆپاکتاوی نەتەوەیی لەشارەکە .

هەروەها مالیکی زۆر لە لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق دەترسێ بەتایبەتیش ئەگەر لیوا کوردییەکانی سوپای عێراق پشتگیری بڕیاری چوونەپاڵی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەن، ئەوکاتەش یەکەکانی سوپای عێراق لەشارەکانی موسڵ و دیالە وتکریت بێنە وەڵام وبەهانای عەرەب وتورکمانەکانی کەرکووکەوە بچن.

ئێستا دوو لیوای سوپای عێراق و 9هەزار پۆلیس لە کەرکوک هەن کە 90%ی فەرماندەکانیان و70% ی بنکەیان کوردن . تورهان موفتی ئەندامی لیستی تورکمان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دەڵێ" هیچ وەکییەکی ویەکسیانییەک لە هێزی سەربازیدا نییەوکورد هێزێکی زۆر گەورەی لەکەرکووک هەیە ودەتوانن لەچەند کاژێرێکدا کۆنترۆڵی تەواوی کەرکوک بکەن، "بەڵام تورهان ئاماژەی بەوەدا کەبە هۆی فشاری ئیقلیمی ونێودەوڵەتی ئەوە ئەگەرێکی بچووک ولاوازە" بارزانی بەبێ وەرگرتنی گڵۆپی سەوزە لە لایەن ئەمەریکا ناتوانێ ئەوە بکات، بێگومان ئەگەر ئەمەریکاش ئەوە بکات پشتیوانی عەرەبە سونییەکان لە ئەنبارو بەغداو موسڵ وتکریت لەدەست دەدات،ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی ئەو پێشقەچوونەی باری ئاسایشی عێراق کەبەم دواییانە لەلایەن سوپای ئەمەریکا بەدەستهاتووە" .

محەمەد جبوری ئەندامی لیستی عەرەبی ئەنجومەنی پارێزگەی کەرکووک بە (گۆلف نیوز)ی ڕاگەیاند کە دوو لیوای پێشمەرگە کەکوردەکانی کەرکووک دەپارێزن لە سلێمانی و هەولێرەوە هێنراونەتە قەرەهەنجیر و شوان کە 20 کم لە شاری



کەرکوکەوە دوورن .هەروەها 4000 سەربازی ئەمەریکیش لە بنکەی سەربازی حوریە لە کەرکووک نیشتەجێن کە چاودێری ئاسایشی کەرکووک دەکەن.

# زیندانییەکی ئازادکراو تەلەعفەری تەقاندەوە

**تایبەت بە ڕووداو**

ئەشرەف محەممەد، کە لەئەنجامی لێبووردنی گشتیی ئازادکرابوو ئێوارەی ڕۆژی 2008/8/8 لە نێو عەلوەی سەوزە و میوەی تەلەعفەر خۆی تەقاندەوەو بەپێی دوایین ئامار 60 کوژراو و 102 بریندارى لێکەوتەوە .

سەرچاوەیەک لە دەزگای ئاسایشی کوردستان، لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند " بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ئێمە کەوتوون ئەوخۆکوژەی تەقینەوەکەی تەقینەوەکەی تەلەعفەری ئەنجامدا ناوی تەواوی (ئەشرەف محەممەد ئەلیاس فتو) یەو خەڵکی تەلەعفەرە و، لەئەنجامی لێبووردنی گشتیی 2008/4/8 لە زیندانەکانی عێراق ئازادکرابوو" .

تەلەعفەر قەزایەکی سەر بەپارێزگای موسڵە و دەکەوێتە نزیک سنووری سوریا، دانیشتوانەکەی بریتین لە تورکمان و کورد و عەرەب، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە بووەتە مەیدانێکی گەرمی تەقینەوەکان.

عەمید نەجم عەبدوڵلا جبوری، قایمقامی تەلەعفەر لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕەتکردەوە کە هاوکاری خۆکوژەکە دەستگیرکرابێ و گوتی" هەواڵەکەی سوپای عێراق ڕاست نییە"، هەروەها قوربانیانی تەقینەوەکەشی بە زیاتر لەوە دیاریکردن کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باسدەکرێن و ڕایگەیاند " لەئەنجامی تەقینەوەکەدا 60 کەس گیانیان لەدەستدا و 102 هاووڵاتیش بریندار بوون" .

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەو تاوانەی پرۆتستۆکرد و، نەخۆشخانەکانی دهۆکیش دەستیکرد بە وەرگرتن و تیمارکردنی بریندارانی تەقینەوەکە .

# ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق هەیە



ژمارەیەک پێشمەرگە لە کاتی مەشق کردندا (فۆتۆ:AFP)

**ڕووداو- خانەقین**

بەپێی بەرنامەی ئۆپەراسیۆنی پارێزگای دیالە هەموو بارەگا حیزبییەکانی ناوچەکە دەپشکنرێن و لە کاتی پشکنینی بارەگای حیزبە کوردییەکانیشدا هێزی پێشمەرگە وەڵامیان دەداتەوە .

دیاری ئەحمەد، بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" تائێستا هیچ بارەگایەکی حیزبە کوردییەکانیان لەناوچەکەدا نەپشکنیوە"، لە هەمانکاتیشدا گوتی ئەگەر سوپای عێراق " هەر هەڕەشەو دەستدرێژییەک بە بەبیانووی پشکنین بکرێتە سەر بارەگانمان وەڵامی دەدەینەوە" .

لیوای 34ی پێکهاتوو لە هێزی پێشمەرگە، یەکێکە لەو هێزانەی لەپارێزگای دیالەیە، عەمید نازم کەرکووکی فەرماندەی لیواکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین لیوای 34 گەرمیان لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان و سوپای عێراقدا بەشداریی ئۆپەراسیۆنی سەربازی پارێزگای دیالە بکات" .

عەمید نازم، ئەو هەواڵانەی ڕەتکردنەوە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لەپارێزگای دیالە و ناوچەکانی گەرمیان ناردبێ کە هەرکاتێک سوپای عێراق ویستی بارەگا کوردییەکان و هێزی پێشمەرگە بپشکێنێ بەرپەرچیان بدرێتەوەو ڕێگەیان پێنەدرێ، بەڵام لە هەمەنکاتیشدا ئەوەی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند کە"بەپێی بەرنامەی ئۆپەراسیۆنەکە بڕیاربوو هەموو بارەگا حیزبییەکان بپشکندرێت، ئێستا ئۆپەراسیۆنەکە وەستاوە، بەڵام بڕیاری پشکنینەکەش هەڵنەوەشێنراوەتەوە" .

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک لە هێزی زێرەڤانی کوردستان لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " بەپێی ڕێنماییەکانمان هێزی زێرەڤانی لە ئامادەباشیدایە بۆ هەر ئەرکێکی بەپەلە" .

## وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:

# یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە کۆتایی ئەو مانگە تەواو دەبێت

**تایبەت بە ڕووداو**

لە کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە بەغدا بڕیاری یەکگرتنەوەی هەرسێ وەزارەتی دارایی و ناوخۆو پیشمەرگەو هەردوو دەزگای ئاسایش درا، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگەش ڕایگەیاند" لەم هەفتیەوە پرۆسەی یەکگرتنەوە لە وەزارەتی پێشمەرگەوە دەستپێدەکات" .

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند " لە کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی لەبەغداوبەئامادەبوونی سەرۆک تاڵەبانی و بارزانی بڕیاردرا هەرسێ وەزارەتی پێشمەرگەو دارایی و ناوخۆو هەردوو دەزگای ئاسایش لە زووترین کاتدا یەکبگرنەوەو لەم هەفتەیەشەوە پرۆسەی یەکگرتنەوەکە لەوەزارەتی پێشمەرگەوە دەستپێدەکات" .

هاوکات لەگەڵ توندبوونی پێوەندی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای دیالا و ئاڵۆزتربوونی کێشەی کەرکووک و زیاتربوونی کێشەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدا لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە لەلایەن سەرۆک کۆمار و جێگرە شیعەکەی و سەرۆکایەتی و گەلی کوردستان ڕەتکرایەوە، هەفتەی رابردوو بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانی فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کۆسرەت ڕەسول جێگری فەرماندەی گشتی، فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە کۆبووەو لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە درا، لەکۆبوونەوەی لوتکەیی پارتی و یەکێتیش لە بەغدا جەختی لەسەرکرایەوە .شێخ جەعفەر پێشبینی ئەوەیکرد "کارەکانی یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە تاکۆتای ئەم مانگە تەواو ببێت" .

ئەمریکییەکان دەڵێن عێراق پارەی زۆرە و نابێ پارەی ئێمەی بۆ خەرجبکرێ

# ئەمساڵ 79 ملیار دۆلاری زیادە لە داهاتی ئەمساڵی عێراق دەمێنێتەوە

**ڕووداو- بەغدا**

بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت جگە لە بودجەی تەواوکاری، ئەمساڵ 79 ملیار دۆلاریش زیادە دێتە سەر داهاتەکانی عێراق، ئەمریکییەکانیش گلەیی ئەوە دەکەن کە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندەو نابێت لە داهاتی ئەمریکاوە پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی تەرخانبکرێت .

ڕاپۆرتێکی ئۆفیسی ژمێریاری حکومەتی ئەمریکا کە لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا بڵاوکراوەتەوە، جەخت لەسەر ئەوەدەکات بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت 79ملیار دۆلار جگە لە بودجەی عێراق بە تەواکارییەکەشیەوە دێتە سەر داهاتی عێراق.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی ئۆفیسی ژمێریاری بەپێی ئەو ڕاپۆرتە " هەرچەندە لەماوەی نێوان ساڵی 2005تاوەکو کۆتایی 2008 داهاتی عێراق لە فرۆشتنی نەوت 156 ملیار دۆلاربووە، بەڵام حکومەتی عێراق داوادەکات پرۆژەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە جێبەجێبکرێن" .

بەڵام موزهر محەممەد ساڵح، ڕاوێژکاری بانکی ناوەندیی عێراق دەڵێ ئەوەی ئۆفیسی دارایی ئەمریکا باسیدەکات زێدەڕەوییە و ئەو هێندە پارەیە زیادە نامێنێتەوە لە حیسابی عێراقدا . هەروەها گوتیشی " کێشەی جەنگ و داگیرکاری وایکردووە کە هەندێک لەو پرۆژانەی ئەمریکا پارەی بۆ تەرخانکردوون ڕابگیرێن" .

ئەمریکا، حکومەتی ئەمریکا لە 2003/4/9ەوە تائێستا 23،2 ملیار دۆلاری لەبواری ئاسایش، کارەبا، ئاو و نەوتدا بۆ عێراق خەرجکردووە، لەکاتێکدا حکومەتی عێراق 3،9ملیار دۆلاری لەوبوارەدا خەرجکردووەو تەنیا 10%ی داهاتی عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوە خەرجکراوە .

ئەو ڕاپۆرتە کە لەسەر داوای هەردوو ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا کارل لیڤین لە حیزبی دیموکرات و جون وارنەر لە حیزبی کۆماری، ئامادەکراوە ناڕەزایی خۆیان دەربڕی لەوەی کە ئەمریکا پارە بۆ پرۆژکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق خەرجدەکات لە کاتێکدا دەیان ملیار دۆلار بەبێ خەرجکردن لە حیسابی عێراقدا ماونەتەوە .

# دەمامکدارەکان زاخۆییان تاڵان دەکەن

**سامان سندی**

**ڕووداو-زاخۆ**

چەند کەسێکی سەروچاو داپۆشراو دەمامکدار ڕێ لە هاووڵاتیانی شاری زاخۆ دەگرن و، بۆ پارە بە چەقۆ و دەمانچە هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکەن و، تا ئێستا چەند هاووڵاتییەک هاواری خۆیان بردووەتە بەر پۆلیس.

لەو بارەوە بریندار حەمید شەریف، ئەفسەری لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە قەزای زاخۆ لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا چەند هاووڵاتییەکی دانیشتووی شاری زاخۆ ڕوویانکردووەتە بنکەکەمان و داوایان لەسەر ئەو دەمامکدارانە تۆمارکردووە " . زاخۆ کە یەکێکە لە شارە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان، لەلایەن ئەو دەمامکدارانەوە ترسی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بەو دواییە دیاردەی دزیکردنیش تێیدا سەری هەڵداوە و هەفتەی ڕابردوو 6 دز لەو شارەدا دەستگیرکران . ئەو ئەفسەرە هەروەها گوتی " ئەو هاووڵاتیانەی سکاڵایان تۆمارکردووە دەڵێن ئەو دەمامکدارانە بەسەروچاو داپۆشراوی دێنە سەر ڕێگەمان و چەقۆ و دەمانچەمان لێدەردەهێنن و دەمانڕووتێننەوە و هەرکەسێک داواکارییان جێبەجێنەکات هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکەن و ئەوانیش ناچار دەبن داواکەیان جێبەجێبکەن" .

ئەفسەربریندارحەمیدلە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "دوای پەیدابوونی ئەو دیاردەیە پۆلیسی زاخۆ دەستی بە هەڵمەتێکی بە دواداگەڕانی وردی دەستپێکردووە بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە دانیان بە دادگە" .

# د.جەمال نەبەز ئەندامێتی شەرەفی ئەکادیمیای کوردی ڕەتدەکاتەوە

## د.فوئاد حوسێن: من نەمگوتووە جەمال نەبەز شێتە

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

د.جەمال نەبەز لە نامەیەکدا بۆ د.شەفیق قەزازی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بڕیاری ئەو ئەکادێمیایەی بۆ دانی پلەی ئەندامێتی شکۆمەندیی (شەرەف) پێی ڕەتکردەوە .

زمانزانی نێوداری کورد د.جەمال نەبەز لە بەشێکی ئەو نامەیەدا کە ڕۆژی 2008/7/23 نووسراوەو کۆپیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە دەڵێ لەو نامەیەی سەرۆکی ئەکادیمیا کە ڕۆژی 2008/7/5 بۆی ناردووە هاتووە کە ئەکادێمیا لە 2007/12/20 ئەو بڕیارەی داوە " لە بەر ئەوەی، وەک فەرمووتانە (خزمەتی دیار وشایان وبەر چاوم بە کولتووری کورد کردووە)" . د.جەمال نەبەز لەو بارەوە دەڵێ "جارێ دەمەوی لەم ڕووەوە، بە داخەوە بێژم، ئەوەی تا ئێستە کردوومە، بەشێکی یەکجار کەمە لەوەی دەمتوانی ودەکرا بیکەم، ئەگەر ئەو هەموو بەرهەڵست وپاشقوڵلێگرتن وخراپەکارییەنەبوایە کە لە دژم کراوە ودەکرێ، لە لایەن کەسانی خۆبژێن وتەنگەتیکلە وکوڕی ڕۆژ وحیزبپەرست وهیچنەکەر ومشەخۆر وگامەسلەکەوە" .

د.جەمال نەبەز کە کاتی خۆی کە ساڵی ڕابردوو لە وتارێکدا ڕەخنەی لە هەوڵەکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆڕی زانیاری کوردستان گرت، لە نامەکەیدا دەڵێ کاتی خۆیشی ئاگاداری ئەوە نەبووە کە کۆڕی زانیاری ئەویان کردووە بە ئەندامی شکۆمەندیی و بەڵکو پاش چەند ساڵێک لەسەروبەندی هەڵوەشاندنەوەی کۆڕی زانیاریدا ئەوەی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (میدیا)وە زانیوە و سەری لەوە سوڕماوە . هەر لەوبارەوە لە بەشێکی دیکەی نامەکەیدا دەڵێ " بەڵام کە نامەکەی بەڕێزتانم پێگەیشت، زێتر سەرمسووڕما، چۆنکە بەسەندنەوەی ئەندامەتی لە ئەندامەکانی کۆڕی زانیاریی ڕەحمەتی، دیارە ئەو "شەرەف"ە لە منیش سێنداراوەتەوە و، ئەمجا بە دامەزراندنەوەی کۆڕ، بەڵام ئەمجارە بە نێوی ئەکادێمیاوە، وەک فەرمانگەیەکی حکوومەتی هەرێمی سێستان، سەر لە نوێ "باوەخوون" کراومەتەوە و، "شەرەف"ەکەم پێدراوەتەوە . جا تکایە لێم ببوورن، کە ناتوانم ئەو "شەرەف"ە بگرمە بەرخۆم. چۆنکە کە پارتی ویەکێتی، گوێی شەیتان کەڕبێ،لە یەک جیابوونەوە و ئەکادێمیاش بوو بە دووان، ئەو دەمە نازانم لە لایەن کامیانەوە "شەرەفدار" دەبم" .

هەروەها دەڵێ "خۆ ئەگەر خوانەخواستە "درێژدادڕی" شم کرد، ئەوە لەوانەیە هەر بە "فەرمانی مفتی" بمگرن وبمخەنە حەوشی شێتەکان .ئەمەش لە خۆمەوە نایەژم-ها .ئەوەتە، جەنابی دوکتۆر فوئاد حسەین کە قسەکەری سەرۆکایەتیی هەرێمە، بە برای بەڕێز کاکە حەمە میر وەیسی گوتبوو، کاتێک کاکە حەمە پێشنیازی ئەوەی کرد بوو کە سەرپەرشتیی



د.جەمال نەبەز (فۆتۆ:ڕووداو)

زمانی کوردی بدرێتە دەست جەمال نەبەز، جەنابی فەرموو بووی :جەمال نەبەز شێتە و، تۆش دەتەوێ کاری خۆمان بدەینە دەست ئەو شێتە؟ . ئێی! خۆ ئەز لە زانای گەورەی ڕووس ساخارۆف زێترنیم کە لە سەر چەند ڕەخنەیەک لە سیستمی ملهۆڕی سۆڤێیت، بە تەمابوون بیخەنە "حەوشی شێتان"، بەڵام ئەوە بوو، خوا گۆرباچۆڤی نارد بۆ سۆڤێیت وساخارۆڤی ڕزگارکرد. باشە، کێ ئەوسا، بابایەکی وەک من ڕزگار بکات کاکە شەفیق؟" .

لەوبارەوە د.فوئاد حوسێن لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕەتکردەوە کە قسەیەکی وای کردبێ و گوتی " نە وامگوتووەو نە هیچ کەسێکیش بەناوی میر وەیس دەناسم و مەسەلەی زمانی کوردیش زیاتر پەیوەندی بە د.شەفیق قەزازەوە هەیە" .

## کوردستانی



4 ساڵ زیندان بۆ بایەزیدی

ڕووداو-مەهاباد

◆ ڕۆژی 2008/8/9 دادگەی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاری 4 ساڵ زیندانی ودوورخستنەوە بۆ زەنجان بۆ چالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆڤ زەینەب بایەزیدی بڕیەوە. بایەزیدی ماوەیەک لەمەوبەر بەتۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی قەدەغەو چالاکی نواندن لەدژی ئێران لەلایەن سوپای پاسدارانەوە لە شاری مەهاباد دەستگیرکرا.

### حەسەنی شەمسی ئەندامی کومیتەی ناوەندی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە):

# هاوکاری ئەمریکا ناکەین بۆ هێرشکردنە سەر ئێران

**ئەو بەشـــەی کۆمەڵە کە خۆی بە بەشـــێک لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەزانێ، دیسان کەوتووەتەوە بەر فشاری لابردنی ئەو ناوە لەلایەن هەندێک لە ئەندامانیەوە، چونکە ئەوان دەڵێن حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوونی نییە و هەر ناو و کات بەفیڕۆدانە. بەڵام حەسەنی شەمسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) هەروەها دەڵێ حیزبەکەیان جیاواز لە حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەنییە هاوکاری هێرشی ئەمریکا بکات بۆ سەر ئێران:**

**هەڤپەیڤین: ئاسۆ بەهمەنی**

**ڕووداو: چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆنگرەی 13 دەبەســتن، ئایــا کۆنگرەیەکــی چارەنووساز دەبێ چونکە لەنێو هەڕەشەی نێودەوڵەتی لە ئێران دەبەسترێ؟**

**شەمســی:** کۆنگرەیەکــی ڕۆتینییــە، ئێمە دووســاڵ جارێک کۆنگرە دەبەستین، بۆچوونی ئێمە وشــیکردنەوەمان لەســەر ڕووداوەکانــی جیهــان و کوردســتان و ئێرانیش لەوێدا دێتە ئاراوە، ئێمە بەردەوام شیکردنەوەکانمان لەسەر باردۆخی ئێران لە ڕاگەیاندندا باســدەکەین بۆیەش پێموانییە ئاڵوگۆڕێکی وای تێدابێت، مەگەر شتی تازە بێتە ئاراوە.

**ڕووداو: بەهۆی قەیرانی نێوان ئەمریکا و ئێران پێشبینی ئاڵوگۆڕێک لەئێران دەکرێت، پێتانوایە هەلومەرجێکی وا سوودبەخش بێ بۆ ئێوە، ئێوە هیچ پلانێکتان داناوە؟**

**شەمسی:** پێمانوایە ئاڵوگۆڕ دێتە ئاراوە، بــەڵام ئاڵوگــۆڕ دوو ئاڵوگــۆڕە، ئەوەی لەدەرەوە ڕاگەیاندن قســەی لەسەردەکات بریتیە لەئاڵوگۆڕێک لەســەر دەست هێزی دەرەکــی، ئەگەر ئەوە بێتە ئاراوە، دەبێت هەڵوێســت وەربگریــت، ئەگــەر بەپێی لێکدانــەوەی ئێمەش بێت، ڕەوتەکانی نێو کۆمەڵگە لەچەند ســاڵی ڕابردوودا ئێستا زۆر گەشــەیان کردووە، ئەگەر ئەمە ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لەئێراندا و لەکوردستانیشدا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی پێکدێت. بەڕای ئێمە هێزە چەپەکان و هێزی کۆمەڵایەتی دەتوانن ڕۆلی تێدا بگێڕن، بەڵام ئەگەر ئاڵوگۆڕەکە بــە هێــزی دەرەکــی، ئێمــە پێمانوایە سەرئەنجامێکی باشی نابێت.

**ڕووداو: ئەگــەر ئەمریــکا هێرش بکاتە ســەر ئێران و داوای هاوکاری لەئێوە بکات هاوکاری ئەمریکا دەکەن؟**

**شەمسی:** ئێمە بەشداری ئەو هێرشکردنە ناکەین، بەڵام دیاریشــە ناتوانین ڕێ لەم هێرشە بگرین، هەوڵدەدەین لەو ئاڵوگۆڕەدا خەڵــک بۆ خۆیان ڕۆڵــی زۆرتر بگێڕن بۆ دیارکردنی چارەنووسی خۆیان.

**ڕووداو: بــە لەبــەر چاوگرتنی نمونەی ئەفغانســتان و عێراق، پێتانوانییە ئەگەر هــاوکاری ئەمریــکا نەکــەن دواتــر لــە دەسەڵاتگێڕاندا پەراوێز بکرێن ؟**

**شەمســی:** بێگومــان ئێمــە بەپێــی بەرژەوەندییەکانی‌ئەمەریکاکارناکەین،چونکە بەرژەوەنــدی ئەمەریکا لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵــک یەکناگرێتەوە، ئێمــە پێیمانوایە دەبێــت خەڵک لەهەموو کات و ســاتێکدا ڕۆلی هەبێت لە دیاریکردنی چارەنووســی خۆیــدا و ڕۆل لەنێو ئاڵوگۆڕەکاندا ببینێت ئەمە کاریگەری زیاتر لە ڕەوتی ڕووداوەکان دەکات. دەستوەردانی ئەمەریکا لەعێراق و ئەفغانستانیشدا ڕاستە سەرکەوتنی زاهیری بەدەستهێناوە، بەڵام گرفتیشی هەیە.

**ڕووداو: بەڵام دەگوترێ حزبی دیموکرات و کۆمەڵــەی زەحمەتکێشــان و پــژاک، بەپێچەوانــەی ئێــوە بەڵێنــی هاوکاریان بەئەمەریــکا داوە، ڕای ئێــوە چییــە لەوبارەوە ؟**

**شەمســی:** بەشــێوەیەکی ئاشکرا هیچ شتێکی وایان ڕانەگەیاندووە، هەواڵی ئەوە هەیە کەچاوپێکەوتنیان لەنێواندا، بەڵام چی گوتراوە ئــەوە ڕانەگەیێندراوە، من پێموایە ئەوان هیوایان بەهێزی خەڵک وەکو هێزێکی ئاڵوگۆڕ پێکهێنەر لەدەستداوە.

**ڕووداو: ئەو سیاسەتەی هاوکارینەکردنی ئەمریکا لەکاتــی پەلاماردانی ئێران، تەنیا سیاســەتی ڕەســمی کۆمیتــەی ناوەندی کۆمەڵەیــە یــان ئەمــە ڕای جەمــاوەری کۆمەڵەشە لەناوەوە؟**

**شەمسی:** من پێموایە ڕاوبۆچوونی هەموو بەشی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی کۆمەڵگای کوردســتانە، بەتایبەتیــش ئەوانەی پێش هێرشکردنە سەر عێراق تەوهومێکیان هەبوو، ئێستا بۆیان ڕوونبووەتەوە ئەوەی لەئاکامی ئەم هێرشــە کەوتۆتــەوە ئاکامێکی باش نییە بۆ خەڵــک و ژیانێکی بەختەوەری بۆ پێکنەهێناون. برسێتی و هەژاری لەعێراقدا ڕۆژبەڕۆژ پەردەستێنێت، باری نا سەقامگیر و پڕ ئاژاوە و تیرۆر زیاتر بووە.

**ڕووداو: ئێوە کە ئێســتا ئۆردگانشینن و خەباتــی چەکداریتــان لــە نەماندایە، پێیتانوانییە ئەو ئاڵوگۆڕانەی دێنە پێشەوە، لەلایــەک خەباتی چەکــداری و لەلایەکی دیکەشەوە نفوزی جەماوەریتان زیاتر دەکات ئەگەر لەو سیناریۆیەدا بەشدارین؟**

**شەمســی:** پێمانوانییــە بــەوە نفوزی جەماوەریمان زیاتر ببێ، ســتراتیژی ئێمە ستراتیژێکە بۆ باشبوونی ژیانی کۆمەڵگە، لەوانەیە لەماوەیەکی کورتدا هێزێکی سیاسی چەکــدار بتوانێت ببێتە ئامرازی دەســتی ئەمەریکا و هێزە دەرەکییەکان، بەڵام بەوە ســومعەو متمانەی کەمدەبێتــەوەو لەلای خەڵک هێزێک نابێ کە بتوانێت متمانە بدات بەخەڵک بۆ ژیانێکی باشتر، چونکە هیچی لەدەســت خۆیدا نییە، پێیدەکەن. خەباتی چەکداریش دەبێــت خەباتێکی جەماوەری بێت، خەباتێکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی بێت، بەمشێوەیە ناچێتە پێشێ هەلومەرجی خۆی هەیە ناکرێت خەباتێکی چەکداری دەستکرد ناو بنێین خەباتێکی کۆمەڵایەتی.

**ڕووداو: لەســەر ئاســتی ناوخــۆ لە چ دۆخێکی سیاسی و ڕێکخراوەییدان؟**

**شەمسی:** بوونی سیاسەتی سەربەخۆی ئێمە لە بەرامبەر هاتنە پێشــی تەدەخولی ئەمەریــکا لەناوچەکــەدا، هەندێــک نزیکبوونەوەی زۆرتری پێکهێناوە و خەڵک متمانەی زیاترمان پێدەکەن . سیاسەتەکانی ئێمــە لەچەند ســاڵی ڕابردوودا دروســت دەرکەوتوون و توێژی ڕووناکبیری کوردستانی عێراقیش ئەوە دەزانن. ئەوەی ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا وتومانە بەدیهاتووە، ئەوەش ئیعتیبــاری ئێمەی زیاتر کــردووە. ئەگەر باسی ناو تەشــکیلات و ڕێکخستنەکانیش بکەین، 90%ی سورە لەسەر ئەم سیاسەتە و هیچ گرفتێکی نییە، تاکە گرفتیان لەگەڵ ناوی حیزبە، هەیــە دەڵێ با ناوی حیزبی کۆنیستی ئێران نەمێنێت، ئەوەشیان وتووە ئێمە لەگەڵ بۆچوونەکان و سیاسەتەکانی تەشکیلات گرفتمان نییە.

**ڕووداو: بەپێــی نووســینی هەندێ لە کادیــر و ئەندامانتان لە ئینتەرنێتدا، ئەوان خەریکی پێکهێنانی فراکسیۆنی کۆمەڵەن و داوای لابردنــی ئەو ناوە دەکەن، باشــە تاچەند دەکرێت وەک دوو فراکسیۆن پێکەوە کاربکەن؟**

**شەمســی:** بیروبۆچوونی جیاواز لە نێو حیزبێکــدا نابێتە گرفت، بەڵکــو دەبێتە هــۆی گەشــەکردنی ئەگــەر لەکــەش و هەوایەکی دیموکراتیکدا بێتە پێشەوە. ئێمە بــەش بەحاڵی خۆمان ئــەوە دەپارێزین و هەوڵی ســەقامگیربوونی ئەو کەش وهەوا دیموکراتییــە و خولقاندنــی فەزایەکی وا دەدەیــن کە هاوڕێیانمان بتوانن بە ئازادانە ڕای خۆیــان دەربــبڕن. دیــارە کارکردن بەمشــێوەیە گرەنتەیەک پێکدێنێت بۆئەو کەسەی پێیوایە فراکسیۆنێکی جیاوازە.

**ڕووداو: بەڕوونی داوای ئەوان چییە؟**

**شەمســی:** تائێســتا نووســراوێکیان پێشکێشکردووە و، تێیدا دەڵێن ئێمە هەموو کۆمەڵەین، هەرچی کێشــە هەیە لەســەر ناوی حیزبی کۆمۆنیســتی ئێرانە . ئەوان پێیانوایە هەندێک لەتواناکانمان ســەرفی کاری سەرانسەری دەبێت، ئەوەش لەکاری کۆمەڵە کەمدەکاتەوە. ئێمەش وتمان وانییە کاری ئێمــە جارێ هەر لەســەر کۆمەڵە و کوردستان مەشــغوڵە، ئەو بەشەیتری کە سەرانسەرییە لێرەنین یان لەکوردستان نین یا لەکوردســتانیش زۆر کەم هەیە، ڕادیۆی حیزبی کۆمۆنیست هەیە کەچەند نەفەرێک کاری تێــدا دەکەن، ئەویتــری ڕێکخراوی کۆمەڵەیە.

**ڕووداو: کەواتــە داواکەیــان تا ڕادەیەک ڕەوایــە، بۆچــی گوێیــان لێناگــرن و جێبەجێیناکەن؟**

**شەمســی:** چ داوایەک؟ ئەوەی کەحیزب هەڵوەشێتەوە؟.

**ڕووداو: کەواتــە داوادەکــەن حزبــی کۆمۆنیستهەڵبوەشێتەوە؟**

**شەمســی:** ئەوەش ڕێگای خۆی. هەموو ڕێکخراوێــک لەکۆنگرەیەکــدا پێکهاتووە، بۆئــەوەش دەبــێ ئەوەنــدە مەنتــق و بەڵگــەت پێبێت کە ئەندامــان قانع بکەی هەڵبوەشــێتەوە، ئەی ئەگەر تۆ قسەکانی خۆتکــردو، خەڵکەکەت پــێ ڕازی نەبوو، خۆناکرێت بڵێی دەبێ بە زۆر ئەوە بکرێ.

**ڕووداو: دەتەوێت بڵێی کەمینەن؟**

**شەمســی:** چەنــد ســاڵ لەمەوپێــش ڕاپرسییەکمان لەنێو ڕێکخستنەکاندا کرد، 90%ی ڕێکخستنەکان وتیان ئێمە بەوە ڕازی نین و حزبی کۆمۆنیســتمان پێ دروستە. ئێستا خۆشیان دەڵێن کە کەمینەن. لەنێو ئەندامانــی کۆمیتەی ناوەنــدی کۆمەڵەدا ســێ هاوڕێمان وابیردەکەنەوە لە کۆی 27 ئەندام.

**ڕووداو: پێتوایــە بەو هۆیــەوە ئەگەری جیابوونەوەی ئەوان و دروستبوونی کۆمەڵەی چوارەمیش نزیکبووەتەوە؟**

**شەمســی:** ئەوان بۆخۆیان دەڵێن ئێمە کۆمۆنیسیتین و سەرانسەری بیردەکەینەوەو گرفتێکمــان لەگەڵ سیاســەتەکان نییە و ناوەکــەی گرفتە بۆ ئێمــە. هاوڕێی وایان تێدایە کە 25 ســاڵ لەمەوپێش کە حیزب دروســتبوو دەنگی بە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەداوەو، تائەو ماوەیەش کاریکردووە هیچ گرفتــی نەبووەو لەلایەن تەشکیلاتیشەوە متمانەی پێکراوە.

**ڕووداو: پێشبینی جیابوونەوە ناکەی ؟**

**شەمســی:** تائێســتا نەخێر، شــتێکی ســەیریش نییە بگەینە ئــەو قەناعەتە کە لایەنێک حیزبێکی دیکە پێکبێنێت.

**ڕووداو: جگە لەو قسە باسە، 60 کەس بە ڕێبەری جەوادی موشــکی نامەیەکیان ئیمزاکــردووە و، دەنگۆی ئــەوە هەیە کە ئەم جوڵانەوەیە بەدەســتی ئەوەو دەیەوێ کۆمەڵەیەکی کوردســتانی دروســتبکات، پێتوانییە دەتوانێت کۆمەڵەیەکی ئەســڵی دروستبکات؟**

**شەمســی:** جەوادی موشــکی بۆ خۆی ئازەرییە خەڵکــی ئازەربایجانــە، بەپێی ناسینی ئێمە ئەوانەی لەدەرەوەن ئامادە نین کاری ڕێکخراوەیی لە نێو کوردستاندا بکەن، ئەو هەوڵ و تەقەلایانەیان هەن، بەڵام چەندە لەخۆیان ڕادەبینن و چەندەکار دەکەن، ئەمە جێی گومانە. لەڕاســتیدا بەشێک لەوانەی لەدەرەوەن، گرفتیــان لەگەڵ کۆمۆنیزم و لەگەڵ ئێرانێتیدا هەیــە وناچنە ناوەڕۆکی باسەکانەوە.

**ڕووداو: پەیوەندیتــان لەگەڵ حکومەتی هەرێم چۆنە ؟**

**شەمســی:** لەگەڵ حکومەتــی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی کەپێشتربوو و ئێســتاش هەرپەیوەندی باشمان هەیە، ئەگەر کارێکمان هەبێت لەڕێگەی مەکتەبی پەیوەندییەکانەوە پەیوەندییان پێوەدەکەین و جاربەجاریــش ســەرکردایەتی یەکێتی نیشــتمانی دەبینین، ئەوەش دەگەڕێتەوە پەیوەنــدی مێژینەمان لەگــەڵ یەکێتی . هەرچەندە هەندێ هەوراز و نشێوی تێدابووە، بەڵام ئێستاش پەیوەندییەکی سروشتییە.

**ڕووداو: ئەی لەگــەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان؟**

**شەمســی:** لەگەڵ پارتــی دیموکراتیش پەیوەندییەکی ئاسایی هەیە، بەڵام نەک وەک یەکێتی، چونکە ئێمە لەوان دوورین، بەڵام لەگەڵ ئەو لقانەی لەناوچەی سلێمانی هەیانە هاوکاریمان هەیە و ئەگەر پێویستییەکمان هەبێت لەو ناوچانەدا یارمەتیمان دەدەن.

**ڕووداو: پەیوەنــدی ئێوە لەگەڵ هەردوو دیموکرات لەچ ئاستێکدایە؟**

**شەمسی:** لەگەڵ هەردوولایان پەیوەندیمان هەیە، هەرلەســەرەتاوە کــە جیابوونەوە هەڵوێستی ئێمە ئەوەبوو، جیاوازیان لەگەڵ ناکەین، دێن ســەردانمان دەکەن، ئێمەش دەچین سەردانیان دەکەین، هەوڵمان ئەوەیە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی پەیوەندیمان هێوربێتەوە.

**ڕووداو: ئــەی پەیوەندیتــان لەگــەڵ موجاهدینی خەڵق؟**

**شەمسی:** هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵیان نییە و نەمانبووە.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ PKK و پژاک چۆنە؟**

**شەمسی:** لەگەڵ ئەوانیش پەیوەندیمان هەیە، بــەڵام لەئاستێکدایە لەپەیوەندی گۆڕینەوەی بیروڕادایە، پەیوەندییەکی زۆر پتەونییە.



حەسەنی شەمسی

- حەسەنی شەمسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران).
- لە ساڵی 1948 لە مەهاباد لەدایکبووە.
- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری جیولۆجی زانکۆی تەورێزە.
- زیاتر لە36 ساڵە خەریکی کاری سیاسییە.

# عەفرینیەک 100 هەزار زەیتوون لە هەولێر دەچێنێت

**عەبدولڕەحمان عەلی**
**ڕووداو- هەولێر**

بینینی ســەوزایەکی فــراوان لە نێوان کۆمەڵگەی پیرزینی باکووری شاری هەولێرو شارۆچکەی عەنکاوە لە نزیک گوندی" کرک" کــە 100 هەزار نەمامی زەیتون و چەندین جۆر ســەوزە و میوەی تێدایە دڵخۆشــت دەکات. د.وەلید شێخۆ دەڵێ ساڵی ڕابردوو کە ئێران بە هۆی ڕفاندنی بەرپرسێکی لە ســلێمانی لە لایەن ئەمریکییەکانەوە،دوو هەفتە دەروازە ســنوورییەکانی بەســەر باشــووری کوردستاندا داخســتن بڕیاری کردنــەوەی ئەو پرۆژەیانــدا " "ئەوە زیاتر هانیدام کە ئەم پرۆژەیە سەربخەم".

د. وەلید شــێخۆ، کە خەڵکی شــاری زەیتونان، عەفرینی ڕۆژئاوای کوردســتانە کــە زیاتر لە 30 ملیۆن دار زەیتونی لێیە، ســاڵی 1991 چووەتە ئەڵمانیاو دکتۆرای لەبواری تەکنەلۆژیای زانیاری وەرگرتووە. چەند لێکۆلینەوەیەکی لە بواری ئاسایشی خۆراکدا هەیە دەڵێ "باشووری کوردستان هەموو فاکتەرەکانی بەهێزکردنی ئابووری هەن، بەڵام بەشێوەی خاوو دەست لێنەدراو هەن، بۆیەش ئیدارەیەکی سیاسی- ئابووری شارەزای پێویستە"، ئەو زۆر بە پێویستی دەزانێ کە حکومەتی کوردستان پلانی سود وەرگرتن لەو وزە دەست لێنەدراوانە هەبێت "چونکە تەنیا بەوشێوەیە ئاسایشی خۆراک و نەتەوەیی دابین دەبێت".

ئەوکاتەی ڕووداو چووبووە نێو پرۆژەکە شــێخۆ بەکڵاوەکەی ســەری، لەگەڵ 25 کرێکاری لێزانی هێنراو لەڕۆژئاوای کوردستان و 100 کرێکاری خەڵکی شــەنگال تێکەڵ ببوو. شــێخۆ گوتی لە داهاتوودا کرێکاری زیاتریش لەو پرۆژەیەدا دەخەینە کارەوە.

ئەو پرۆژەیە کە لە ڕۆژی 2008/4/1ەوە دەســتپێکراوە 10 جۆرە سەوزە و میوە بەخۆوە دەگرێ. کێڵگەکە ئێســتا هەندێ بەرهەم دەداتە بازاڕەکانی کوردستان. شێخۆ لەبارەی پرۆژەکەیەوە دەڵێ "ئەو پرۆژەیە بەهەنــگاوی یەکەمە بــۆ خاوێنکردنەوەی بازاڕەکانی کوردستان لەخۆراک و شتومەکی بیانی و بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری".

د.وەلیــدو هاوکارانی پــڕۆژەی چاندنی 100 هــەزار نەمامی زەیتوونیــان هەیەو لــە 2008/11/1 دەســت بەچاندنی ئەو نەمامانە دەکەن لە ڕۆژئاوای هاوینەهەواری پیرمام لەنزیک ناحیەی دارەشەکران.

ئەو پرۆژەیە دوو پلانــی کورتخایەن و درێژخایەنی هەیە، شێخۆ دەڵێ"لە 3 تا 5 ساڵی سەرەتادا دەمانەوێت بەشێکی گرنگ لەپێداویســتیەکانی بازاڕی کوردســتان و عێراق دابین بکەین".

بەقســەی د.وەلیــد، ئــەوان لەپلانی درێژخایەنــدا کە مــاوەی 6 تا 9 ســاڵ دەخایێنــێ، ئامانجیان ئەوەیــە زۆرینەی پێداویســتییەکانی کوردســتان و عێراق دابین بکەن و پاشان هەنگاو بۆ بازاڕەکانی دەرەوە بنێن.

ئەگەرچی پرۆژەکە هی کەرتی تایبەتە، بەڵام د.وەلید باس لەوەدەکات کە وەزارەتی کشــتوکاڵ هاوکارییەکی باشــیان دەکات و دەشــڵێت "بەنیازین لەگــەڵ وەزارەتی کشــتوکاڵ پلانێکی ســتراتیژی لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی خۆراک لەکوردستاندا جێبەجێ بکەین".

ڕووبەری ئەو پرۆژەیە پێنج هەزار دۆنمە، بەڵام تا ئێستا500 دۆنمیان بەکارهێناوەو چاوەڕوان دەکرێت لەساڵی داهاتوودا کەڵک لە زۆربەی ڕووبەرەکە وەربگرن.

زەویە کشــتوکاڵیەکانی ئــەو پرۆژەیە بەتۆڕێکی ڕێکوپێکی سیســتەمی دڵۆپە ئاو دەدرێت کە بەقســەی د.شێخۆ ئەو سیســتەمە بۆ زەوییەکانی هەولێر زۆر باشە. لەو باوەڕەشــدایە کە ئەگەر چەند کۆمپانیای دیکە هەبن، دەتوانن لەماوەی دوو ســاڵدا پێداویستییەکانی بــازاڕی کوردســتان پڕبکەنەوە، بەشێوەیەک کــە چیدی پێویست بە هێنانی سەوزەو میــوەی وڵاتانــی دراوسێ نەبێت.



د. وەلید شێخۆ لە پشت نەمامەکانی زەیتوون (فۆتۆ:ڕووداو)



**بەنێوبانگترین دیزاینەری جیهانی بەڕەسەن کوردە**

رووداو - ئامودە

◆ یەکێک لەبەنێوبانگترین دیزاینەرەکانی جیهان کوردە و هەمیشەش جلی سپی دەپۆشێ. دیزاینەری ئەڵمانی لە بواری ئۆتۆمبێل بەرەگەز کورد لویگی جۆلانی لەهەڤدیتنێکدا بە رۆژنامەی فرانکفۆرتی ئەڵمانی راگەیاند کە خێزانی باوکی سەر بەعەشیرەتی جۆلانی باشووری کوردستانەو باپیریشی 200 ساڵ لەمەوبەر کۆچبەری ئیتاڵیاو سویسرا بووە و، دایکیشی پۆڵەندییە.

## ئیستەنبول گەورەترین شاری کوردنشین

# کوردانی ئیستەنبول روو لە زمانی کوردی دەکەن

**رووداو–ئیستەنبول**

ئەوە دوو ساڵە هەڵمەتێکی وشیاربوونەوەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نێو کوردانی باکووری کوردستان و تورکیادا دەستیپێکردووە، ئەوە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئیستەنبولیش هەستیپێدەکرێ.

ئیستەنبوڵ بە گەورەترین شاری کوردنشین دادەنرێ لە هەموو جیهاندا، بەهۆی ئەوەی بەپێی سەرچاوە کوردییەکان لە ئیستەنبول بە 5 ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێ لە کۆی 12 573 836 کەسی دانیشتووی ئەو شارە.

بەپێی ئامارێکی دەزگای ئاماری دەوڵەتی تورکیا TUIK، لەماوەی 50 ساڵی رابردوودا 3 357 847 لە ویلایەتەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا ( واتە کوردانی باکووری کوردستان) روویانکردووەتە ئیستەنبول و لەوێ نیشتەجێبوونە. هەروەها بەپێی ئامارەکە لەو ماوەیەدا ملیۆن کەس لەدەرەوەی ئیستەنبولەوە لەوشارە نیشتەجێبوونە، هەر لە ئەنجامی ئەو ئامارە فەرمییەدا دەردەکەوێ کە لە کۆی 12 573 836 دانیشتووی ئیستەنبول، تەنیا 2 167 572 کەس دانیشتووی کۆنتری ئیستەنبولن، کە بێگومان لەو دوو ملیۆنەشدا ژمارەیەک کورد هەن.

دوای چەند ساڵێک لە دامەزرانی کۆماری تورکیا لە ساڵی 1923، زمانی کوردی قەدەخەکرا و قسەکردن بە زمانی کوردی سزای لەسەر بوو. محەممەد ئوزدەمر کوردێکی بەتەمەنی دانیشتووی ئیستەنبوڵە و کاتی خۆی لە شرناخەوە کۆچبەری ئیستەنبول بوونە دەڵێ " دوای ئەوەی ئاخافتن بە زمانی کوردی قەدەخەکرا، پیرەمێردەکانمان نەیانتوانی فێری تورکی بن، بۆیەش لەترسی دەوڵەت و بەهۆی نەزانینی زمانی تورکی کاتێک دەچوونە چایخانە بە ئیشارەت لەگەڵ یەکتر دەدوان".

دوای هاتنە سەرکاری تورگۆت ئۆزال، کە گەیشتنەوەی رەگەزیی لەگەڵ کورددا هەبوو، قەدەخەکاری لەسەر زمانی کوردی لە بازاڕدا لابرا، بەڵام دوای ماوەیەک ئۆزال لە رەوشێکی تەمومژاویدا گیانی لەدەستدا . بەپێی هەندێ سەرچاوەو کەسوکاری ئۆزال، ئەو لەلایەن تورکە توندڕەوەکان تیرۆرکرا.

سەرەڕای ئەو کرانەوەیە، بەڵام ئەوە نەچووە نێو دەستوورەوە، لەبەر ئەوەش تا ئێستا بەپێی دەستووری تورکیا خوێندن و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی گشتی و سیاسی و ئەنجامدانی پروپاگەندەکانی هەڵبژاردن بە زمانی کوردی قەدەخەیە.

بەهۆی ئەو قەدەخەکاری و دژایەتییە هەمە لایەن و رێکخراوەی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دژی زمانی کوردی ئەنجامدەدرێ، لەو چوارچێوەیەدا زۆر کورد وا تێگەیشتبوون کە قسەکردن بەزمانی تورکی نیشانەی شارستانیبوون و پێشکەوتنە و بەکارهێنانی زمانی کوردیش نیشانەی گوندیبوون و دواکەوتنە. هەروەک کۆمەڵناسی تورکیا د.ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ لەو بوارەدا کۆمۆنیستە تورک و کوردەکانیش رۆڵێکی زۆر خراپیان گێڕا لە نیشاندانی زمانی کوردی بەزمانی دواکەوتن و زاڵکردنی زمانی تورکی.

دژایەتیکردنی زمانی تورکی گەیشتبووە رادەیەک، نووسەری کورد موسا عەنتەر، کە لەلایەن تیمە نهێنییەکانی دەوڵەتی تورکیاوە لەساڵی 1992 تیرۆرکرا، لە نووسینێکیدا دەڵێ ئەوکاتەی لە زیندان دابووە، بەهۆی گوتنی ئاوازێکی کوردی بە فیکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زیندانەوە بە ئەنجامدانی کاری سەختی نێو زیندان سزا دراوە.

لەئەنجامی ئەو رەوشەدا بەکارهێنانی زمانی کوردی زۆر رووی لە کەمی کرد، تەنانەت ئەو پارتە کوردییانەی بۆ رزگاری کوردیش لە باکووری کوردستان دامەزران، هەموو بڵاوکراوەکانیان بە تورکی یان بە تورکی و کەمێک کوردی بڵاودەکردنەوە.

بەڵام ئەوە دووساڵە هەڵمەتێکی هەمە لایەنە بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی دەستی پێکردووە. کە دیارترین چالاکیش لەو بوارەدا ئەو خۆنیشاندانە بوو کە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە رۆژی10/ 6/ 2008 لە شاری گەڤەر ئەنجامیدا و تێیدا 1 ملیۆن کەس بە جلوبەرگی کوردی داوای خوێندن و پەروەردەی بەزمانی کوردیان کرد.

ئەو هەڵمەتە لە ئیستەنبولیش رەنگیداوەتەوە. ئێستا بە ئاشکرا لە گەڕەک و ئەو ناوچانەی بازاڕی ئیستەنبول کە دوکانداری کوردی لێ زۆرە بە ئاشکرا ئاگات لە قسەکردن بە زمانی کوردی دەبێت .

ناسر دوران، گەنجێکی 23 ساڵی بە رەسەن خەڵکی شاری ئامەد (دیاربەکر)ە، بەڵام دایک و باوکی پێش لەدایکبوونی ئەو روویانکردووەتە ئیستەنبول. ناسر کە تا ئێستا بەسەردانیش ئامەدی نەبینیوە، دوکانی مۆبایل فرۆشی لە گەڕەکی ئاکسەرای ئیستەنبول هەیە بە کوردییەکی پەتی قسە لەگەڵ کڕیارە کوردەکانی دەکات و بە تورکیش لەگەڵ کڕیارە تورکەکانی دەدوێ.

ناسر، چەندان سیدی کوردی پڕ لە گۆرانی نیشتمانی لە دوکانەکەی هەیە و بەردەوام گوێیان لێدەگرێ، دەڵێ " من کوردستانم نەبینیوە، بەڵام لە ئیستەنبول دەچمە ئاهەنگەکانی نەورۆز و زمانی دایکی خۆشم بە هیچ زمانێکی دیکە ناگۆڕمەوە".



چەند کوردێک لەبەردەم مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد لە ئیستەنبوڵ (فۆتۆ: رووداو)

## بە 15 هەزار دۆلار دەگەنە ئەڵمانیا

# هەموو مانگێک کوردێک بە قاچاخی دەگاتە شاری دویزبۆرگ



سلێمانێ ئالیخان
silemani__alixani@yahoo.com

**رووداو– ئەڵمانیا**

لەگەڵ دەستپێکی وەرزی بەهاری ئەمساڵ، شەپۆڵێکی گەورەی کۆچکردن بەرەو ئەورووپا لە نێو گەنجانی باشووری کوردستاندا دەستیپێکردەوە. هەندێکیان بەدبەختبوون و لە رێگادا ژیانیان لە دەستدا، هەندێکیان بە تفەنگی جەندرمەی تورک لە سەر سنووری تورکیا- یۆنان، هەندێکیش بوونە خۆراکی نەهنگەکانی دەریای سپی. بەشێکیشیان لەلایەن جەندرمەی تورکیاوە پۆلیس دوای سووکایەتیپێکردن گەڕێندرانەوە کوردستان.

سەرەڕای ئەمەش ژمارەیەکی زۆری کۆچبەرانی کورد رۆژانە دەگەنە وڵاتانی ئەورووپا، لەوانەش وڵاتی ئەڵمانیا. هیچ ئامارێک نییە بەهۆی بزاندرێ مانگانە چەند کورد بۆ پەنابەری روودەکەنە ئەورووپا،بەڵام ئەگەر شارێکی بچووکی وەک دویزبۆرگ بکەینە نموونە، کە 200 خێزانی کورد لێی دەژین و هەموو مانگێک کوردێکی بە قاچاخی دەگاتێ، دەردەکەوێ کە مانگانە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کورد کۆچبەری ئەورووپا دەبن.

### دوای 5 جار سنووربڕاشکردنەوە گەیشت

پێش ئێستا زۆربەی کۆچبەرانی کورد بەرێگەی پیادەی قاچاخ دەربازی تورکیا دەبوون، بەڵام ئێستا زۆربەیان بە ڤیزە دەچن، بەتایبەتیش کە تورکیا پاسپۆرتی عێراق جۆری (S) قبول دەکات کە بە ئاسانی دروست دەکرێت. گەنجێکی 21 ساڵیی کورد بە نێوی ک. تاهیر. لە سەرەتای مانگی گوڵانی رابردوو بە فڕۆکە بە پاسپۆرتی Sگەیشتە ئیستەنبول و لە کۆتایی مانگی رابردوو گەیشتە شاری دویزبۆرگی ئەڵمانیا. دوای چەند رۆژ مانەوە لە ماڵە خزمێکی لەو شارەدا، لەنێو بازاڕ چاومان پێکەوت و گوتی " چوار ساڵە هەوڵدەدەم بگەمە ئەورووپا، لەو ماوەیەشدا چوار جار لە تورکیا و جارێکیش لە یۆنانەوە سنووردا ش کرامەوە بۆ کوردستان، بەڵام کۆڵم نەدا، ئەوەتا جاری چوارەم توانیم بگەمە ئەڵمانیا".

ئەو گەنجە ئەڵمانیای زۆر پێخۆشە و حەزدەکات لێی بمێنێتەوە،بەڵام لێدوانەکانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆتایی مانگی رابردوودا لە ئەڵمانیا سەبارەت بە رازیبوونیان لە سەر گەڕاندنەوەی پەنابەرانی عێراقی، ئەوی ترساندووەو بۆیە بڕیاریدا کاروانی کۆچبەرییەکەی بۆ وڵاتێکی دیکە درێژ بکات. دوو رۆژ دواتر بە ترێنی خێرا بەرەو وڵاتێکی دیکە چوو .

### هەفتانە 8 یورۆ دەدرێتە پەنابەران

ئەوانەی بەو دواییانە گەیشتوونەتە ئەورووپا باس لەوە دەکەن، کە هەر کەسێک بیەوێ وەک ئەوان بە قاچاخ خۆی بگەیێنێتە ئەورووپا پێویستی بە 15 هەزار دۆلارە تا دەگاتە ئەورووپا.

بەپێی وتەی چەند پەناخوازێک بۆ (رووداو) هەر پەناخوازێکی تازە کە خۆی رادەستی پۆلیس دەکات و دەبرێتە کەمپ هەفتانە 8 یۆرۆ کە دەکاتە نزیکەی 15 دۆلار وەردەگرێت، جگە لە دابینکردنی شوێنی نووستن و خۆراک بۆی . کەمپەکانی پێشوازیکردنی پەنابەرانیش چەند جۆرێکن . یەکەمجار پەناخواز لە شوێنێک ناونووس دەکرێ و ماوەی یەک هەفتە لێی دەمێنێتەوەو لە سپێدەیەکی زوو رەوانەی دادگا دەکرێ و دواتر رەوانەی کەمپێکی کاتی دەکرێ. لەوێش ماوەیەک دەمێنێتەوە کە هەندێ جار دەگاتە سێ مانگ. دوای ئەو کەمپە دەگوازرێنەوە کەمپی هەمیشەیی و لە وێ چاوەڕوانی وەڵامی دادگا دەکەن. ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنی بوو پەناخوازەکە دەتوانێت لەو کەمپە دەربکەوێت و بەیارمەتی حکومەت خانوویەکی تایبەت بە کرێ بگرێ، بەڵام ئەگەر نەرێنی بوو، پێویستە لەو کەمپەدا بمێنێتەوە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مافی کارکردنیشی نابێت، هەروەها نابێت پتر لە 30 کیلۆمەتر لە کەمپەکە دوور بکەوێتەوەو شەو لە شوێنێکی دیکە بخەوێت.

### پەنابەری بە خۆکردنە ئێزدی مسۆگەرە

کەمپەکانی پەناخوازی لە ئەڵمانیا جارێکیتر پڕبوونەتەوە لە گەنجانی باشووری کوردستان . ج.س کوردێکی تەمەن 33 ساڵە و چەند ساڵێکە وەک پەنابەر لە شاری دویزبورگ دەژی. ئەو پەنابەرە کە ژنەکەی لە کوردستان بوو پێش یەک مانگ ئەویشی بە قەچاخی لە کوردستانەوە گەیاندە ئەڵمانیا و تەسلیمی کەمپێکی پەناخوازانی کرد. ئەو کە بەردەوام سەردانی ژنەکەی دەکات دەڵێ "کەمپەکە پڕ بووە لە پەناخواز و بە تایبەت گەنجی کوردی باشووری کە زۆربەیان کوردی ئێزدین".

هەر لەوماوەیەدا دوای قایمقامی پێشووی شێخان، میر کامەرانی میری ئێزدیانیش کە لە خولی پێشوودا ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ پەناخوازی رووی لە ئەڵمانیا کردووە، ماوەیەکە لە چاوەڕوانی مافی پەنابەریدا لە شاری هانۆڤەر چاوەڕێی وەڵامە.

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند " ئێستا باشترین رێگە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری لە ئەڵمانیا ئەوەیە خۆت بە ئێزدی بناسێنی".

ت. م گەنجێکی 30 ساڵیی کوردە و چەند ساڵێکە لە ئەڵمانیا دەژیت، باسی نموونەی کوردێکی موسڵمانی کرد لەوبارەوەو گوتی"گەنجێکی کوردی موسڵمان دەناسم، پێش ماوەیەک هاتە ئەڵمانیا و خۆی وەک ئێزدی بە حکومەتی ئەڵمانی ناساند و مافی مانەوەی وەرگرت، بۆ ئەومەبەستەش پێشتر پەیوەندی بە برادەرێکی ئێزدییەوە کردبوو و هەندێ زانیاری و هەروەها نیشانەیەکی ئێزدێتی لێوەرگرتبوو کە ئەویش بەردێکی سپی بوو".

خۆناساندنی کوردانی موسڵمان وەک ئێزدی کارێکی ئاسانە، بەڵام کوڕانی کریستیان ناتوانن ئەوە بکەن چونکە ئەوان سوننەت نەکراون.

### بە پاسپۆرتی فەرەنسی دێن

هەموو ئەو کۆچبەرانەی لە شاری دویزبۆرگ بۆ (رووداو) دوان باسی ئەوە دەکەن کە وڵاتی یۆنان دووبارە پڕبووەتەوە لە کۆچبەرانی کورد، زۆریان بێ پارە لەوێ گیریان خواردووەو زۆریشیان چاوەڕوانی نۆرەی دەرکەوتن بۆ ئیتاڵیا و فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا دەکەن. هەریەک لەو کۆچبەرانەش دەبێ پێشینە چوار هەزار یورۆ وەک گەرەنتی دابنێ، دواتر پاسپۆرتی وڵاتێکی ئەورووپیان بۆ دروست دەکرێت، ئەوجا سواری کەشتییەک دەکرێن یاخود بە رێگەی ئاسمانی بەڕێدەکرێن. بۆ ئەو مەبەستەش پاسپۆرتی فەرەنسی باشترین دیکۆمێنتە بۆ دەربازبوون لە خاڵەکانی پشکنین.

ئێمە دانەیەک لەو پاسپۆرتەمان بینی، بێ ئەوەی رێگەمان پێبدرێ وێنەی بگرین . خاوەنی ئەو ماڵەی خزمەکەی خۆی بەو پاسپۆرتە هێنابووە ئەڵمانیا گوتی"پاسپۆرتەکەمان بە 500 یۆرۆ دروستکرد و بە ئۆتۆمبێلی تایبەت هاتین".



شاری دویزبۆرگ کە بە یەکێک لە شارە پیشەسازییەکانی ئەڵمانیا دادەنرێ (فۆتۆ: Daylife)

## زیندانیانی سیاسی قەرەبوو دەکرێنەوە

# 10 هەزار بەڵگەنامەی بەعس لە بەغداوە دەهێنرێنە کوردستان



سەلام سەعدی
salam2004s@yahoo.com

**رووداو- هەولێر**

لەکۆی ئەو فۆرمانەی زیندانیانی سیاسی لە کوردستان پڕیان کردووەتەوە، تائێستا 600 فۆرم لەلایەن لیژنەی تایبەتی سەر بە دەزگای زیندانیانی سیاسی عێراقەوە قبووڵ کراون و کارگێڕی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستانیش پێشبینی دەکات کە ئەو 600 کەسە لەم مانگەدا بگەنە مافی خۆیان و مانگانە بڕی 500 هەزار دینار وەک یارمەتی وەربگرن تا ئەوکاتەی مووچەی زیندانیانی سیاسی بە یاسا جێگیر دەکرێت.

نەجمەدین حەمەسەعید بەڕێوەبەری کارگێڕی لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانیانی سیاسی سەر بە وەزارەتی شەهیدان و کارگێڕی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو 600 فۆرمە تەنیا لیستی یەکەمە و لیستی دیکەش بەدوای ئەواندا دێن.

دەزگای زیندانیانی سیاسی عێراق کە بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 دامەزراوە، دەزگایەکی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەو لەساڵی 2008دا بودجەیەکی 150 ملیار دیناریی بۆ تەرخان کراوە. نەجمەدین حەمەسەعید بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە سەرباری ئەو مووچەیەی هەموو زیندانیانی سیاسی عێراق دەگرێتەوە بە کوردستانیشەوە، لە یاسای ژمارە 4ی پەرلەمانی عێراقدا گەلێک ئیمتیازاتی دیکەی وەک دابینکردنی زەوی و سولفەی خانووبەرەو بەخشینی زیندانیان لەهەر باج و رسوماتێک جێگیرکراوە.

### زیندانیانی پێش 1968 لەبیرکراون

مانگی ئایاری رابردوو شاندێکی دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی عێراق هاتنە کوردستان و لەزنجیرەیەک کۆبوونەوەدا لەگەڵ کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان بەو ئەنجامە گەیشتن کە پرۆتۆکۆلێکی دوو خاڵی ئیمزا بکەن، خاڵی یەکەمیان وەک نەجمەدین حەمەسەعید باسیکرد تایبەتە بەکێشەی پێناسەکردنی زیندانی کە بەپێی یاسای ژمارە 4ی دەزگای زیندانییە سیاسییەکان، تەنیا ئەوکەسانە بەزیندانی سیاسی دادەنرێن کە لەسەردەمی حوکمی رژێمی بەعسدا لەسەر کاری سیاسی گیراون، واتە ئەوانەی لە 17ی تەمووزی 1968 بەدواوە تا کاتی رووخاندنی رژێم گیراون. نەجمەدین حەمەسەعید گوتی "ئێمە ئەم خاڵە بە کێماسییەکی گەورە دەزانین، چونکە لەعێراق بەگشتی و بەتایبەتی لەکوردستان، لەنێوان ساڵانی 1963–1968 گۆماوی خوێن هەبووەو ناکرێت ئەوانە فەرامۆش بکرێن کە لەسەر ئازادیی بیروڕاو ئازادیی کاری سیاسی گیراون". هەروەها گوتی "یاساکە لەبەرئەوەی خەڵکی سیاسی دایناوە نەک یاسایی و لەبەرئەوەی بەپەلە نووسراوە کەموکوڕی و کەلێنی زۆری تێدایە، بۆیە شاندی عێراقی لەگەڵ ئێمە هاوڕابوون کە پێویستە هەردوولا لیژنەیەک دروست بکەین بۆئەوەی بەیاساکەدا بچێتەوەو جارێکی دیکە پێشکەشی پەرلەمان بکرێتەوە". وەک کارگێڕی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان ڕایگەیاند ئێستا وەزارەتی شەهیدان خەریکە لیژنەیەکی یاسایی دروست دەکات بۆئەوەی وەک نوێنەری کوردستان بچێتە بەغداو لەگەڵ لیژنەکەی بەغدا پێکەوە ئەو کارە بکەن و زیندانیانی پێش ساڵی 1968 بخەنەوە ریزی زیندانیانی سیاسی.

ئەم کێشە یاساییە لەکاتێکدایە کە لە کوردستان خەڵکێکی زۆر لەوانەی لەنێوان 1963–1968دا گیراون فۆرمی زانیارییان پڕکردووەتەوەو ئێستا چاوەڕێی ئەوەن هەمان ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی بیانگرێتەوە، نەجمەدین حەمەسەعید ڕایگەیاند کە ئەوان هەر لەیەکەم رۆژی پڕکردنەوەی فۆرمەکانەوە پێیان باش بووە زیندانیانی پێش 1968یش خۆیان ناونووس بکەن تا هەرکاتێک ئەو کەلێنە یاساییە پڕکرایەوە فۆرمەکانی ئەوانیش بدرێتە بەغدا.

خاڵی دووەمی ئەو پرۆتۆکۆلە کە لەگەڵ بەغدا مۆرکراوە، تایبەتە بە دامەزراندنی نووسینگەیەکی هەماهەنگی لە کوردستان، ئەو نووسینگەیە وەک نەجمەدین حەمەسەعید باسیکرد لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە دەزگای زیندانیانی سیاسی عێراقەو ئەوان بەدوای مەسەلەی مووچەو ئیمتیازاتی زیندانیاندا دەچن.

ئەو فۆرمانەی تائێستا لە کوردستان پڕکراونەتەوە، دراونەتە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکانی سەر بە وەزارەتی شەهیدان، کە لەوێ مۆردەکرێن و رەوانەی ئەو نووسینگەی هەماهەنگییە دەکرێن و پاشان دەدرێنە لیژنەیەکی تایبەت لە بەغدا کە دادوەرێکی عێراقی سەرۆکایەتی دەکات و لەلایەن وەزارەتی دادی عێراقەوە دانراوە، لیژنەکەی بەغدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە ئایا ئەو کەسە زیندانی سیاسییە یان نا. نەجمەدین حەمەسەعید هۆشداریی دا کە هەر ساختەکارییەک لە پڕکردنەوەی فۆرمەکاندا خاوەنەکەی بەرەورووی لێپرسینەوەی یاسایی دەکاتەوەو دەدرێتە دادگا.

سەبارەت بە مووچەی زیندانیانیش ئاماژەی بەوەکرد کە تائێستا لەڕووی یاساییەوە بڕیار نەدراوە مووچەکە چەند بێت، بۆیە دەزگای زیندانییە سیاسییەکان داوایان لە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران کردبوو کە هیچ نەبێت لەو پارەیەی دانراوە بڕە پارەیەک وەک یارمەتی بۆ زیندانیان دیاری بکەن تا ئەو رۆژەی مووچەکە دەبێتە فەرمی، مالیکی لەسەر ئەو بنەمایە سەرەتای مانگی شوباتی رابردوو بڕیاریدا مانگانە بڕی 500 هەزار دینار وەک یارمەتی سەرف بکرێت و ئەو پارەیەش زیندانیانی سیاسی سەرانسەری عێراق دەگرێتەوە.

نەجمەدین حەمەسەعید لەبارەی چۆنێتی سەرفکردنی ئەو پارەیە گوتی "حەز دەکەم ئەوە بەزیندانیانی سیاسی رابگەیێنم کە ئەوەی لەمانگی 3 فۆرمی پڕکردووەتەوەو ئەوەی لەمانگی تەمووز کردوویەتی هیچ جیاوازییەکی نییەو هەموویان وەک یەک لەمانگی شوباتەوە بۆیان حسابە، واتە مەرج نییە ئەوەی درەنگ کاری خۆی کردووە لەو رۆژەوە بۆی حساب بێت کە فۆرمەکەی قبوڵ دەکرێت، بەڵکو بەپێی یاساکە ئەو پارەیە لە یەکی شوباتەوە بۆ هەموو زیندانیانی سیاسی عێراق حسابە".

کارگێڕی کۆمکاری زیندانیانی سیاسی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا تائێستا نزیکەی 6500 کەس فۆرمەکانیان لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە قبوڵکراوەو پارەی خۆیان لەمانگی شوباتەوە وەرگرتووە. گوتیشی "ئێستا تەنیا هەرێمی کوردستان ماوە کە ئەویش چەند رۆژێک لەمەوبەر لیژنەی تایبەت بەتەواوی ئەندامەکانیەوە هاتنە هەولێرو فۆرمەکانمان خستە بەردەستیان، ئێستا نزیکەی 600 فۆرمیان جیاکردووەتەوە کە ئەوانە 100% لەم مانگەدا دەگەنە مافی خۆیان و وەجبەکانی دیکەش دوای ئەوان دێن". هەروەها گوتی "دەمانەوێ کاری حوکمدراوەکان بەپەلە تەواو بکەین بۆئەوەی بچینە سەر کاری حیجزکراوو راگیراوەکان کە ئەوانیش سوپایەکی گەورەن لە کوردستاندا".

نەجمەدین حەمەسەعید لەبارەی ئیمتیازاتی زیندانی سیاسییەوە ڕایگەیاند کە ئیمتیازات هەر بەتەنیا ئەو مووچەیە نییەو گوتی "ئەوەی تائێستا لەبەغدا بڕیاری لەسەردراوەو قبوڵکراوە زۆر زۆرە، ئەوەشی پێشنیازکراوە زۆرترە. ئەوەی تائێستا لەسەری گەیشتوونەتە بڕیار، بۆنموونە چەند رۆژێک لەمەوبەر لە وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکانەوە ئاگاداریان کردین کە لەبەغداوە نووسراوێکیان پێگەیشتووە تایبەت بە زیندانیانی سیاسی بۆ خوێندنی ماستەرودکتۆرا، ئەوزیندانییە سیاسیانەی دەیانەوێ بخوێنن بەبێ گوێدانە تەمەن کورسی تایبەتیان بۆ دیاری دەکرێ و تەنیا خۆشیان لەناو خۆیان کێبڕکێ دەکەن، واتە خەڵکی دیکە کێبڕکێ لەگەڵ ئەوان ناکەن، سەبارەت بە پێدانی پارچە زەوی بڕیار دراوە بەبێ گوێدانە شوێنی لەدایکبوون و بەبێ گوێدانە ئەوەی پێشتر زەوی وەرگرتووە یان نا پارچە زەوییەک وەک زیندانی سیاسی وەربگرێت. ئیمتیازێکی دیکە دانی 10 ملیۆن دینارە وەک سولفە، هەروەها 30 ملیۆن دینار سولفەی خانوو بەبێ قازانج و 30 ملیۆنی دیکە بەقازانج هەردووکیشیان بۆماوەی درێژخایەن، خاڵێکی دیکە کە جێگیرکراوەو ئێستا لەعێراق کاری پێدەکرێت ئەوەیە کە زیندانی سیاسی ئەگەر نەخۆش بوو دامەزراوەی زیندانیە سیاسییەکان تەواوی مەسرەفی دەکێشێ و رەوانەی دەرەوەی وڵاتی دەکات".

### مێژوویەک بەدەم شێ و مێرووەوە

لەسەروبەندی رووخاندنی رژێمی بەعسدا لە نیسانی 2003، باری چەند ئۆتومبێلێکی بارهەڵگر بەڵگەنامەی تایبەت بە دادگاکان و زیندانەکانی سەردەمی بەعس کەوتنە دەست کۆمەڵە خەڵکێک کە ناوی (کۆمەڵەی زیندانیانی ئازادیخوان)یان لەخۆناوە، ئەو بەڵگەنامانە وەک نەجمەدین حەمەسەعید دەڵێت "مێژوویەکی زۆر گرنگی ئێمەن، پەرتوکێکی مێژوویین کە لاپەڕەکانی لێکراوەتەوەو بەهەموو کوچەو کۆڵانێکی ئەم وڵاتەدا بڵاوبوونەتەوە، هەندێکی لەوانەیە لەناوچووبێت وهەندێکی دیکەی لای خەڵکێک پارێزراون. ئێمە توانیمان لەڕێی چەند دۆستێکی خۆمان کۆمەڵێکی زۆر لەو بەڵگەنامانە بدۆزینەوە کە لە بەغدا لە شوێنێکدا پارێزراون، ئەو بەڵگەنامانە دەست کۆمەڵێک خەڵک کەوتبوون کە ئێمە توانیمان بیاندۆزینەوەو قسەیان لەگەڵ بکەین، دواتر داوەتی کوردستانمان کردن و لەگەڵیان دانیشتین و تێگەیشتین کە ئەوانیش کەسانێکی خۆبەخشن و لەدوای ساڵی 2003وە ئەو بەڵگەنامانە دەپارێزن و وردە وردە لێکیان جیادەکەنەوە، لەوێ خەڵکێک هەموو کاتی خۆیان بۆ ئەو کارە تەرخان کردووەو هەستمان کرد پێویستیان بە هاوکارییە، ئیدی لەگەڵیان رێککەوتین کە ئێمە هاوکاری کارمەندەکانیان بکەین و ئەوانیش بەتایبەتی کار بۆ ئێمە بکەن و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کوردستان جیابکەنەوە".



نەجمەدین حەمەسەعید کە بەدرێژایی چەند مانگی رابردوو خەریکی ئەو دانوستانە بووە، لەباسی ئەوشوێنەدا کە بەڵگەنامەکانی لێ هەڵگیراون، دەڵێت "ئەوەی من بینیم ئەگەر لەچاوی مێژوونووسێکەوە تەماشای بکەی شایانی گریانە، دۆسیەی هەزاران هەزار کەس هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا نیسانی 2003 لە ژێرزەمینێکدا هەڵڕێژراون و لەلاوە وردە وردە لێی جیادەکرێتەوە کە رەنگە ئەوە بەئیشی ساڵ و دووساڵ و پێنج ساڵی ئەو چەند کەسە کۆتایی نەیێت کە کاری لێدەکەن، لەولاشەوە سەرماو گەرماو شێ و مێروو بەردەوام کاری خۆیان دەکەن و بەڵگەنامەکان لەناودەبەن، هەر کە سەر بەو هۆڵانەدا دەکەی بۆنێکی ناخۆش لوتت پڕدەکات و دەزانی کە ئەو شوێنە چەندە ناتەندروستە بۆ پاراستنی ئەو بەڵگەنامانە". وەک ئەو باسی کرد، ئەو گرووپە لەبەغدا تائێستا نزیکەی 10 هەزار ناویان جیاکردووەتەوەو رەوانەی کوردستانیان کردووەتەوە، دەشڵێت "لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا دۆسیەم بینیوە هی ساڵی 1948و 1949یە، هی پەنجاکان و شەستەکانم بینیوەو ئەمانەش هەر هەموویان تێکەڵی یەکدی بوونەو کارێکی زۆریان دەوێ تا جیادەکرێنەوە". دەربارەی ئەوەی کە ئەو بەڵگەنامانە چ سوودێکیان هەیە بۆ زیندانیانی کوردستان، گوتی "لەڕاستیدا ئەو سوودە تەنیا بۆ زیندانیان نییەو دەکرێ بڵێین ئەوە مێژووی گەلێکە، دۆسیەکان خۆیان لەوە دەدوێن کە ئەم گەلە لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تائێستا چی بەسەر هاتووە، بۆیە گەلی کورد مافی خۆیەتی ئەو مێژووە لە فەوتان بپارێزێ و بیهێنێتەوە ئێرەو لە مۆزەخانەیەکدا دایبنێ بۆئەوەی مێژوونووسان و توێژەرانی کوردو بیانی سەری تێبکەن و رۆژێک لەڕۆژان دەست بەنووسینەوەی بکەن، پێموایە ئەو کارە دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەی جارێکی دیکە بەوشێوەیە رەفتار لەگەڵ مرۆڤ و ئازادی رادەربڕین نەکرێت".

نەجمەدین حەمەسەعید دەڵێت "جێی داخە لەنێو ئەو بەڵگەنامانەدا دەیان نووسراوی دادگای بەناو شۆڕش دەبینی کە پڕە لەناوو لەکۆتاییدا نووسراوە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا، ئەمە یەک بەڵگەنامە نییەو سەد نییەو دووسەد نییە، هەیانە 100-200 ناوی لەخۆگرتووەو زۆرترینی ئەم نووسراوانەش لەلایەن دڕندەیەکی وەک عەواد بەندەرەوە ئیمزا کراون. سەبارەت بەئێمە کە چۆن سوود لەو بەڵگەنامانە وەردەگرین، ئێستا دامەزراوەی زیندانیانی سیاسی عێراقی دەیەوێ بەڕێگەیەکی یاسایی ئەوە بسەلمێنێ کە کێ زیندانی سیاسییە، ئەم بەڵگەنامانە بۆ ئەو سەلماندنە زۆر پێویستن و بەئاسانی دەتوانی ئەوە بدۆزیتەوە کە کێ لەسەر چی حوکم دراوەو کەی گیراوە".

### زیندانیانی سیاسی لە 50 هەزارەوە بۆ 5 هەزار

پێش دامەزراندنی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان، لەژێر دەسەڵاتی ئیدارەی هەولێرو سلێمانیدا رێکخراوی زیندانە سیاسییەکان وکۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی هەبوو کە سەر بە یەکێتی و پارتی بوون. نەجمەدین حەمەسەعید دەڵێت "ئەمانە بۆ وەرگرتنی خەڵک و ناونووسکردنیان بەزیندانی سیاسی دەرگایان واڵا بووەو کەمتر پابەندی رێوشوێنە یاساییەکان بوونە، کە کۆمکار دروستبوو بڕیارماندا هەموو ئەو دەرگاو کەلەبەرانە بگرین و نەهێڵین خەڵکێک بێتە ژوورەوە کە زیندانی سیاسی نەبووە، سەرەتا بوونی ئەو ژمارە زۆرەی ناوە کۆنەکان و ئەو هەموو ناسنامەیەی بۆ خەڵک کراوە تووشی سەرلێشێوانی کردین، زیندانیانی سیاسی کە مەزەندە دەکرا لەسەروو پەنجا هەزارەوە بن بەگوێرەی ئامارەکانی ئەوان، ئێستا هەرچەندی دەکەین بۆمان ناگاتە پێنج هەزار کەس".

> **بەپێی ئاماری هەردوو رێکخراوەکەی پارتی و یەکێتی 50 هەزار زیندانی سیاسی لە کوردستان هەبووە کەچی ئێستا هەرچەندی دەکەین ناگەنە 5 هەزار**
>
> نەجمەدین حەمە سەعید
> کارگێڕی کۆمکاری زیندانە سیاسییەکان

### بودجەی زیندانیانی سیاسی عێراق و کوردستان

- بودجەی دەزگای زیندانیانی سیاسی عێراق 150 ملیار دینارە.
- بودجەی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان 7 ملیۆن دینارە.

### ئەو مافانەی بۆ زیندانیانی سیاسی بڕیاریان لەسەر دراوە

* یارمەتییەکی مانگانە بەبڕی 500 هەزار دینار تا مووچەکە بەیەکجاری جێگیر دەکرێت.
* پارچەیەک زەوی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی پێشتر سوودمەند بووە یان نا.
* 10 ملیۆن دینار وەک سولفە.
* 30 ملیۆن دینار سولفەی خانوو بەبێ قازانج.
* 30 ملیۆن دینار قەرز بە قازانج.
* هەمووساڵێک سەفەرێکی دەرەوەی وڵات بەخۆڕایی

# هۆڵەندی مەشق بە سەگی کوردی دەکەن



تۆنی لە کاتی مەشقپێکردنی سەگی پۆلیسی

**رووداو- هۆڵەندا**

راهێنەرێکی سەگی پۆلیسی لە رۆژنامەیەکی هۆڵەندیدا باسی کاری خۆی لە باشووری کوردستاندا دەکات. ئەو ماوەیەک پێش ئێستا داوای لێکرا بچێتە کوردستان و چوار سەگی پۆلیسی ئامادەبکات و مەشقیش بەو پۆلیسانە بکات کە لە ئایندەدا سەرپەرشتیی چوار سەگەکە دەکەن.

تۆنی بوویێنی راهێنەر و دامەزرێنەری قوتابخانەی (فۆور ویندس پۆلیس دۆگسێنتەر) کە قوتابخانەیەکی راهێنانی سەگی پۆلیسییە، بە رۆژنامەی (براباننتس داخبلاد)ی راگەیاند "نازانم کوردەکان چۆن منیان دۆزیوەتەوە، بەڵام قوتابخانەکەی من لەسەرتاسەری دنیا رووی تێدەکرێ بۆ مەشقکردن بە سەگی پۆلیسی".

یەکێک لەو چیرۆکە بە ناوبانگانەی لەسەر سەگە مەشقپێکراوەکانی تۆنی لە راگەیاندن دا بڵاوبووەتەوە، داستانی ئەو سەربازە ئیسرائیلییەیە کە خەریکی دۆزینەوە و پووچەڵکردنەوەی بۆمبێک دەبێ و بە هۆی هەڵەیەکەوە لە ناکاو بۆمبەکە پێیدا دەتەقێتەوە. لەو کاتەدا ئەو سەگە پۆلیسییەی لەگەڵی بووە بە برینداری رایدەکێشێ و لە شوێنی تەقینەوەکە دووری دەخاتەوە.

تۆنی بە نیازە بەشێک لە راهێنانی پۆلیسەکان و چوار سەگە پۆلیسییەکەی کوردستان لە هۆڵەندا و بەشێکیشی لە شوێنێکی سەربازیی کوردستاندا ئەنجامبدات.

# سلێمانی خۆی بۆ چاندنی مۆخ ئامادە دەکات وخوێنیش نابەخشێت



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**رووداو – سلێمانی**

لەماوەی حەوت مانگی رابردوودا لەسلێمانی، پێنج منداڵ بەنەخۆشی تالاسیما گیانیان لەدەستداوەو ڕێژەی توشبووانیش تادێت هەڵدەکشێت، چارەسەری کۆتایی تووشبوانی تالاسیما، چاندنی مۆخە، کەقورسترین ڕێگە چارەیەو بەپێی بەڵێنێکیش کەئیتالییەکان بەوەزارەتی تەندروستیان داوە، لەماوەی چەند ساڵێکی داهاتوودا، سلێمانی دەبێتە سەنتەرێکی جیهانی بۆ نەشتەرگەریی چاندنی مۆخ، ئەویش لەڕێگەی کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بۆ ئەو نەشتەرگەرییە لەسلێمانی.

خۆڕاگرتن لەبەردەم دایکی ئەسمادا ئاسان نییە . دایکی ئەسما ژنێکی ڕەشتاڵەی دەروون تێکشکاوە . ئەو پێنج ساڵە بەبەردەوامی وێڵی دوای بوتڵە خوێنێکە تا ژیان بۆ ماوەی مانگێکی تر بەکچەکەی ببەخشێتەوە، دوو دڵۆپ فرمێسک بەرۆکی چاوەکانی گرتووە "هەرچی پارەمان هەبوو دامان ناو ئەم نەخۆشییەش کۆتایی نییە، بەڕاستی ژیان لەخێزانێکی شەش کەسی تێکچووە ".

ئەسمای تەمەن پێنج ساڵ، بوتڵێک خوێنی بەباوەشییەوە گرتووەو چاوەڕێیە سستەرەکە کانۆلای بۆدابنێت و ژیان تکە تکە لەلولەی کانۆلاکەوە بەدەمارەکانیدا شۆڕببێتەوە .

" بەپێی ئامارێک مانگانە15نەخۆشی تالاسیما زیاد دەکات و لەماوەی حەوت مانگی ئەمساڵدا نزیکەی 150نەخۆشی تازە ناونوس کراوە ". تالب تۆفیق قادر بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا لەسلێمانی، هاوکات لەگەڵ ئاماژەدان بەزیادبونی بەردەوامی توشبوانی تالاسیما، نیگەرانیشە لەکەمبونەوەی ژمارەی فریادڕەسە خوێنبەخشەکانی سلێمانی "بەداخەوە خوێن بەخشین کەم بووەتەوە بەبەراوورد لەگەڵ ساڵان و هەربەوهۆیەشەوە، بانکی خوێن ناتوانن بەپێی پێویست خوێنمان بۆ دابین بکەن ". بەڕای لێپرسراوی کۆمەڵەی تالاسیماش، یەک لەتایبەتمەندییە هەرە جوانەکانی خەڵکی سلێمانی، بەخشینی خوێنە، کەئێستا کەم بووەتەوە " دائیمەن کەمی خوێن کێشەمانە".

1-1-2007نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەتووشبوانی تالاسیما لەسلێمانی کرایەوە بەناوی نەخۆشخانەی هیوا .بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە سوپاسی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی دەکات، کەئەوپەڕی هاوکارییان کردوون لەدابین کردنی دەرماندا، "ئەودەرمانەی ئێمە هەمانە لەهەولێریش نیە، بەڵام بەداخەوە کێشەی سەرەکیمان کەمی خوێنە".گلەیشی لەکەسوکاری نەخۆشەکان کرد " بەداخەوە کەسوکاری نەخۆشە کان فێربوون، کەهەردەبێت نەخۆشخانە خوێن بۆ منداڵەکانیان دابین بکات، لەکاتێکدا ئەوە ئەرکی خۆیانە".

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم تائێستا 50نەخۆشی تالاسیمای ڕەوانەی وولاتی ئیتالیا کردووە بۆ چارەسەر و ئیتالیاش تاکە وولاتە کەنەشتەرگەری چاندنی مۆخی تێدا دەئەنجام دەدرێت . تالب تۆفیق وتی " دیارە تووشبوانی تالاسیما سەرەتانی مۆخیان هەیەو مۆخیان خوێن دروست ناکات و دەبێت بەردەوام خوێنیان تێبکرێت، لەوولاتی ئیتالیانەشتەرگەریچاندنی مۆخ توش بوان بەیەکجاری چارەسەر دەکات، هەرچەندە نەجاحەتی سەدلەسەد لەهیچ نەشتەرگەرییەکدا نییە".تالب سەبارەت بەناردنەدەرەوەی نەخۆشەکانیش دەڵێت"ئەوەندە لەسەر حکومەت قورسە، کەهەر نەخۆشێک زیاد لەدە دەفتەر دۆلاری پێویستە". بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا گەلاڵە بونی بیرۆکەی کردنەوەی سەنتەری چاندنی مۆخی لەسلێمانی گێڕایەوە بۆ بێئومێد بوون لەگەیاندنی تەواوی نەخۆشەکان بەئیتالیا "بیرمانکردەوە کەبۆچی خۆمان لێرە نەخۆشخانەیەکی تایبەت نەکەینەوە و پزیشکەکانی خۆمان بچنە ئیتالیا بۆ خولی چاندنی مۆخ، ئەوەبوو لەگەڵ پزیشکەکانی خۆمان قسەمان کردوو ئەوان ئامادەیی خۆیان دەربڕی، دواجار بەڕاپۆرتێک وەزارەتمان لەو بیرۆکەیە ئاگادارکردەوە ".

هاتنی وەفدێکی پزیشکە ئیتالییەکان بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵێنێکی گەورەی پزیشکی لێکەوتەوە . کەبەپێی بەڵێنەکەی ئەوان هاوکاری وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم دەکەن لەدروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەچاندنی مۆخ لەسلێمانی و چەند پزیشکێکیش لەهەرێمی کوردستانەوە دەبەنە ئیتالیا تاخولی بوارەکەیان بۆ بکەنەوە . تالب تۆفیق ئەمەی بەدەستکەوتێکی گرنگ و گەورە زانی بۆ هەرێمی کوردستان و توشبوانی تالاسیما " ئەڵبەتە ئەوکاتە کەنەخۆشخانەکە کرایەوە، چەند پزیشکێکی ئیتالی بۆخۆشیان ماوەیەکی زۆر لەگەڵمان کاردەکەن . ووتیشی " بەڕێز پارێزگاری سلێمانی سەردانی ئیتالیای کردووە و لەوێ ئیمزای ئەو پرۆژەیەیان کردووە و ئێمەش تیمێکمان دروستکردووە تاسەردانی ئیتالیا بکەن بۆ ئەو مەبەستەو ئامادەکارییەکانی دەست بەکاربوون ".

لەتازە ترین بڕیاریدا، وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکاری تووشبوانی تالاسیمای لە50هەزار دینارەوە کردە 150 هەزار دینار .دانا باوکی منداڵێکی توشبو بەتالاسیمایە و سوپاسی حکومەت دەکات بۆ ئەو بڕیارە، هاوکات ناشی شارێتەوە کەنەخۆشی کوڕەکەی ئەو، چونە دەرەوەی پێویستەو لەناو کوردستاندا تەنها دەبێت بەدوای خوێندا ڕابکات . "خۆزگە دەیان ناردینە دەرەوە بۆ ئەوەی لەوێ دکتۆری بەتوانا چارەسەری بکردینایە ".وەک بەرپرسی کۆمەڵەی تالاسیماو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیواش باسیان کرد،تائێستا سێ منداڵ لەئیتالیا نەشتەرگەری چاندنی مۆخیان بۆکراوەو سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێناوەو دۆخی تەندروستیان زۆرباشە .

ئەژین سابیر، لێپرسراوی کۆمەڵەی تالاسیما لەسلێمانی داوادەکات لەخەڵکی شاری سلێمانی کەتایبەتمەندییە جوانەکەی بەخشین لەدەست نەدەن و بەشداری لەهەڵمەتی خوێن بەخشین بکەن بۆ تووشبوانی تالاسیما " بەڕاستی هەمیشە کێشەی خوێنمان هەیەو هەموو کەسیش دەزانێت ئەو تووشبوانە بەردەوام خوێنیان دەوێت و ڕۆژانە بیست کەس خوێنی تێدەکرێت ". ئەژین وتیشی "سێ پزیشکی سلێمانی لەخولی چاندنی مۆخدا سەرکەوتوبون لەئەوروپا و گەڕاونەتەوە، ئەگەر ئەو نەخۆشخانە تایبەتیەشمان بۆ بکرێتەوە، ئەوا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنین ".

لەنەشتەرگەری چاندنی مۆخدا، پزیشک خوێنی پشتی برایەک یان خوشکێکی بچوکی نەخۆشەکە دەردێنن و لەمۆخی نەخۆشەکەدا دەیچێنن و بەو نەشتەرگەرییە، پاش دووساڵ نەخۆشەکە مۆخی دەکەوێتەوە کارو خوێن دروست دەکات، کەئیتر پێویستی بەخوێن نابێت . بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا ووتی " بەراستی ناردنە دەرەوەی 10 نەخۆش لەساڵێکدا هیچ لەکێشەکانی ئێمە کەم ناکاتەوەو بانکی خوێنیش خوێنی پێویستی نییە".

منداڵەکانی نەخۆشخانەی هیوا، هێندە لەچاوەڕوانی خوێندا ساڵانی درێژی تەمەنیان بەسەر قەرەوێڵەکانەوە بەسەر بردوە، کاتێک پزیشکەکە یەکە یەکە بانگیان دەکاتە ژورەوە تادوای تەماشاکردنی فایلەکانی بندەستیان بوتڵەخوێنێکیان بداتێ، کەبوتڵە خوێنەکەش وەردەگرن، دەیگرن بەسنگیانەوە ..ڕۆژگار لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی ڕاکشاوە، بوتڵێک خوێنی وەک نانی شوانی ناوە بەسنگییەوە و دڵنیایە لەوەی مانگێکی تریش دەچێتە سەر تەمەنی . ئەو هیچ قسەی نەکرد، بەڵام لەچاوەکانیدا چیرۆکێکی درێژ لەدڵتەنگیو چاوەڕوانی دەڕژێت.



منداڵێکی تووشبووی تالاسیما لە نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی (فۆتۆ: رووداو)

## بەپێی ئامارێک مانگانە 15 نەخۆشی تالاسیما زیاد دەکات و لەماوەی حەوت مانگی ئەمساڵدا 150 نەخۆشی تازە ناونوس کراوە

**بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا لەسلێمانی**

### نەپاراستنی پاکوخاوێنی کەموکوڕییەکی سەرەکی شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستانە

# دایبی و تەپوتۆز ئاوێسەری بەداخستندا

**رووداو–هەورامان**

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی جوندولئیسلام لە ناوچەی هەورامان، 8-8-2008یەکەمین هەینییە کەگەشتیاران ناتوانن بەخۆیان و هەگبە مزرو بەتامەکانیانەوە بگەنە سەیرانگەی ئاوێسەری هەورامان . باخەوانەکانی ئەو دەڤەرە، بەکەڵەکەکردنی سەدان خرەبەرد لەسەریەک، ڕێگاکەیان گرت و وەک ئاشتی بابە و هەموو باخەوانەکانیش تەئکیدیان دەکردەوە، تەنیا قیرو ئاو و پرۆژەی خزمەتگوزاری دەتوانێت خەرمانەبەردی سەر ڕێگەکە لاببات . جەمیل حەبیب، لەزمانی گەلاگوێزە خنکاوەکانەوە دووپاتی دەکاتەوە "خنکاین و حکومەت هەربەدەنگ نەهات".

"ئاخرمەعقولە دایبی پیسی منداڵ لەناو ئاوی کانییەکەدا فڕە بدرێت ؟کانییەک تەنها سەرچاوەی خواردنەوەو ئاودێریمانەوهەرئەوەشک دەبەین ". مامۆستا حسەین چەندین گەڵای زەردی گوێزە باڵابەرزەکان بەراوەشاندن نیشان دەدات و نیگەرانیشە لەوەی کە بێباکییەکانی گەشتیاران و حکومەت گەیاندونییەتە ئەو ڕێگەچارەیە "لەهەموو ئاوێسەردا تەنها یەک کانی هەیە، خەڵکی گەشتیاریش ئەو کانیەیان پیس دەکردو تەپوتۆزی سەیارەش گەڵاو بەرهەمەکانی بەتەواوی داپۆشیبوو، یەعنی حکومەت نەی ئەتوانی ئەو تۆزە ڕێگایە قیربکات و ئاوڕێکمان لێبداتەوە؟ ".

لەهەر ڕۆژێکی هەینیدا، زیاتر لەنۆسەد خێزان بەمەبەستی بەسەربردنی ڕۆژێک، دوور لەتینی خۆرو لەتەنیشت هاژەی ئاو و جریوەی باڵندەکان ولەسایەی درەختە بەژن زراڤەکانەوە، لەتەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و ناوەڕاستی عێراقیشەوە دەڕژانە سەیرانگای ئاوێسەرەوە .خۆڕاگری ئەو ناوچەیە لەبەردەم هەڕەشەکانی ووشکەساڵیدا وای کردبوو کەئاوێسەرو ئەحمەد ئاوا بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستنەوەو هەیبەتی خۆیان لەدەست نەدەن .

ئاشتی بابە ووتی " ئێمە تەنها کێشەمان ڕێگاکە نییە تا حکومەت بێت قیری ڕەشی پیابکات، بەڵکو ئێمە وەک باخەوانەکان داوای دوو بیری ئاو و قیرتاو کردنی ڕێگا خۆڵەکەودیواری ڕاگرمان کردووە بۆ باخەکان تابیان پارێزێت، هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکانمان لەوە ئاگادارکردوەتەوەوئەمە جاری یەکەم نییە کەئەم کێشەیە ڕووبەڕوی حکومەت دەکەینەوە ". مامۆستا حسەین کەلەساڵانی ڕابردوودا و لەباخەکەی خۆیدا 5000 گوێزی چنیوەتەوە ویەک تەن تریێ و 300کیلۆ هەرمێ بەرهەمی بووە، باوەڕناکات ئەمساڵ بتوانێت 2000گوێز بتەکێنێت " گەڵای گوێزەکان کاتێک تۆز لەسەریان دەنیشێت، مادەیەکی لینج دروست دەکەن و پاشان زەرد دەبن و وشک دەبن، ئەو تۆزە کاریگەری خراپیشی لەسەر بەرهەمەکەی هەیەو جگەلەوەی کەکەمی دەکاتەوە، تامەکەشی دەگۆڕێت".

تەواوی باخەوانەکانی چەمی ئاوێسەر زیاتر بەوەداخبارن، کە تەنهایەک باخەوان سودمەندە لەو هاوینەهەوارەو سەدوشەست و دوو باخەوانەکەی تر داخ و مەراقیان بۆ دەمێنێتەوە . چونکە وەک ئەوان باسی لێوەدەکەن، ئەو باخەی کەگەشتیارانی تێدا کۆدەبنەوە، باخی یەک باخەوانە . " هەموو خێزانێک بیست هەزار دیناری لێوەردەگیرێت بۆئەوەی لەسێبەری درەختێکدا چەند سەعاتێک بمێنێتەوە، سەدان خێزانیش دێن و پارەی مانەوەیان لەو سێبەرانە هەمووی بۆگیرفانی بێستونی ئەسکەندەرەو هەرئەو لەگەڵ یەکێکی تر کەمامیەتی ئیستیفادە لەوەدەکەن خەڵک بێنە ئەوێ ". باخەوانێک کەپەیامەکەی لەوەبەگرنگتر دەزانێ ناوی خۆی ئاشکرا بکات وتیشی " سەیرانگایەک ئەوە حاڵی خزمەتگوزارییەکەی بێت و تەنیا کەسێک پارەی لێدەستبکەوێت و ئەوانی تریش باجەکەی بدەن، هەرئاوای لێدێت ".

لەشارەدێی ڕازاوەی تەوێڵەوە، کەدرەخت ئاسمانێکی تری لەسەوزایی بۆ دروست کردووە، بەڕێگەیەکی دووکیلۆمەتری خۆڵاویدا تێدەپەڕیت تادەگەیتە سەرچاوەیەکی ئاوی سارد وکەللەتەزێن، لەوێ ئاسمانی سەوز چڕتر و ژینگە گەڵاپۆشتر دەبێت . هەستەکەیت، کەوەک ساڵانی ڕابردوو پەلی درەختەکان میوە نەی چەماندونەتەوە . ئەوێ، ئاوێسەری ڕازاوەیە . جەمیل حەبیب دەڵێت " لەناوباخی هەموو باخەوانەکاندا جێدەستی ووشکەساڵی دیارە . پێنج ڕۆژ جارێک دەتوانین ئاوی باخەکانمان بدەین . ژیانی باخداری ئەرک قورسترو ڕەزا تاڵتر دەبێت، ئەبێت حکومەت چیتر لەوە بێدەنگ نەبێت ".

"خۆناچم ڕێیان لێبگرم،حەقی خۆیانە ". نوخشە ناسح بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە دڵتەنگی خۆی دەربڕی کەهەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی بێسود بووە تا حکومەت بجولێنێت بۆ چارەسەری کێشەکانیان . ئەو بەڕێوەبەری ناحیەیە وتیشی " کێشەکە زیاتر لەوەدایە کەئەو جادە خۆڵەی بەناو باخەکاندا رۆشتووە، باخی زۆربەیانی تێکداوەودەبوو باشتر دروست بکرایە،نەک بەوشێوەیە کەبەرژەوەندی هەمووان بکاتە قوربانی بەرژەوەندی یەک باخەوان". بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە وێڕای هەموو پشتگیرییەکی داواکانی ئەوان، ئەوەشی باسکرد کەیاداشتێکیان داوەتە ناحیەو ئەویش دەیگەیەنێتە پارێزگا ."کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی پاک و تەمیز نییەو حەزی لەخاوێنی نییە".ئەنجومەنی شارەدێی تەوێڵە دۆزینەوەی ئەو هەموو پاشەڕۆوپیسییە لەناو کانی ئاوی ئاوێسەردا نیگەرانییان کردووە وپێی وایە کەلەوەتەی کەڵەکە بەردەکانیان لەسەر ڕێگەکە هەڵچنیوە و ڕێگەکەیان گرتووە، خەڵک بەئاسودەیی و دڵنیایی ئاو دەخۆنەوە لەکانی . "ئاخر دایبی پیسی منداڵەکانیشیان فڕەدەدایە ناو ئاوەکە، توخوا سەیران ئاوا دەکرێت ؟". ئەو وتیشی " ئەگەر حکومەت لێی بپرسێتەوە، دەتوانێت ئاوێسەر زۆر لەوە خۆشترو دڵگیرتر بکات و گرفتی ئاویشی نەهێڵێ و کێشەی ووشکەساڵیشی تێدا چارەسەر بکات ".



ژمارەیەک هاووڵاتی لە پردی ئاوێسەر دەپەڕنەوە (فۆتۆ: رووداو)

## کۆمەڵگەی ئێمە حەزی لەخاوێنی نییە

**نوخشە ناسح**
**بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە**

ئەنجومەنی شارەدێی تەوێڵەی هەورامان، دڵتەنگی باخەوانەکانی چەمی ئاوێسەر لەوەدرێژتر و قورستر دەخاتەڕوو کەلەداخستنی دەرگای بەهەشتی گەشتیاراندا دەردەکەوێت " سێبەری باخەکانمان، بوون بەدەردەسەری بۆخۆمان و چارەنووسی سەدو شەست و چوار باخی پڕلەگوێز و هەرمێ و تریێ و هەنارو هەنجیر لەبەردەم مان و نەماندایە، کێ لەئازاری ئێمە تێدەگات؟". ئەو ئەنجومەنە کەبۆخۆی یەک لەباخەوانە دڵشکاوەکانیشە وتیشی " چەند ساڵە داوا لەحکومەت و ئیدارەی دەڤەرەکە دەکەین ئەو ڕێگە خۆڵە قیربکات تاچیتر تەپوتۆز گەڵاکان نەڕزێنێت و گوێزەکان وشک نەکات،چەندین جاریش داوامان لەگەشتیارەکان کرد ئەوەندە تاکە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەو ئاودێریمان پڕنەکەن لەپیسی و پاشەڕۆ، ئەمە بێ فایدەبوو تاناچاربوین ئەو ڕێگەیە بگرین ".

## وەزیری پەروەردە:
# هەموو منداڵێک دەبێ 9 ساڵ لە قوتابخانەدا بمێنێتەوە

**■ لەدیمانەیەکی (ڕووداو)دا وەزیری پەروەردە وێڕای ئەوەی ئاماژە بەوە دەدات کە پەیمانگای مامۆستایانیان داخستووەو سەرجەم ئەو بەڕێوەبەرانەی کە لەقوتابخانە بنەڕەتییەکان و بڕوانامەی دپلۆمیان هەیە لادەبڕێن، ئەوەش دەخاتەڕوو کە بەرنامەی ئەوەیان هەیە کەوتنی قوتابی لەقۆناخەکانی خوێندندا نەهێڵن.**

**ڕووداو-هەولێر**

**ڕووداو: لەساڵی رابردووی خوێندندا تاچەند توانیوتانە سەرکەوتووبن لەو گۆڕانکارییانەی لەسیستمی خوێندندا کران؟**

**وەزیری پەروەردە:** ناتوانین بڵێین لەماوەی ساڵێکدا هەموو ئامانجەکانمان هاتووەتە دی، لەبەر ئەوەی سیستەمەکە گرێدراوی بەردەوامییە، بۆیە بەرهەمی گۆڕینەکەی ئێمە ساڵانەیەو بەشێوەی پچڕ پچڕە نەک ئەوەی بڵێین ئەمساڵ هەموو ئامانجەکانی خۆمان هێناوەتە دی.

**ڕووداو: لە مامۆستاو قوتابی کامیان سەنتەرن بۆ گۆڕینی سیستەمی پەرەوەردە؟**

**وەزیری پەروەردە:** پێشوتر مامۆستا سەنتەری پەروەردە بووە، ئەم سیستەمە وایکرد خوێندکار تێیدا ببێتە سەنتەر، مامۆستا هاریکارو یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی زانستەکە سەرلەنوێ بەرهەم بهێنێتەوەو بیگەیەنێتە ئاستێکی پێشکەوتوو.

## مامۆستایانی کوردستان لەسەر کولتووری ناتوندوتیژی رادەهێنین

**ڕووداو: مامۆستایان تاچەند ئامادەن بۆ پێڕەوکردنی ئەم سیستەمە؟**

**وەزیری پەروەردە:** مامۆستایان ئامادەنەکراون، دەبێت ئامادە بکرێن، دەیان ساڵە مامۆستایانی کوردستان لەسەر سیستەمێکی کۆن ئامادەکراون و راهێنراون و پێگەیەنراون، گەر بتەوێت بیانگۆڕی پێویستت بە خولی راهێنانی بەردەوام و گۆڕینی کۆلێژەکانی پەروەردەو پەیمانگاکانی مامۆستایانە، پێویستت بەگۆڕینی شێوازی مامەڵەی مامۆستایان هەیەو ئەویش بەڕۆژێک و دوو ڕۆژ ناگۆڕردێت و ئێمە چوار پەیمانگای مەشق و راهێنانمان لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەک کردووەتەوەو لەپەروەردەی پارێزگاکانیشدا بەشی راهێنان هەیە.

**ڕووداو: لەگەڵ پێڕەوکردنی ئەم سیستەمەدا، ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوودا چۆن بوو؟**

**وەزیری پەروەردە:** بۆ 9ی بنەڕەتی ئەگەرچی بەپێچەوانەی ساڵانی رابردووەوە سەرجەم قوتابیان بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کرد، بەڵام ڕێژەی دەرچوون زیاتربوو لەساڵانی رابردوو، زیاتر لە 15 هەزار خوێندکار سوودیان لەو بڕیارە وەرگرت کە هەموو قوتابیان داخڵی تاقیکردنەوەکان بکرێن و لە20% ئەوانەی کە بەهۆی ئەو بڕیارەوە بەشداربوون خولی یەکەم دەرچوون و ئەوانەشی کەماونەتەوە بۆخولی دووەم، ڕێژەیەکی بەرچاویان دەردەچن و ئەمەش راستی و دروستی بڕیارەکەی ئێمە دەسەلمێنێ.

**ڕووداو: پێتوایە سیستەمی نەهێشتنی تاقیکردنەوەی بکالۆریا سەرکەوتوو بێت؟**

**وەزیری پەروەردە:** بێگومان هەڵەیە، تێگەیشتنێکی هەڵە لەتاقیکردنەوەی بەکالۆری لە عێراق و کوردستاندا هەبووە، بەکالۆری لای ئێمە لەشەشی سەرەتای و سێی ناوەندی و شەشی ئامادەیدا هەبووە، ئامانج لەو تاقیکردنەوەش بڕیاردان بووە لەسەر دەرچوون و دەرنەچوونی خوێندکار، بەڵام ئەوەی ئەو سیستەمەی داناوە ئەوە ئامانجی نەبووە بەڵکو ئامانجی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی خوێندن بووە لەو قۆناخەدا بۆ ئەوەی بزانێت کەموکورتییەکان چین تاوەکو چارەسەریان بکات، بۆیە ئێمە ستراتیژی تاقیکردنەوەی بەکالۆریمان گۆڕیوە، تاقیکردنەوەی شەشی سەرەتاییمان لابرد بۆ ساڵی نوێش سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیەکین کەتاقیکردنەوەی پۆلی نۆی بنەرەتیش لابەرین، بەڵام لەهەموو قۆناخەکانی خوێندن تاقیکردنەوەیەکی گشتی و بەکالۆرییەکی تر دادەنێینەوە، ئەو تاقیکردنەوەیان بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی پەرەوەردەیە لەو قۆناخە دیاریکراوەداو لەو شارەدا، واتە مەبەستمان لەکەوتن و دەرچوونی قوتابیان نییە، تاقیکردنەوەکەش لەمانگی چواردا دەبێت و ئەمساڵ بۆ هەموو قۆناخەکانی خوێندن دەیکەین و ئەنجامی تاقیکردنەوەکەش وەک ئەنجامی مانگێک ئەژمار دەکرێت، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت خاڵە لاوازەکانی ئەو قوتابخانەیە لەکوێدایە تاوەکو هەوڵبدەین چارەسەری بکەین.

**ڕووداو: بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی کەوتنی قوتابی لەکوردستاندا هەیە لە دونیادا نابینرێت ؟**

**وەزیری پەروەردە:** سیستەمی پەروەردەو خوێندنی باڵای ئێمە پێویستی بەگۆڕینی ریشەیی هەیە، ئەوەی ئێمە دەستمان پێکردووە پێویستە زیاتریش گۆڕانی تێدا بکرێت، لەبەریتانیا ڕێژەی دەرچوونی خوێندکار لەقۆناخی 12 بپرسیت، دەڵێت 98%ە، دەڵێی چۆن؟ دەڵێت ئێمە هەشت وانە دەدەینە خوێندکار و ئەویش ویستی خۆیەتی سێ وانە هەڵدەبژێرێ لەو سێ وانەدا دەربچێ

## 80 هەزار مامۆستا و ملیۆنێک و200 هەزار قوتابیمان هەیە

دەرچووە، لای ئێمە خوێندکار دەبێت لە حەوت وانەدا تاقیکردنەوە بکات و لەهەر حەوتەکەیدا دەربچێ ئەوجا پێیدەگوترێت دەرچووە، کەهەندێک لەو وانانەش هیچ پەیوەندییەکی بەخوێندنی ئایندەیەوە نییە، دەبێت جورئەتی گۆڕینمان هەبێت، لەهیچ وڵاتێکی دونیادا نەماوە بۆ ئەوەی دەربچیت دەبێت لە هەموو ئەو وانانەی کەهەتە دەربچیت.

**ڕووداو:**

**واتە خواستی ئەوەت هەیە نەهێڵی قوتابی لەهیچ قۆناخێکی خوێندندا بکەوێت؟**

**وەزیری پەروەردە:** بەڵێ، بەتایبەتی لە پۆلی یەک هەتاوەکو 9 نابێت بەهیچ شێوەیەک خوێندکار بکەوێت، ستراتیژیەتی وەزارەتی پەرەوەردە بریتییە لەخوێندنی بنەڕەتی 9ساڵ بۆ هەمووان، واتە هەموو منداڵێکی کورد دەبێت 9ساڵ لەقوتابخانەدا بمێنێتەوە .ئەگەر بێت و خوێندکار بکەوێت و پاش دووساڵ کەوتن فەسڵ بکرێت ئەمە کارکردنە دژی ستراتیژیەتییەکەی خۆمان، دەبێت یاساو ڕێنمایەکانی خۆم بگۆڕم کە خوێندکاران تا ئەو 9 ساڵە بەهیچ شێوەک فەسڵ نەکرێت لەسەر دەرنەچوون، چونکە فەسڵت کرد دەچێتە سەرشەقام و کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات.

**ڕووداو: گوتت تاوەکو 9ی بنەڕەتی دەبێت هەموو کەس بخوێنێت، ئەی ئەگەر کەسێک خۆی ویستی واز لەخوێندن بهێنێ، ناچاری دەکەن؟**

**وەزیری پەروەردە:** دەمانەوێت وا لەخودی خوێندکارو کەسو کارەکەشی بکەین ئەوەندە خوێندنیان لاخۆشەویست بکەن خۆیان ئاواتیان خوێندن بێت، واتە دروشمی ئاشتبونەوەی خوێندکار و خوێندنگا بەرزبکەینەوە، ئێستا لەپۆلی یەک تاوەکو سێی بنەڕەتی کەوتنمان نەهێشتووە لەچوارەو تاوەکو نۆ ئەگەر لەوانەیەکیشدا لە پەنجا کەمتری هێنا دەڵێن دەرچوویت، ئەگەر لەخولی یەکەمدا لەتەواوی وانەکانیشدا بکەوێت دەڵێین فەرموو لەخولی دووەمدا تاقیکردنەوە بکەرەوە ئەمە ئاسودەیەکی گەیاندووە.

**ڕووداو: بەنیازن لەساڵی نوێی خوێندن کچان و کوڕان لەقوتابخانەدا تێکەڵ بکەن، مەبەست لەم هەنگاوە چییە؟**

**وەزیری پەروەردە:** باوەڕمان بەدیموکراتی و مافی مرۆڤە، یەکێک لەبەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ئەوەیە ماف بەدایک و باوکی قوتابی دەدات جۆری قوتابخانەی منداڵەکانیان هەڵبژێرن، واتە باوک ئازادە لەوەی منداڵەکەی دەنێرێتە قوتابخانەی تێکەڵ یاخود جیاواز، ئێمە ناڵێین با سەرجەم قوتابخانەکان تێکەڵاوبن، بەڵام قوتابخانەی جیاوازمان دەبێت و تێکەڵاویش دەبێت، خەڵک ئازادە لەوەی منداڵەکەی دەنێردرێتە کامیان، لەو قوتابخانانەش کە لەبنەڕەتەوە تێکەڵاو بوون و ئێستا پۆلی حەوتیان هەیەو ساڵێکی دیکە هەشتیان بۆ دەکرێتەوە بەتێکەڵاوی دەمێننەوە.

**ڕووداو: پێتوایە خوێندنگا تێکەڵاوەکان پرۆسەی خوێندن تێیاندا باشتر دەبێت؟**

**وەزیری پەروەردە:** 10 یەکەمەکەی کوردستان زۆربەی زۆریان لەقوتابخانە تێکەڵاوەکانن، ئەو قوتابخانانەی کە تێکەڵاون ڕێژەی دەرچوونیان زیاتر بووە.

**ڕووداو: دەگوترێت بەشێکی زۆری بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە دەسەڵاتێکی زۆریان هەیەو بەشێکی کاری وەزارەتەکانیش ئەوان دەیکەن، راستە؟**

**وەزیری پەروەردە:** بەداخەوە وەزارەتەکانی ئێمە زۆرجار کاری فەرمانگەکانی خۆیان کردووە، لەوەزارەتی پەروەردە ئەوەمان گۆڕیوە، وەزارەتی پەروەردە پێویستە داڕێژەری سیاسەتی پەروەردە بێت لەکوردستانداو چاودێری ئەو سیاسەتە بێت لەسەر بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکان و پاداشت و سزای ئەوانە بدات کە ئەو بڕیارو سیاسەتانە بەشێوەیەکی گونجاو یان نەگونجاو جێبەجێدەکەن، بۆیە باوەڕی تەواومان بەلامەرکەزییەت هەیەو زۆرترین دەسەڵاتمان داوە بەبەڕێوبەرە گشتییەکان و لەوێشەوە بەبەڕێوەبەری پەروەردەکان و ئەمەش ئیمتیاز نییەو بەرپرسیارییەتییە.

**ڕووداو: ئەم ساڵ دامەزراندنی مامۆستایان بەچ شێوازێکە؟**

**وەزیری پەروەردە:** دامەزراندنی مامۆستایان جیاوازە لەفەرمانبەرانی دی و بەشێوەیەکی لامەرکەزی داومانە بەپەروەردەی قەزاکان خۆیان، خۆیان بەپێی پسپۆری پێویست دایدەمەزرێنن و ئەوکاتە لەسنوری قەزاکەی خۆیان بانگەواز دەکەن بۆ وەرگرتن، پاش وەرگرتنی بەڵگەنامەکان دەبردرێتە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکان و بۆ دەرکردنی فەرمانە وەزارییەکەی دێتە لای ئێمە، نامانەوێت بەهیچ شێوەیەک زیادەڕەوی لەدامەزراندندا بکەین زۆرجار ژمارەی دامەزراندنی پسپۆڕییەکی دیاریکراو زۆر زیاترە لەپێویستی.



(فۆتۆ: ڕووداو)

## قوتابخانانە تێکەڵاوەکان ڕێژەی دەرچوونیان زیاترە

**ڕووداو: سیستەمی نوێی پەروەردە پێویستی بەچارەسەرکردنی گرفتی بینای قوتابخانە هەیە، چیتان کردووە بۆ ئەمە؟**

**وەزیری پەروەردە:** گرفتی بینا گرفتێکی هەستپێکراوەو بەدابینکردنی بودجەیەکی بەرچاو لەهەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتەشداین و هەڵمەتێکی بەرچاوی دروستکردنی قوتابخانە لە کوردستاندا دەستپێدەکەین، بەڵێنی ئەوەمان لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێدراوە کە لەماوەیەکی نزیکدا بودجەیەکی زۆرباشی بەدەر لەو بودجانەی کە ئێستا بۆمان تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی بینا تەرخاندەکرێت و بەو بودجەیەش کێشەی بینای قوتابخانە وەک کێشەیەکی سەرەکی چارەسەردەکرێت و رەنگە لەماوەیەکی نزیکدا ئەو بڕە بودجەیە ئاشکرا بکرێت.

**ڕووداو: واتە قوتابخانە سێ دەوامییەکان نامێنن؟**

**وەزیری پەروەردە:** هەندێک قوتابخانە ئێستا سێ دەوامن، سەرەتا دەمانەوێت سێ دەوامییەکان بکەین بەدوو، دوو دەوامییەکانیش بکەین بە یەک، گەشبینم لە ئایندەیەکی نزیکدا دەتوانین بەسەر گرفتی بینای قوتابخانەدا زاڵ ببین و ئەو بینای قوتابخانانەش کەدروستدەکرێن ئەوانیش لەسەر دیزاینی نوێن، قوتابخانەکانیش 9 پۆلی و 18 پۆلی و 27 پۆلین.

**ڕووداو: مامۆستایان دەڵێن 125 هەزارەکەمان لێببڕن دەوام ناکەین، چیتان بۆ ئەم بابەتە کردووە؟**

**وەزیری پەروەردە:** مووچەی مامۆستایانی کوردستان وەک هی عێراقی لێهاتووە، لە هەوڵی ئەوەداین چەند ئیمتیازێکی دیکە بۆ مامۆستا دابین بکەین لەوانە کۆکردنەوەی خاڵەکانی ژن و مێرد بۆ پێدانی زەوی و شوقە و ئەوانەی لەشوێنە دوورەکان وانە دەڵێنەوە ساڵێکی خزمەتیان بەزیاتر لەساڵێک بۆ ئەژمار بکرێت.

**ڕووداو: 125 هەزارەکە ناگەڕێتەوە؟**

**وەزیری پەروەردە:** تائێستا بڕدراوە.

**ڕووداو: بەپێی ئەم سیتەمە نوێیەی مووچەیە، موچەی چەندین مامۆستا کەمدەبێتەوە، ئەمە چارەسەر کراوە؟**

**وەزیری پەروەردە:** بڕیارێک هەیە کەنابێت مووچەی هیچ مامۆستایەک لەوەی کەپێش ئەم سیستەمە نوێیەی مووچە وەریگرتووە کەمتربێت.

**ڕووداو:کار بۆ گۆڕینی سیستەمی نوێی خوێندن دەکەن، بەڵام ناتوانن کتێب بۆ قوتابیان دابین بکەن ؟**

**وەزیری پەروەردە:** ئەم ساڵ لەیەکەم رۆژی کردنەوەی قوتابخانەدا دەبێت قوتابی و خوێندکار هەموو کتێبەکانیان وەرگرتبێ، زیاتر لەمانگێکیشە کتێبەکان بەچاپکراوی رۆژانە دەگەنە کۆگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک.

**ڕووداو: بڕیارێک دەرچووە کە بەڕێوەبەری قوتابخانە بنەڕەتییەکان دەبێت دەرچووی بەکالۆریۆس بن، ئەمە ناڕەزایی لەلایەن ئەو بەڕێوبەرانەوە دروستکرد کە پەیمانگایان تەواوکردووە، ئەو بەڕێوبەرانە چیان بەسەردێت؟**

**وەزیری پەروەردە:** ئەو قوتابخانانەی لە1 بۆ 9 یان تێدا دەبێت، دەبێت بەڕێوەبەرەکەش بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، بەڕێوبەرەکەی پێشوتر وەک یاریدەدەرێک هاوکاری ئەو دەکات، بەڵام ئەو قوتابخانانەی ئێستا پۆلی 6یان هەیە و 7یان بۆ دەکرێتەوە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**ڕووداو:بەڵام چەند ساڵێکی تر هەموو قوتابخانەکان تاوەکو 9یان دەبێت ئەوکاتە دەیگۆڕن؟**

**وەزیری پەروەردە:** بێگومان، چونکە ئومێدمان وایە هەموو مامۆستایان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن، بۆیە پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایانمان داخستووە، ئێستاش سەرقاڵی پرۆژەی کۆلیژی پەروەرەدەی کراوەین بۆ ئەوەی هەلێک بۆ ئەو مامۆستایانە بڕەخسێنین کە دەرچووی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان و خانەی مامۆستایانن، پاش دەوامی خۆیان ئێوارە بێن لەکۆلێژ بخوێنن.

**ڕووداو: چەند ساڵێک پێش ئێستا ئەوانەی دەرچووی شەشی ئامادەیی بوون بە 40 رۆژ دەکرانە مامۆستا، ئەمانە چیان بەسەردێت؟**

**وەزیری پەروەردە:** ئەم بڕیارە ئێستا نەماوە بەهیچ شێوەیەک و هیچ کەسێک ناتوانێت ببێتە مامۆستا تەنها و تەنها دەرچووی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان و هونەرەجوانەکان و پەیمانگای تەکنیکی بەشی کۆمپیوتەر نەبێت.

**ڕووداو: لەپرۆسەی خوێندندا لێدانتان نەهێشت، پێتوانییە هەندێک جار بەم هۆیەوە گرفت دروست دەبێت؟**

**وەزیری پەروەردە:** توندوتیژیمان بە بڕیار نەهێشت، بەڵام راهێنانی مامۆستایانیش بۆ بەدیلی توندوتیژی پێویستە.

## ئەمساڵ لەیەکەم رۆژی کردنەوەی قوتابخانەدا دەبێت خوێندکار هەموو کتێبەکانی وەرگرتبێ

**ڕووداو: ئەم راهێنانەتان کردووە؟**

**وەزیری پەروەردە:** ئێستا لەپەیمانگای مەشق و راهێنان 33مامۆستا لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە هاتوونەتە هەولێر خولی زێڕینی نەهێشتنی توندوتیژیان بۆ دەکرێتەوەو ئەوان دەبنە رابەری کردنەوەی خول لەپارێزگاکانی خۆیان بۆیە ئەمانە فێردەکرێن لەبری توندوتیژی چی بەکاربهێنن و بەدیلی لێدانمان داناوە، بەڵام ئەمە کاتێکی زۆری دەوێ چونکە 80 هەزار مامۆستاو ملیۆنێک و200 هەزار قوتابیمان هەیە.





## بڵند لە بابیلۆن

تایبەت بەڕووداو

◆ ئەو کۆنسێرتەی بڕیاربوو ڕۆژی 2008/7/31 لەهەولێر بۆ گۆرانیبێژ بڵند ئیبراهیم ساز بکرێ، بەهۆی تەقینەوەکەی کەرکووک بۆ ڕۆژی 2008/8/16 دواخرا.سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەند بڵند ئیبراهیم بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند بڕیارە ڕۆژی 16ی ئەم مانگە کۆنسێرتەکەی هونەرمەند بڵند ئیبراهیم لە هوڵی هوتێلی تازە دروستکراوی بابیلۆن لەهەولێر ساز بکرێ و بلێتەکەشی 35 دۆلار دەبێ.



### گولیستان پەروەر:

# خانووەکەمان لە دهۆک تەواوبووە

**لەشارۆچکەیەکی نزیک بروکسلی پێتەختی بەلجیکا، لەگەڵ ژمارەیەک کارمەندی تەلەڤزیۆنی ڕۆژ، بەجلوبەرگێکی کوردی کە تازە پێی لە ستۆدیۆ هاتبووە دەرەوە، خۆیدابووە بەر تیشکی خۆر. ئەو خاوەنی گۆرانی (وەڵاتێ مە کوردستانە) و چەندین گۆرانی دیکەیە کە لە نێو سەنگەر و بەنهێنی لە نێوماڵاندا گوێی لێگیراوە. هەرچەندە زۆر دڵی ڕەنجاوە لەو دەنگۆکارییەی ڕاگەیاندنی کوردی بەدوای هونەرمەندانیدا دەکات، بەڵام زۆر بە دڵگەرمییەوە ئامادەیی خۆی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (ڕووداو) نیشاندا:**

**ڕووداو-بەلجیکا**

**ڕووداو: پێش دوو مانگ تۆ و شڤان پەروەر لەگەڵ کوڕەکەتان سەرخۆبوون، سەردانی باشووری کوردستانتان کرد، مەبەستی ئەو سەردانەتان چ بوو؟**

**گولستان:** وڵاتی ئێمەیە، ئەو پارچەیەی کوردستان ئازادبووە و ئێمەش وەک هونەرمەند دەمانەوێ ڕۆڵی خۆمان لەنێو گەلی خۆماندا بگێڕین. ئێمە ژیانی خۆمان کردە قوربانی کوردستان، ئەمڕۆش کە دەرفەت و توانا هەیە مرۆڤ بەشێوازێکی پرۆفیشناڵتر خزمەتی گەلەکەی بکات، گرنگە بیکات. هەندێک دەڵێن پرۆژەیان هەیە، منیش دەڵێم ئێمە وەک هونەرمەند هیچ کات بێ پرۆژە نین، ژیان خۆی پرۆژەیە. چۆن تا ئێستا پێشمەرگە خەباتی خۆیان دەکەن، ئێمەش هەر واین و هەر پێشمەرگەین.

**ڕووداو: وابڵاوکرایەوە کە ئێوە بۆ دۆزینەوەی ژنێک بۆ سەرخۆبوون چوونە باشووری کوردستان، ئەوە ڕاستە؟**

**گولستان پەروەر:** نەخێر درۆیە، چونکە من و باوکی سەرخۆبوون وەک ئەوانە نین کە لە کوردەواریدا بۆ کوڕی خۆیان لە ژن بگەڕێین. ئێمە ئازادیخوازین و سەرخۆبوون ئازادە چ هاوسەرێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

**ڕووداو: دەگوترێ بەنیازن لە دهۆک نیشتەجێ ببن، ئەوە ڕاستە؟**

**گولستان:** بەڵێ خانووێکمان لە دهۆک هەیە، ئاواکردنەکەی تەواو بووە، هیوادارم بتوانین ئەوە بکەین.

**ڕووداو: ئەوکات چۆن بەرنامەکەت ( باخچێ گولا) لە تەلەڤزیۆنی ڕۆژ پێشکێش دەکەی؟**

**گولستان:** هێشتا شتێکی ڕوون نییە، هاتن و چوونمان بۆ کوردستان زیاتر دەبێ، بزانین لە کۆتاییدا دەتوانین چ بکەین.

**ڕووداو: پرۆژەی سەرخۆبوون بۆ دامەزراندنی ستۆدیۆیەکی هونەری گەیشتووەتە کوێ؟**

**گولستان :** هێشتا نەگەیشتووەتە هیچ ئەنجامێک، ئێستا خەریکە لە ئەڵمانیا دروستی بکات.

**ڕووداو: شڤان پەروەر بووەتە بەڕێوەبەری هونەری تەلەڤزیۆنی کوردـ١، بەرنامەت هەیە بچی لەوێ کاربکەی؟**

**گولستان:** نەخێر هیچ پرۆژەیەکم لەگەڵ ئەوان نییە.

**ڕووداو: تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان و کوردسات و ئەوانیدیکە هیچ پرۆژەیەکیان پێشکێش نەکردووی؟**

**گولستان :** نەخێر. ئەوە 10 ساڵە لە تەلەڤزیۆنی ڕۆژ کاردەکەم، بەڵام تا مانگی هەشت گرێبەستەکەم لەگەڵ ڕۆژ بەردەوامە و دواتر کۆتایی دێت.

## مانگی داهاتوو بەرنامەکەم لە ڕۆژ تیڤی ڕادەگرم

**ڕووداو: بەنیازی گرێبەستەکەت لەگەڵ تەلەڤزیۆنی ڕۆژ تازە بکەیەوە؟**

**گولستان:** نەخێر، پرۆگرامەکەم دەوەستێنم .

**ڕووداو: واتە هەر بەیەکجاری واز لە کاری تەلەڤزیۆن دێنی؟**

**گولستان :** وا بیردەکەمەوە، لەبەرئەوەی کاری تەلەڤزیۆن زۆر کاتم دەگرێ و ماڵیشم لە دەرەوەی بەلجیکایە بۆیە دوورە بۆ من. ئێستا خەریکی ئەلبوومێکم، هیوادارم لە مانگی ئەیلولەوە کاری تێدا بکەم. زیاتر خەریکی کاری هونەری دەبم.

**ڕووداو: لە تەمەنێکی زوودا گۆرانیت بۆ ئازادی کوردستان گوتوون، بەڵام درەنگ سەردانی کوردستانی ئازادت کرد بۆچی؟**

**گولستان:** ڕاستە سێ ساڵ پێش ئێستا بۆ یەکەمجار سەردانی باشووری کوردستانم کرد. ئەز لە 16 ساڵییەوە لەنێو خەباتی ڕزگاری کوردستاندام، بەفیداکارییەکی مەزن دەستمان پێکرد، بەڵام دەمویست برادەرانی باشووری کوردستان ڕێز لەوە بگرن و بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشت بکرێم، نەک هەروا لەخۆمەوە بێ پرۆگرام بچم، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو پرۆگرامەوە بگەمە گەلەکەم. دواتر ئەو داخوازەم جێبەجێبوو.

**ڕووداو: پێتوایە درەنگ بانگهێشتکردنی تۆ پەیوەست بووبێ بە حیزب حیزبێنە و کارکردنی تۆ لە تەلەڤزیۆنی ڕۆژ؟**

**گولستان :** نازانم هۆی چبوو، بەڵام ئەز وەک ژنە هونەرمەندێکی کورد هەمیشە داوام ئەوەبووە کورد ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوانیان وەلاوە بنێن، چونکە بۆ من پرسی نەتەوەیی لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەوەیە. باوەڕدەکەم هەموو کورد گەیشتوونەتە ئەو تێگەیشتنە کە پێویستە پەند لە مێژوومان وەربگرین، لەبەر ئەوەی پارچەبوون و بندەستی و خولامێتیمان هەمووی بەهۆی دژایەتی و ناکۆکی نێوخۆییە.

**ڕووداو: کۆڕەک موزیک بڕیاریداوە هەموو بەرهەمەکانی شڤان پەروەر چاپ بکاتەوە، زۆر لە بەرهەمەکانی تۆش کاتی خۆی بە کوالیتییەکی خراپ تۆمارکراون، بیرت لەوە نەکردووەتەوە بەشێوازێکی تازە چاپیان بکەیەوە؟**

**گولستان :** منیش حەزێکی وام هەیە، ئەگەر ستۆدیۆکەی سەرخۆبوون دابمەزرابا گۆرانییەکانی خۆم بە ساوندێکی نوێ تۆمار دەکردنەوە و کاکشار ئۆرەماریش تێکستەکانی دەنووسیەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ کۆنتراکتێکی وام لەگەڵ کەس نەکردووە.

**ڕووداو: ئەگەر کۆمپانیایەکی هونەری ئەو داوایەت لێبکات وەڵامت چ دەبێ؟**

**گولستان:** زۆر پێی دڵخۆش دەبم .

**ڕووداو: بە نیازی کلیپ بۆ هەندێ لە گۆرانییەکانت دروست بکەی؟**

**گولستان :** بەنیازم لە کاتی دروستکردنی ئەلبوومە نوێیەکەمدا بۆ دروستکردنی هەندێ کلیپ بچمە باشووری کوردستان، لەبەرئەوەی سروشتی کوردستان زۆر جوانە، ئەگەر لەو بوارەشدا کۆڕەک موزیک ببێتە سپۆنسەرم زۆر باشە بۆ من.

**ڕووداو: کە چوویە کوردستان نەچوویە سلێمانی بۆچی؟**

**گولستان :** لەبەر ئەوەی ئێمە لەلایەن مەکتەبی سەرۆکەوە داوەتکرابووین، لە سلێمانی داوەتنەکرابووین لەوێش وایە دەبێ داوەتبکرێی، بەڵام لەسەردانی یەکەممدا چوومە سلێمانی.

**ڕووداو: ڕەوشی باشووری کوردستانت چۆن بینی؟**

**گولستان :** بەداخەوە سەدام کوردستانی وێرانکردووە، ژیانی ڕۆژانەی خەڵک ئیفلیج ببوو، دەبێ سەر لەنوێ دروستبکرێتەوە. بۆ هەولێر باسی پرۆژەی زۆر گەورە دەکرێن، زۆر پێی دڵخۆش بووم، دەبێ بە زوویی ژیانی گەلەکەمان باشبکرێ. باسی دروستکردنی بەنداو و باشکردنی کارەبا وەک ئەوروپا دەکرا، ئەوانە زۆر گرنگن. دروستکردنی خانوو بۆ ئەوەی گەل بەشێوەیەکی پاک تێیاندا بژی، ئەوانە زۆر گرنگن. بەڵام بەڕای من 10 ساڵ پێویستن بۆ دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان و گۆڕینی ڕەنگی کوردستان.

**ڕووداو: ئێستا کە خانووشتان هەیە، دەتوانی لە کوردستان بژی؟**

**گولستان:** ئەرێ وەڵڵا زۆر بەخۆشی، ئازادی لە کوردستان هەیە و خەڵک وەک کورد دەژین دوور لە دەستی داگیرکەران. بۆ مرۆڤ سەربڵندییە بە ئازادی لە نێو گەلەکەیدا بژی.

**ڕووداو: دەتوانی کەم کارەباییش تەحەمول بکەی؟**

**گولستان:** بەڵێ دەتوانم، بۆچی نا .

**ڕووداو: چۆن دەڕوانییە شکاندنی خەڵک لەنێو ڕاگەیاندنی کوردیدا بەتایبەتی لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا، بەتایبەتی کە زۆر شت لەسەر دوا سەفەرەکەی ئێوەش نووسرا؟**

**گولستان:** لە وڵاتاندا هەموو کەس پشتیوانی کەسایەتییەکانی دەکات بۆ ئەوەی لەئاستی جیهانیدا بچنە پێشەوە و ببنە سیمبول و ڕووی وڵاتەکانیان، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە وەک کورد هەمیشە بندەست بووین و خولامێتی تورک و فارس و عەرەبمان کردووە، فێرنەبووین سیمبوولەکانمان بپارێزین و هەرکاتێک سیمبولێکمان دروستببێ دەیشکێنین، بۆیەش بە ئاسانی دەتوانین ببینە سیمبولی گەلانی دیکە. بۆ نمونە ئەگەر کوردێک لە تورکیا بە تورکی گۆرانی بڵێ دەوڵەتی تورکیا بە هەموو شێوەیەک هاوکاری دەکات و دەیهێنێتە پێشەوە، کوردیش دەڵێن " ئا ئەوە ئەسڵی کوردە چەند باشە"، شانازی پێوە دەکەن، بەڵام شانازی بە کوردی بێژەکانەوە ناکەن. بەڕاستیش زۆرجار ڕاگەیاندنی کوردی وەرەی مرۆڤ تێکدەدا و واتلێدەکات کەم خەبات و کار بکەی. بەڵام هەمیشە دەڵێم من دەزانم کێم و چ کارێک دەکەم، ئینجا هەرکەسێک چ دەنووسێ ئارەزووی خۆیەتی ئەز پێی بریندار نابم و دەڵێم ئەوە کەمورتی خۆیانە.

## ئەگەر کۆڕەک موزیک ببێتە سپۆنسەرم زۆر باشە

**ڕووداو: لەبەر ئەوەش پەشیمان نیت کە بەتورکی گۆرانیت نەگوت؟**

**گولستان :** ئەوە سووکایەتییەکی زۆر گەورە بوو ئەگەر وامبکردبا. ئەز بە بڕواوە کەوتمە نێو ئەو مەسەلەیە، ئەگەر لە کوردستان بمابامەوە نەدەبوومە سترانبێژ و بەتورکی گۆرانیم نەدەگوت، ئەگەر لە کوردستانیش بمابامەوە نەدەبوومە هونەرمەندی تورکان، هەر کارم بۆ کێشەی میللەتەکەم دەکرد، بەڵام لەوانەیە بە جۆرێکی دیکە ئەوەم بکردبا. ئەو کارەم بۆ وشیاربوونی میللەت بوو. ئەز کچی شێخ و عەشیرەتم، لەلای ئێمە عەیبە ژن بێتە سەرشانۆ و گۆرانی بڵێ، من ئەوەم بۆ ئازادی گەلەکەم کرد، دەرکەوتنی من تەنیا بۆ ئەوە نەبوو ببمە هونەرمەند، بەڵکو بۆ شۆرش و وشیاربوونەوەی میللەت بوو. چۆن پێشمەرگە بە چەک شەڕی دوژمنی دەکرد، ئێمەش بە گۆرانییەکانمان شەڕی دوژمنمان دەکرد.

**ڕووداو: ئێستا کە حکومەتی کوردستان هەیە و دەزگای کوردی زۆرن، دەبینی وەفادارین بەرامبەرت ؟**

**گولستان:** ناتوانم بڵێم 100% وەفادارن، بەڵام ڕەنگە کەموکوڕی ئێمەشی تێدابێ بەهۆی دووریمانەوە. بەڵام پێموایە من لە تەمەنی هەرە باشی خۆمدام، باوەڕدەکەم ئەگەر خزمەتێکم بکرێ من بوومەتە خاوەن ئەزموون و وەک 30 ساڵ و 20 ساڵ پێش ئێستا نیم.

**ڕووداو: ئێستا کە بەشێکی باشووری کوردستانە ئازادە، هەندێ کەس پێیوایە سەردەمی گۆرانی شۆرشگێڕی بەسەرچوو، ڕای تۆ چییە؟**

**گولستان:** ئەوانەی وادەڵێن گیانی نەتەوەییان لاوازە، باکووری کوردستان کە 20 ملیۆن کوردی لێدەژی هێشتا بندەستە و شەڕی ئازادی دەکات، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بندەستە، کەرکووک و موسڵ و مەخموور و شێخان هێشتا بندەستن، گۆرانی شۆرشگێڕی هێشتا خاوەن ڕۆڵە . گەلی کورد بە ملیۆنان هێشتا بندەستە و ڕۆڵی من تەواو نەبووە، وەک گوڵستان چیم لە دەستبێ بۆ میللەتەکەمی دەکەم.

### فرۆشی سروودی ئایینی و وتاری مەلا میسرییەکان ڕووی لە زیادبوونە لە کوردستان

# "سامی یوسف داوای دوو ملیۆن دۆلاردەکات بۆ کۆنسێرتی هەولێر"



سامی یوسف

-ساڵی 1980 لە تارانی پایتەختی ئێران لەبنەماڵەیەکی ئازەری لە دایکبووە
- لەتەمەنی سێ ساڵیدا بنەماڵەکەیان بەرەو ئینگلستان کۆچیان کردووە
- لە2007 گۆڤاری Time ی ئەمەریکی بە گەورەترین گەۆرانبێژی موسڵمان ناوزەدی کرد
- 2 ملیۆن دانەی لە ئەلبوومی 2007 فرۆشتوە
- خێزاندارەو ژنەکەی ئەڵمانیە
- زمانی فارسی وئینگلیزی و کەمێک ئازەریش دەزانێ وخەریکە خۆی فێری عەرەبیش دەکا
- بە گۆرانیبێژانی بەریتانی جۆرج مایکل، ئەڵتۆن جۆن وبروس سپرینگستین-ئەمەریکی سەرسامە
- هەمیشە بەوە تاوانبار دەکرێت کە گەنجە موسڵمانەکان بەهۆی گوێگرتن لە گۆرانییەکانی بەرەو توندڕەوی دەچن

**سۆران بەهائەددین**

**ڕووداو-هەولێر**

کچێکی محەجەبە لەبەردەم تۆمارگەیەکی ئایینی وەستاو داوای سروودی سزاو پاداشتی ڕۆژی دوایی کرد. ئەو کچە تەمەن 20 ساڵە نێوی شیلان بوو، لەوبارەشەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەو سرووده مۆسیقای تێدا بەکارنەهاتووە، حەزم لەمۆسیقا نییە چونکە زۆر لەهونەرمەندان دەنگی خۆیان بەمۆسیقا خۆشدەکەن و، سادەیی گۆرانی و ژیانیان تێکداوە".

مەلاکان لەبارەی گوێگرتن لە میوزیک ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێکیان پێیان حەرامەو هەندێکیشیان بە حەڵاڵی دەزانن. مەحمود ڕەمەزان یەکێکە لەو سروودبێژانەی مۆسیقا بەکارناهێنێت، ئەو بۆ (ڕووداو) دواو گوتی "جەماوەر منی بێ مۆسیقا دەوێت، منیش ڕێزیان دەگرم و مۆسیقا بەکارناهێنم، حەزیش لەمۆسیقا ناکەم"، ئەو پێیوایە مادام سروود بۆ جەماوەر دەڵێ وجەماوەرەکەشی دەیانەوێ سروودەکانی بێ مۆسیقا بن ئەویش پێڕەوی ئەوە دەکات" جگە لەوەش دەبێ گۆرانییەک بڵێم خودا پێی ڕازی بێت".

سروودبێژ مەحمود ڕەمەزان، لەساڵی 1994 دەستی بەگوتنی گۆرانی ئیسلامی کردووە، تائێستا 13 بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە "سەرەتا لەئاهەنگەکانی بووک گواستنەوەدا گۆرانیم دەگوت، کە ژنم هێنا وازم لەوە هێنا و ئێستاش زۆر پەشیمانم کە کاتی خۆی وامکردووە".یەکەمی بەرهەمی ئیسلامی ئەو لە ساڵی 1995 بڵاوکراوەتەوە. بەقسەی مەحمود ڕەمەزان " لەتۆمارگاکان نۆرەی لەسەر کڕینی یەکەم بەرهەمم گیرابوو، بەرهەمی 2003 یش پڕ فرۆشترین ئەلبوممە کە ناوی (دایە گیان)ە".

کەچی حسیامەددین لورنەژاد کە گۆرانیبێژێکی کرماشانییەولەوماوەیە سەردانی باشووری کوردستانی کرد، دوای بڵاوکردنەوەی دوو ئەلبوومی گۆرانی ئاینی ئێستا ڕووی لە گۆرانی پۆپ کردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "نامەوێ چیتر بەناوی خوداو پێغەمبەرەوە پارە کۆبکەمەوە".

نورەدین مەولود خاوەنی نووسینگەی ڕووناکی بۆ بەرهەمە ئایینیەکان باسی لەوەکرد کە بەرهەمەکانی سامی یوسف لەهەولێر زۆرترین فرۆشیان هەیەو گوتی "سامی یوسف هونەری ئیسلامی گۆڕی، ئێستا کوردو خەلیجیەکان لاسایی دەکەنەوە، هەموو جۆرە خەڵکێک بەرهەمەکەی دەکڕن، کچ هەیە سفوورە گوێ لەگۆرانی کوردی ناگرێ و سیدییەکەی سامی دەکڕێ ".

کۆمپانیای ڕەنگار لەموسڵ وەکیلی سامی یوسفە لە عێراق. نورەدین کە بەنیازە ببێتە وەکیلی کۆمپانیای ڕەنگار بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی سامی یوسف گوتی "کۆمپانیای ڕەنگار داوای لەسامی یوسف کرد لەهەولێر کۆنسێرتێک بکات، ئەویش داوای دوو ملیۆن دۆلاری کردبوو، کۆمپانیایەکە ئێستا بەوەندە پارەیە ڕازییە، بەڵام لەئاسایشی سامی یوسف دەترسێن کە چۆن بیپارێزن".

سروودبێژ ئەیاد محەممەد، تا ئێستا 5 بەرهەمی بڵاوکردووەتەوەو، بە گۆرانی (ئەی محەممەد) زۆرترین نێوبانگی دەرکرد، لەبارەی گۆرانییەکانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تا ئێستا لەڕووی داراییەوە هیچ سوودم لە بەرهەمەکانم نەبینیوە،هەرچەند بەرهەمی ڕابردووم زیاتر لە 5000 دانەی لێفرۆشرا".

خاوەنی سەنتەری سایە ئاماژەی بەوەدا فرۆشتنی گۆرانی ئاینی ڕووی لە زیادبوونە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا سروودبێژانی ئایینییەکانی کورد ناتوانن کێبرکێی بیانییەکان بکەن و گوتی"سامی یوسف لەهەموویان زیاتر دەفرۆشرێت، چونکە دڵسۆزە لەکارەکەیداو ماندووبوونی پێوە دیارەو بە توانایە، بەڵام هونەرمەندانی کورد جگە لەوەی توانایان کەمترە، هیچیان باری داراییان تەواو نییە، شیعرەکانیشیان زۆری بێ هێزن".

سروودبێژان هۆکاری ئەو پاشەکشێیەی سروودی ئایینی کوردی لەچاو بیانی بۆ بواری دارایی دەگەڕێننەوە و دەڵێن " ئێمە کە بەرهەمێک دەردێنین، خەڵک هاوکاریمان دەکات، بەڕاستی لەڕووی مادەوە دەستمان شکاوە". مەحموود ڕەمەزان دەڵێت "یەک سروودی سامی یوسف کە 4 خولەکە- 40 80 دەفتەری تێچووە و چوار وڵاتی بۆ کلیپێک کردووە". مەحمود ڕەمەزان باسی ئەوە دەکات لە یەک کۆنسێرتی سامی یوسف لە جەزائیر 7 ملیۆن کەس چووبوو، کە ئەوە ناچێتە مێشکی هیچ کەسێکەوە .

ئەیاد محەممەد، گلەیی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری دەکات کە هاوکاری سروودبێژانی ئایینی ناکات، وەک بەراوردێک لەنێوان خۆیان و سامی یوسفیشدا گوتی "سامی یوسف بۆیە زۆرترین جەماوەری هەیە چونکە چەندین حکومەت پشتگیری دەکەن، منیش لەهۆڵێکی 1 ملیۆنی کۆنسێرت بکەم دەنگیشم ناخۆش بێت نێوبانگ دەردەکەم".

سەیفوڵڵا هونەرمەندێکی باکووری کوردستانە، سروودی بەکوردی و تورکی هەیە، بەڵام بەهۆی تەلەڤزیۆنی حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە زیاتر بەسروودی (کانی محەممەد مستەفا) نێوبانگی دەرکردووە، بەگوێرەی قسەی خاوەنی نووسینگەی ڕووناکی لەنێو هونەرمەندانی ئیسلامی کورددا زۆرترین فرۆشی هەیە "لەنووسینگەکەمان 1500 دانە لەکاسێتی سەیفوڵڵا فرۆشراوە، ماوەیەک لەمەو بەر هاتە کوردستان لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە لەهەولێر کۆنسێرتێکی سازدا، 5000 دۆلاری وەرگرت".

ئەو کەسانەی بەرهەمە ئیسلامییەکان دەکڕن خەڵکی جۆراوجۆرن، تەنانەت خاوەنی تۆمارگەی ئیخلاس دەڵێ"مەسیحی دێت داوای وتاری مەلا شێرزاد دەکات، هەموو جۆرە کەسێک دێتە لامان، زۆرجار سروود دەکڕن بۆ دەرەوەی وڵات دەینێرن، بەگشتی ڕۆژانە 100-300 سروود دەفرۆشم".

لەیەکێک لە دوکانەکانی سیدی فرۆشتن، کە بەرهەمی ئایینی دەفرۆشێ، سیروان ئەسعەدی کە کوڕێکی هەولێرییە و، زیاتر لە 10ساڵە گوێ لە گۆرانییە ئاینییەکان دەگرێت دەڵێ "سروود ئەو خۆشییەی جارانی نەماوە، وەک جاران دڵسۆز نین، ئێستا هەندێکیان گۆرانییەک دەڵێن کە جۆکەر بێت و بۆ ئاینی بگونجێت و کەناڵە نائیسلامیەکانیش لێی بدەن".

خاوەنی نووسینگەی ڕووناکی ڕەخنە لە سروودبێژانی ئایینی کورد دەگرێ و دەڵێ " ئاوازی بیانی بەکاردێنن کە خەڵک لێی وەڕس بووە". لەهەمانکاتدا باسی زیادبوونی فرۆشی وتاری مەلا میسرییەکانی کرد لە هەولێر و گوتی "لای من مەلا میسرییەکان زۆرترین کڕیاریان هەیە چونکە یەکجار زیرەک و بوێرن".



## ئیمپراتۆر
## دەست لەئۆلۆمپیاد بەرنادات

ڕووداو -DW

◆ سەرەڕای ئەوەی تەمەنی گەیشتووەتە 35 ساڵ، ڕاکەری نێوداری ئەسیۆبی لەماراسۆنە ماوە درێژەکاندا، هایلە گابراسیلاسی، کە بەئیمپراتۆری ئۆلۆمپیاتەکان نێودەبرێت، ڕایگەیاند کەبەشداری لەماراسۆنی 10 هەزار مەتری پەکیندا دەکات" من هێشتا خۆم بەگەنج دەزانم، بۆیە بەنیازم دوای ئۆلۆمپیادی پەکین بەشداری لەئۆلۆمپیاتەکانی دیکەشدا بکەم".

### ئۆلۆمپیادی پەکین

# تانگۆو سامپا لە ململانێیەکی مێـــــــژوویدا



**لێدوانی ڕووداو**

لەپێشـــبڕکێی تۆپی پێی ئۆلۆمپیادی پەکیـن 2008 کە ئێستــا لەوڵاتی چین بەڕێــوە دەچێــت، هەردوو جەمســەری تۆپی پێی ئەمریکای باشوور، ئەرژەنتین و بەرازیل خۆیان لەململانێیەکی مێژوویی نوێدا دەبیننەوە.

لەســەرجەم پاڵەوانێتیە جیهانیەکانی تۆپی پێدا ســامپای بەرازیلی و تانگۆی ئەرژەنتینی بەهەرە سەرســەختترین دوو ڕکابەری یەکتر دادەنرێن، کە مێژوویەکی دوورو درێــژی ململانێیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، لەم ئۆلۆمپیاتەشدا جارێکی تر دوو ڕکابەر دەبن بۆ بردنەوەی ملوانکەی زێڕینی ئەم پێشـبڕکێیە، کە بە شایەتی زۆربەی چاودێران ئەم دوو هەڵبژاردەیە بەهێزترین دوو پاڵێـوراوی ملوانکەی زێڕینن، ئەگەر چی هەندێک هەڵبــژاردەی دیکەی وەکو هۆڵەنداو ئیتاڵیــاو نایجیریاش، پەنجەی پاڵێوراویان بۆ درێژ کراوە.

ملوانکــەی زێڕینــی ئۆلۆمپیــاد تاکە پاڵەوانێتی تۆپــی پێی نێودەوڵەتییە کە بەرازیل تاکو ئێستا نەیتوانیوە پلەی یەکەمی بەدەســت بهێنێت، بۆیە کارلۆس دۆنگای ڕاهێنەری بەرازیلی کە ئەرکی هەڵبژاردەی ئۆلۆمپیشــی پێســپێردراوە لەبــەردەم دەرفەتێکی مێژووییدایە، کە بەبردنەوەی ملوانکەی زێڕینی ئەم ئۆلۆمپیادە دەتوانێت مێژووی تۆپی پێی وڵاتی سامپا تێرو تەواو بکات و بسەلمێنێت کە بەرازیل هەڵبژاردەی هەموو نازناوو پاڵەوانێتیەکانەو هەر خۆی پاشــای تۆپی پێی جیهانە، جیا لەوەی دۆنــگا بەدەســتکەوتێکی وا مێژوویەکی گەورەش بۆ خودی خۆی تۆمار دەکات و ئیتر بڕوا بەبەرازیلیەکان دێنێت کە شیاوی ئەوەیــە ئەرکی بەهێزتریــن هەڵبژاردەی جیهانی بەدەســتەوە بێت بۆ بەشــداری کــردن لەمۆندیالــی 2010، وەک خۆی دەڵێت" لەگەڵ ڕێزنان لەهەموو هەڵبژاردە بەشــدار بووەکان، دەبێ بۆ هەموو لایەک بسەلمێنینەوە کە بەرازیلیەکان شای تۆپی پێی جیهانن".

هەرچــی هەڵبــژاردەی ئۆلۆمپــی ئەرژەنتینە کە ئەرکی ڕاهێنەرایەتیەکەی بەدەست سێرجیو پاتێســتای یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیە، بەگیانی بەرگریکردن لەنازناوەکەی یاری دەکات، کە بەبۆچوونی هەندێک لەچاودێران ئەمجارە بەهۆی چەند هۆکارێکــەوە هەڵبژاردەی تانگۆ لەسامپا نزیکترە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ململانێیە مێژووییە بۆ بەرژەوەندی خــۆی، بــەو پێیــەی ئەرژەنتینیەکان لەئولۆمبیاتــدا خــاوەن مێژوویەکــی دەوڵەمەندترن و ئەزموونێکی زۆریشیان لەبردنەوەی نازناوەکاندا هەیە، زێدەباری ئەوەی ئەمجارە چانسی ئەوان باشتر بوو لەڕووی ڕێگەدان و نەدانی یاریزانەکانیان بۆ بەشــداری کردن لەم پێشبڕکێیەدا، لەلایەن یانە ئەورووپیەکانیانەوە، بۆ نموونە یانەکانی بەرشلۆنەو ئەتلەتیکو مەدریدو ریــال مەدریدی ئیســپانی و لیڤەرپۆلی ئینگلیزی نەیانتوانی ڕێگە لەلیونێل میسی و ئەگوێرۆو گاگۆو ماســکارانۆ بگرن کە یاری بۆ ئەرژەنتین بکەن، کەچی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی و ریال مەدریدی ئیســپانی ڕێگەیان نەدا کاکاو ڕۆبێنهۆو یاری بۆ بەرازیل بکەن.

بێجگــە لەهەمــوو ئەمانە دیکــەش هــەر لەبەرژەوەنــدی تانگۆوەکاندایــە، کــە خــوان ڕۆمان ریکێلمی لەنێو یاریگادا سەرپەرشــتیان دەکات، لەبەرامبــەردا ڕۆناڵدینهــۆ سەرپەرشــتی ســامپاکان دەکات، کە لەمبارەشــەوە چاودێــران تەرازووەکــە بــەلای ئەرژەنتینیەکاندا بەرزدەکەنەوە بەوپێیەی ئێســتا ریکێلمی لەو پەڕی ئاست بەرزیدایە لــە کاتێکــدا بــڕوا ناکرێت ڕۆناڵدینهۆ بەو خێراییــە بگەڕێتەوە ئاستی جارانی خۆی.

**تا ئێستا ئەنجامەکانی بەرازیل و ئەرژەنتین بەمشێوەیەن:**

بەرازیل ـ بەلژیکا (1ـ 0)گۆڵ
بەرازیل ـ نیوزیلەندا (5ـ 0)گۆڵ
ئەرژەنتین ـ کوتدیڤوار (2 ـ 1 )گۆڵ
ئەرژەنتین ـ ئۆستراليا (1ـ 0)گۆڵ

### بەمەزندەی شارەزایان..

# زۆرترین ملوانکە زێڕینەکانی ئۆلۆمپیاد بۆ چینییەکان دەبن



**ڕووداو ـ BBC**

بەپێــی مەزنــدەی پســپۆرو چاودێــران، وەرزشــوانە ئەمریکیەکان زۆرترین ژمارەی ملوانکەکانــی ئەم ئۆلۆمپیــادە دەبەنەوە، بەڵام وەرزشوانە چینییەکان زۆرترین ملوانکە زێڕینەکانیان بەردەکەوێت.

گۆڤاری سپۆرت ئیلوستریت، کە گۆڤارێکی ئەمریکــی بەنێوبانگەو هەمــوو جارێ بەر لەدەســتپێکردنی یارییــە ئۆلۆمپیــەکان، بەهــاوکاری گــەورە پســپۆرو چاودێران، مەزندەکانی لەســەر ئەنجامــی یارییەکان ڕادەگەینێــت، ئەمجارە لــەو بڕوایەدایە کە وەرزشوانە چینییەکان دوای 4 ئۆلۆمپیات، لــەم ئۆلۆمپیاتــەدا کە خۆیــان میوانداری دەکــەن، پێشــەنگی لەئەمریکیــەکان وەردەگــرن، بەبردنــەوەی زۆرترین ژمارەی ملوانکە زێڕینەکان، هەرچەندە دڵنیایە لەوەی کە ئەمریکیــەکان لەبردنەوەی کۆی ژمارەی ملوانکەکان بەهەرسێ جۆری زێڕو زیوو برۆنز هەر لەریزی پێشەوە دێن.

بەبۆچوونی سپۆرت ئیلوستریت، چینیەکان 102 ملوانکەی هەمەجۆر دەبەنەوە (49زێڕو 28 زیــوو 25 برۆنز)، ئەمریکیەکانیش 121 ملوانکەی هەمەجۆر دەبەنەوە (45 زێڕو 44 زیــوو 32 برۆنز)، پلەی ســێیەمیش بۆ رووســەکان دەمێنێتەوە بەبردنەوەی 75 ملوانکەی هەمەجۆر(25 زێڕو 28 زیوو 22 برۆنز).

تاکو ئامادەکردنی ئەم بابەتە دەســتکەوتی ئەمەریکییەکان و چینییەکان لە بردنەوەی ملونکەکان بەم شێوەیەیە:

| وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز |
|---|---|---|---|
| چین | 6 | 2 | 0 |
| ئەمەریکا | 2 | 2 | 4 |



جۆرج بوش وورەی یاریزانە ئەمەریکییەکان بەرز دەکاتەوە (فۆتۆ:Daylife)

# ئۆلۆمپیادی پەکین و سیاسەت

ئامادەکردنی ڕووداو

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سیاسەت و وەرزش لێکجیادەکاتــەوە، هــەردەم بۆنە وەرزشــیەکان، بەتایبەتیــش یارییە ئۆلۆمپییەکان بۆنی سیاســەتیان لێهاتووەو بەردەوام سیاسەتمەداران هەوڵیانداوە، ئەو بۆنە جیهانیە بۆ بەرژەوەندیە سیاسیەکانیان بقۆزنەوە، ئۆلۆمپیادی ئێستای پەکین 2008 یــش جارێکــی دیکە تێکەڵ بەسیاســەت کرا، کە هەرزوو وڵاتە زلهێزەکان ویســتیان پرســی هەرێمی تبت، بکەنە هۆکارێک بۆ فشار خستنە ســەر حکومەتی چینی، کە ئێستا وەک هێزێکی زەبەلاح هەڕەشە لەباڵا دەستیان دەکات، خودی حکومەتی چینیش پێیوایە لەڕێگەی ئەم ئۆلۆمپیاتەوە دەتوانێت خۆی وەک زلهێزێکی ئابووری و تەکنەلۆژی و یەکگرتوو لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و باڵادەست لەوەرزش نیشانبدات، کە دەیەوێت بەسەر ڕۆژئاوادا خۆی بسەپێنێت.

هەر ئەم بایەخە سیاســیەی ئۆلۆمپیاد وایکرد 90 گەورە شــاو سەرکردەی جیهان لەسەرووشــیانەوە جۆرج بۆشــی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشداری لەئاهەنگی کردنــەوەی ئۆلۆمپیادی پەکین 2008 دا بکــەن، کــە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەو ڕاستیەی کە ئۆلۆمپیادی پەکین ڕوویەکی دیکەی ڕکابەری سیاســی نێوان زلهێزەکانە.

## پێشبڕکێ

- بەکورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.





ڕزگار شەوکەت لە کەلار بە لێدوانی: (**ساتێک پشوودانیش پێویستە**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو بوو.

### ڕوناڵدینهۆ (کاپتنی بەرازیل):

# ئەرژەنتین باشترین هەڵبژاردەی ئۆلمپیادە

ماڵپــەڕی FIFA، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ڕۆناڵدینهۆی ئەستێرەی بەرازیلی سازداوە سەبارەت بەبەشداریکردنی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی تۆپی پێی بەرازیل، لەئۆلۆمپیادی پەکیــن 2010، (ڕووداو)بەشــێکی هەڤپەیڤینەکە بڵاودەکاتەوە:



**FIFA: چۆن دەڕوانیە بەشداریکردنت لەئۆلۆمپیاد دا؟**

**ڕۆناڵدینهۆ:** شــەرەفێکی گەورەیە دووجــار شــیاوی ئــەوە بــم لەگەڵ هەڵبــژاردەی وڵاتەکەم بەشــداری لەئولۆمپیاد بکەم.

**FIFA: چۆن دەڕوانیە ئاســتی هەڵبژاردەی بەرازیل؟**

**ڕۆناڵدینهۆ:** ئێمە هەڵبژاردەیەکی بەهێزیــن، هەموومــان یاریزانــی بەتواناین و بۆ ئەوە هاتووین بۆ جاری یەکــەم لەمێــژوودا ملوانکەی زێڕینی تۆپی پێی ئۆلۆمپیاد ببەینەوە.

**FIFA: کێ بەهێزترین هەڵبژاردەی خولەکەیە؟**

**ڕۆناڵدینهــۆ:** بێشــک ئەرژەنتیــن هەڵبژاردەیەکی زۆر بەهێزەو کۆمەڵێک لەباشترین ئەستێرەکانی جیهان لەخۆ دەگرێــت، حســاب بــۆ ئەرژەنتین و هەموو هەڵبژاردەکانی دیکە دەکەین، بەڵام هەموو لایەکیش دەبێ حساب بۆ بەرازیل بکەن.

**FIFA: ڕۆیشتنت بۆ ریزەکانی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی هاندەرێک نابێ بۆ تۆ کە لەئۆلۆمپیاددا ئاستێکی بەرز پێشکێش بکەی؟**

**ڕۆناڵدینهۆ:** بەدڵنیاییەوە خۆشحاڵم بەچوونە نێو یانەیەکی گەورەی وەکو ئەی ســی میلان، بــەڵام یارییکردن بــۆ یانە زۆر جیــاوازە لەیاریکردن بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەت، کە هەوڵدەدەم ئاستێکی بەرز پێشکێش بکەم.

**FIFA: ئێــوە لەگــەڵ هەڵبژاردەی تۆپی پێــی ئافرەتانی بەرازیل لەیەک**

**ڕۆناڵدینهۆ:** بەڵێ وایە، پێکەوەین و زۆر هــاوکاری یەکتر دەکەین، چونکە ئەوانیش بۆ ناوی بەرازیل یاری دەکەن، کە هیواداریین ئێمەو ئەوانیش ملوانکەی زێڕین ببەینەوە.

**FIFA: ســەیری یارییەکانی دیکەی ئۆلۆمپیادیش دەکەی؟**

**ڕۆناڵدینهۆ:** بەڵی چەند برادەرێکی دیکــەم بەنــاوی بەرازیل بەشــداری لەیارییەکانــی دیکــەدا دەکــەن، بەتایبەتیــش مەلەوانــی، کەهیوادارم ئەنجامی باش بەدەستبهێنن.

**FIFA: ئەم دەستەواژەیە تەواو بکە، بەرازیل دەباتەوە چونکە.........؟**

**ڕۆناڵدینهــۆ:** پێموایــە دەتوانیــن بەمســۆگەری بگەینە چوارگۆشــەی زێڕین، دواتریش ئەگەر هەموو لایەکمان هەســت بەبەرپرســیاریەتی بکەین، کۆششی تەواو بخەینە گەڕ، ئەرکەکانی سەرشانمان جێبەجێبکەین، دەتوانین ملوانکەی زێڕ ببەینەوە.



# کچان بەچاوی شین خۆیان لەچاوەزار دەپارێزن



لەنجە عەبدوڵڵا
ڕووداو-هەولێر

سەوسەن،30 ساڵ، فەرمانبەر لەوەزارەتی دارایی، بەهۆی ئەوەی باوەڕێکی پتەوی بەمەسەلەی چاوەزار هەیە، بۆیە بۆ پاراستنی لەچاوەزار ملوانەکەیەکی لەمل کردووە کە چاوێکی شینی پێوەیە.

سەوسەن، کە ماوەیەکە کەمە ئەو چاوە شینەی لەمل کردووە گوتی " زۆر باوەڕم بەچاو پیسی هەیە چونکە لەماوەیەکی کورتدا 2 جار تووشی ڕووداوی پێکدادانی ئۆتۆمبێل هاتووم و زەرەرێکی دارایی زۆرم پێکەوتووە، بۆیە ئێستا چاوێکی شینم بەئۆتۆمبێلەکەشم هەڵواسیوە و بەردەوامیش لەملی دەکەم".

دیاردەی بەکارهێنانی چاوی شین و ناڵی گوێدرێژ و گوی سەگ ئەگەرچی جاران زیاتر لەنێو کەسانی لادێنیشن بەکار دەهات، بەڵام ماوەیەکە خەڵکی دیکەش بەتایبەتی فەرمانبەران و قوتابییانی زانکۆش دەستیان داوەتە ئەو کارەو بەتایبەتیش ملوانەکەی چاوەزار لە مل دەکەن. هەروەها بەهۆی داواکاری زۆر لەسەر چاوی شین (چاوەزار)، دوکانی جوانکاری تایبەت بەفرۆشتنی چاوی شین هەیە، کە زۆرجار خەڵک چاوەڕێی هاتنی چاوەزاری تازە دەکات.

مینا، 22ساڵ، کە قوتابی زانکۆیە لەسوچێکی دوکانێکی جوانکاری وەستابوو خەریکی هەڵبژاردنی چاوەزارێک بوو، ئەو کەهیچ باوەڕێکی بەبەکارهێنانی چاوەزار نەبوو گوتی "تەنیا وەک مۆدێلێک بەکاریدەهێنم، ئەگینا باوەڕم بەو خورافاتە نییە، بەڵام خەلکێکی زۆر هەیە دەیناسم بەتایبەتی لەزانکۆ چاوەزار بەکاردەهێنن و باوەڕیان پێیەتی".

وەلید فاخیر، کە خاوەنی دوکانی کریستاڵی نوێیە لەبازاڕی تاجەددین لەشەقامی سیروانی شاری هەولێر، ئەو قسە گشتییەی خەڵکی دووبارە کردەوە کە دەڵێن "نیوەی قەبرستان بە چاوە نەفەس مردوون".

بەپێی قسەی فاخیر ئێستا داواکارییەکی زۆر لەسەر چاوەزاری شین هەیە، بەتایبەتی لەلایەن قوتابیانی زانکۆو بەتایبەتیتریش کچان، ئاماژەی بەوەشدا کە کچان بەپێی مۆدیلی سەردەم داوای چاوەزاری شین دەکەن.

فاخیر گوتیشی "موشتەری هەیە 2 مانگ رادەوەستێت داوای مۆدیلێک دەکات من هەموو جارێک 50 پارچەی جیاواز دەهێنم نامێنێتەوە زۆرترین داواکاری لەسەرە هەندێکیان باوەڕیان پێیەتی و هەندێکیان تەنها وەک مۆدێلێک بەکاریدەهێنن".

سۆزان، 40 ساڵ، کە لەدوکانێکی زێڕنگری ناو قەیسەری شاری هەولێر دانیشتبوو بەپێی قسەی خۆی باوەڕێکی پتەوی هەیە کە چاوەزاری شین لەچاوپیسی دەیپارێزێت، سۆزان بەپێکەنینەوە گوتی "دەڵێن لە قورئاندا هاتووە کە 3 بەشی دنیا بەچاوە نەفەس دەڕوات".

سۆزان، کە ماوەی ساڵێکە مێردەکەی مردووە، هۆکاری مردنی مێردەکەی بۆ چاوەزار گەڕاندەوەو گوتی "خانوومان دروست دەکرد مێردەکەم لەسەربان بەربووەوەو مرد، دەزانین خزمێکی نزیکی خۆمان بوو کە چاوی لێدابن دواتر کچەکەشم خێل بوو بۆیە ئێستا لەماڵەوە چاوەزارم هەڵواسیوە".

هەر چەندە خەڵک بۆ پاراستنیان لەچاوزار پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی چەند کەرستەیەک، بەڵام بەپێی قسەی مامۆستایانی ئاینی بەکارهێنانی ئەو کەرستانە لەئاینی ئیسلامدا حەرامکراوە .مامۆستا مەلا مەغدید کەریم، کە قوتابی دکتۆرایە لەزانستە شەرعییەکان ئاماژەی بەوەدا لەقورئان وفەرموودەدا باسی ئیرەیی کراوە، بەڵام بەکارهێنانی چاوەزاری شین و هەندێ کەرستەی دیکە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ئیرەییە حەرامکراوە "پێغەمبەر نەهی کردوە لەبەکارهێنانی چاوەزارو ناڵی کەرو هتد. ئەمانە هەمووی خورافیاتن، تەنانەت پێغەمبەر داوای کردوە لەو کاتانەی هەستدەکەن چاوەنەفەس لێتان دەدات ئایەتی (قل اعوڎ برب الفلق) یان (قل اعوڎ برب الناس) بخوێنن".

حەنان غازی، 20 ساڵ، قوتابی زانکۆ، یەکێکە لەبەکارهێنەرانی چاوەزاری شین، حەنان گوتی "ملوانکەیەکم هەیە جار جار دەیکەمە ملم بۆ ئەوەی بمپارێزێت و زیاتر ڕەنگی شین بەکاردێنم تەنانەت لەماڵەوەش هەڵمواسیوە، بەڵام لەهیچ ئایەتێک نەمبیستووە کە باسی چاوەزار بکات".

شێخ ئاریان عەزیز بەرزنجی، دەرچووی کۆلیژی شەریعەی ئیسلامی لەزانکۆی بەغدا، سەبارەت بەکاریگەری ئیرەیی لە ڕووی زانستی پاراسایکۆلۆژییەوە ئاماژەی بەوەدا کە لەساڵی 1999 ەوە سەرقاڵی دانانی بیردۆزێک بووە لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی ئیرەیی و چۆنیەتی دروستبوونی ئەو تیشکە لەمێشکداو کاردانەوەی لەکەسی بەرامبەردا "ئەمە یەکەم تەفسیری زانستی بوو لەڕووی پاراسایکۆلۆژییەوە، بەڵام ئێمە پێویستمان بەتاقیگە هەبوو بۆ تاقیکردنەوەی ئەم بیردۆزە کە من 100% باوەڕم پێیەتی".

سەبارەت بەجۆرەکانی ئیرەیی شێخ ئاریان گوتی 2 جۆر ئیرەیی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە هەندێک مرۆڤ لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیدا چاوی جۆرێک لەهێزی تێدایە بۆ دەرکردنی ئەم جۆرە تیشکە، جۆری دووەمیشیان هەندێک مرۆڤ خۆیان لە دەروونیدا جۆرێک لەئیرەییان تێدایە کە ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر کەسی بەرامبەریان .

لەبارەی ڕەنگی شینیش بۆ پاراستن لەچاو زار، شێخ ئاریان گوتی "ڕەنگی شین تارادەیەک مێشکی مرۆڤ هێمن دەکاتەوە یان زۆر جار ڕەنگی سەوز بەهەمان شێوە رق و ناخۆشی ناهێڵێت".

هاوارئەحمەدی زێڕنگەریش بەهیچ جۆرێک باوەڕی بەبەکارهێنانی چاوەزاری شین نییە و گوتی " تەنیا باوەڕم بەئایەتی قورئان هەیە و فەرموودەیەکی پێغەمبەر هەیە دەڵێت: چاوە نەفەس کە دەیدا لەکەسێک دەینێرێتە قەبرو حوشتریش دەخاتە ناو مەنجەڵ" .زانایانی پاراسایکۆلۆژیش ڕای خۆیان لەو

## ڕەنگی پاکبوونەوە

لە زانستی میتۆلۆژیا ئەم نەریتە ڕەگ و ریشەیەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر پێش ئیسلام و تەنانەت لە سەردەمی فەراعینەکانیش بەکارهاتووەو لە داستانی گلگامیشدا ئاماژەی پێکراوە.

د. شوکریە ڕەسول پسپۆر لە بواری فۆلکلۆری کوردی، هۆکاری هەڵبژاردنی ڕەنگی شینی گەڕاندەوە بۆ شینی ڕەنگی ئاسمان و دەریا و تەنانەت ئاماژەی بەوەکرد کە تەنانەت لەناو ئێزدییەکاندا ڕەنگی شین بەکاردێت بۆ کاتی پرسە بۆ ئەوەی ئەو دەردوبەلایەی هەیانە نەمێنێت و لەڕێگەی ڕەنگی شینەوە پاک ببنەوە وەک پاکی ئاسمان و دەریا .

### چەند نەریتێکی کۆنی کوردەواری

1- هەڵبژاردنی ناڵی کەر بۆ چاوەنەفەس
2- بەکارهێنانی مووررووی زەرد بۆ زەردوویی منداڵ
3- بەکارهێنانی وێلاشی منداڵ و وشککردنەوەی و پاشان فڕێدانی لە ماڵێک بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بن
4- بەکارهێنانی باژێڵەی ئاژەڵ بۆ ئازاری سکی منداڵی کۆرپە

# "نەک هەڕەشەم لە ئافرەتە چینییەکان نەکردووە بەڵکو هاوکاریشم کردوون"

سەبارەت بەو وێنەیەی لەڕۆژنامەی (ڕووداو) ژمارە (17)ی ڕۆژی 2008/7/28 بڵاوکرابووەوە کەوا دوو ئافرەتی چینی هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە، هەروەها ئەو ڕاپۆرتەی لەلاپەڕە (13) سەبارەت بەو دوو ئافرەتە بڵاوکراوەتەوە، هەندێ شتی هەڵە دەربارەی من گوتراوە کە بەپێویستم زانی ئەم ڕوونکردنەوەیەی لەبارەوە بدەم:

مای یۆفین و تیان مین ئەو دوو ئافرەتە چینیەن کە لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەیان بەناوەکانی جان لیمین و بانلاگۆی ڕۆژی 2008/8/27 لەڕێی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەیشتوو نەتە کوردستان و لەلایەن (دوکینگ ڕونگ) کە پێش چەند ڕۆژێک لە بەغداوە هاتبووە شاری هەولێر پێشوازی کراون.

دوکینگ ڕونگ پێشتر چەندین جار هاتووەتە کوردستان و بەغدا، (مایوفن) گوتی "چەند جارێک (بانلاگۆی) هاتە لام لە چین کە لە چێشتخانەیەک کارمەدەکرد داوای لێکردم کە بچین بۆ عێراق کاربکەین و گوتی مانگانە نزیکەی 1500 تا 2000 دۆلارت دەستدەکەوێ، منیش باوەڕم پێکردو منی بە دوکینگ ڕونگ ناساند، ئەویش گوتی دەبێت پێشەکی هەرکەس 1500 دۆلار بنێرن لە بری هاتنتان بۆ عێراق، من و (جان لیمین)ی هاوڕێم پارەکەمان نارد بەڵام پارەی (تیان مین) و (بانلاگۆی)ی خستبووە ئەستۆی خۆی تا ئەوکاتەی دێنە کوردستان". هەر یەکەم ڕۆژ لەگەڵ هاتنیان بۆ هەولێر هەر چوار ئافرەتەکەی بردە خانوویەک لە عەنکاوەو بڕی (5800) دۆلاری لە هەریەکە لە (مایوفن) و (جان لیمین) وەرگرت بە ئاگاداری (تیان مین) و (بانلاگۆی).

ڕۆژی 2008/6/30 من ئەم دوو ئافرەتە چینیەم بە ڕێکەوت




ناسی و بەهۆی ئەوەی کە شارەزای زمانی ئینگلیزی بووم ئەم دوو ئافرەتە داوای هاوڕێیەتیان لێکردم و منیش بۆئەوەی لە سنوور لانەدەن کە کۆمەڵگەی کوردی داب و نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە داواکەم قبووڵکردن، ئەوانیش داوای یارمەتی و هاوکاری منیان کردو گوتیان لێرە کەسمان نییەو هیچ کەسێک شک نابەین یارمەتیمان بدات، منیش وەک کارێکی مرۆڤانە گوتم بەڵێن بێت هەرچی لە توانامدا هەبێت بۆتان دەکەم. ڕۆژی 2008/7/1 بەیانیەکەی هاتن بۆ لام گوتیان تەنیا یەک ڕۆژمان ماوە لە کوردستان چونکە ڤیزەکەمان کۆتایی دێت. منیش چوومە نشینگەی هەولێر لە عەنکاوەو بەهاوکاری چەند هاوڕێیەک توانیم ڤیزەکەیان بۆ (45) ڕۆژ درێژ بکەمەوە لە 7/2 تاکو 8/17 ئەمەش دوای ئەوەی کە تاقیکردنەوەی خوێنیان بۆ کرا، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک پەیوەندییان پێوەکردم و گوتیان کێشەیەکمان هەیە دەمانەوێت ئاگادارت بکەینەوە، منیش ئێوارەکەی چووم بۆ لایان و کێشەکەیان بۆ گێڕامەوە، لە کاتی قسەکردندا هەموو ئەو شتانە یان باس کرد کە تووشی ببوون. ڕۆژێکیان زانیم کەوا (دوکینگ ڕونگ) لە هەولێرەو لەبەغداگەڕاوەتەوە. مای یۆفین داوای لە من کرد یارمەتی بدەم لە دەستگیردنی (دوکینگڕونگ)منیش لەگەڵ خۆم ئەوانم بردە بنکەی پۆلیسی عەنکاوە سکاڵایان دژی (دوکینگ ڕونگ) تۆمار کردو دواتر لە ڕۆژی 2008/7/9 دەستگیرکراو تائێستاش لەبنکەی چاکسازی ئافرەتانە لە هەولێر. هەرچی جێی سەرسوڕمانە لەو کارەدا ئەوەیە کە من لە یارمەتیدان و کاری چاک و تەنانەت سەرفکردنی بڕی 1000 تا 1500 دۆلار لە پێناو کێشە و گرفتەکانی ئەم دوو ئافرەتەدا بەرەورووی قسەی خراپ بوومەتەوە، بەڵام بە شایەتی هەموو خزم و دۆستان من تەنیا هاوکاری ئەو دوو ئافرەتەم کردووە لە ڕووی مادی و مەعنەوی و ئەگەر من نەبوومایە هیچ لایەنێک خۆی بە خاوەنیان نەدەزانی، ئەگەر من (دوکینگ ڕونگ)م نەدۆزیبایەوە و دەستگیر نەکرایە تا ئێستا چەندین ئافرەتی دیکەی بەم شێوەیە فریو دەداو پارەی دەخواردن.

چەند ڕۆژێک دواتر کوڕێک بەناوی (بۆکان هیوا) تەلەفۆنی بۆ کردم کە وەک ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی خەبات کاردەکات و گوتی دەمەوێت چاوپێکەوتنت لەگەڵ بکەم لەبارەی چۆنیەتی هاتنی ئەم ئافرەتانەوە بۆ کوردستان، منیش ئافرەتەکانم برد بۆئەوەی لەسەر کێشەکانی خۆیان قسەبکەن، دوای دوو ڕۆژ بۆکان پێیگوتم کەوا ئافرەتێک بەناوی (ئاشتی شەهبان) لە ڕۆژنامەی خەبات دەیەوێت زیاتر لەسەر بابەتەکە ئیش بکات، منیش ڕازی بووم و خۆم و ئافرەتە چینیەکان کە (مایوفن) و (تیان مین) بوون چووینە ڕۆژنامەی خەبات و لەوێ گوتیان زۆر سوپاسی ئاشنا دەکەین کە زۆر لەگەڵمان ماندوو بووەو نازانین چۆن چاکەی بدەینەوە.

دوای تەواوبوونی گفتوگۆکە ئاشتی بە منی گوت ئەگەر ئەم دوو ئافرەتە حەز بکەن با بێنە ماڵی من تا کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت، ئەوانیش لەبەر بێ پارەیی و ناخۆشی گوزەرانیان داواکەیان قبوڵ کردو ڕۆژی 2008/7/18 هەردوو ئافرەتەکەم بردە ماڵی ئاشتی لە بنەسڵاوە، ئیدی لەوێ مانەوە تا ڕۆژی 2008/7/22 کە چووم ئافرەتەکان ببەمە وەزارەتی کار، بەڵام ئاشتی ئافرەتەکانی لەگەڵ خۆی برد بۆئەوەی بەناوی ئافرەتە چینیەکانەوە سکاڵا لە دژی من تۆمار بکەن، لەبەرئەوەی ڕۆژی 2008/7/21 ئێوارەکەی ئاشتی ئافرەتەکانی بردبوو لە هوتێلێک کاریان پێبکات منیش داوام لێکرد ناونیشانی هوتێلەکەم بداتێ، بەڵام نەیدامێ وگوتی دیارە تۆ (تحقیق)م لەگەڵ دەکەی، هەروەها گوتی ئەم ئافرەتانە بە ئەمری پۆلیس لای من دەمێننەوە تۆش هیچ پەیوەندیەکت بەمانەوە نییە، دواییش بە تەلەفۆن هەندێک قسەم لەگەڵ کردو

## "من بۆ مەبەستی فێرکردنی زمانی کوردی کورتە نامەو وێنەو نووسینی لاتینیم بە زمانی کوردی بۆ ناردبوون یەکێکیان وێنەی کلاشنکۆفێک بوو کە تەنها بۆ خۆشی و پێکەنین ناردبووم و نووسیبووم هەر دەتکوژم"




لەسەر ئەوە بەناوی هەردوو ئافرەتە چینیەکەوە سکاڵای دژی من تۆمار کرد گوایە هەڕەشەی کوشتنم لەو دوو ئافرەتە کردووە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەبوو کە من بۆ مەبەستی فێرکردنی زمانی کوردی کورتە نامەو وێنەو نووسینی لاتینیم بە زمانی کوردی بۆ ناردبوون، ئەوەش بەرلەوەی من و ئافرەتە چینیەکان ئاشتی بناسین، یەکێک لە کورتە نامەکان کە من ناردبووم وێنەی کلاشنکۆفێک بوو کە تەنها بۆ خۆشی و پێکەنین ناردبووم بۆ فێرکردن، نووسیبووم I Kill You واتە دەتکوژم دەیگوت بۆم بنووسەو فێرم بکە جگە لە چەندین وشەی تر کە (ما یۆفن) حەزی لە فێربوونی زمانی کوردی بوو، دوای تۆمارکردنی سکاڵا لەدژی من ئافرەتە چینیەکانیان هێنا منیش ئامادەبووم و لەبەردەم بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر مای یۆفن و تیان مین سوپاسیان کردم و هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ من نەبووە، کەچی منیان تۆمەتبار کردبوو گوایە من ڕێگە نادەم ئەم ئافرەتانە کار بکەن، لەکاتێکدا بە شایەتی خۆیان چەندین سوپەرمارکێت و چێشتخانەی هەولێر گەڕام بۆ دۆزینەوەی کار بۆیان بەڵام هیچ شوێنێک پێویستیان نەبوو. بەڵام خاڵم کە لە سلێمانی هوتێلی دروستکردووە گوتی ئەگەر کاردەکەن لەلای من با بێن مانگانە بە 400 دۆلار لە بەشی پێشوازی کاربکەن ئەوانیش ڕازی بوون بەڵام چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد (دوکینگ ڕونگ) پارەکەیان بۆ بگەڕێنێتەوەو بچنەوە چین. ئاشتی کە ئەم ئافرەتانەی لە ماڵی خۆی داناوە هیچ لایەنێک لێپرسینەوە لەسەر ئەوە ناکات ئایا بۆ تا ئێستا ئەم دوو ئافرەتەی لای خۆی هێشتۆتەوە.

سەبارەت بەوەی کە من لە پۆلیس دەستگیر کرابم وەک ئەوەی لە ڕاپۆرتەکە بڵاوکراوەتەوە، من بەهیچ شێوەیەک دەستگیرنەکراوم و پێنووسیش نەهاتووەتە نێو پەنجەکانی من بۆ ئەوەی بەڵێننامە بنووسم تەنیا ئەوەندە نەبێت کە چیتر پەیوەندیم بەم ئافرەتانەوە نەبێت و منیش زۆر بە ئاسایی قبوڵم کرد.

**ئاشنا**

# 5 ئافرەت بە تۆمەتی کوشتن چاوەڕێی بڕیاری دادگەن



**ڕووداو-هەولێر**

5 ئافرەت، کە 4یان دانیشتووی قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری شاری هەولێرن، بەتۆمەتی کوشتن لەزیندانی چاکسازی ژنان ڕاگیراون و چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەن تاوەکو چارەنووسیان یەکلایی بکرێتەوە.

بەپێی ئەوراپۆرتەی لەلایەن بەڕێوبەرایەتی پۆلیس هەولێر دەست (ڕووداو) کەوتووە، 5 ئافرەت لەشاری هەولێر و دەروبەری کە تۆمەتی کوشتنیان دراوەتە پاڵ، لەزیندانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان ڕاگیراون، چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەن بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان.

(س.ع)، 33 ساڵ، کە دانیشتووی قەزای سۆرانەو دایکی 3 منداڵە، ماوەی 4 مانگە بەپێی مادەی 406ی یاسای سزادانی عێراقی کە (مادەی کوشتنە) بەتۆمەتی دەستهەبوونی لەکوژرانی مێردەکەی دەستگیر کراوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی پۆلیس (س) لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دانی بەوەداناوە کە دەستی لەکوشتنی مێردەکەیدا هەیە، هەروەها نکۆڵیشی لەوە نەکردووە کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ برای مێردەکەیدا هەبووە. (س) لەکاتی قسەکردنیدا بۆ (ڕووداو) هەموو قسەکانی نێو ڕاپۆرتەکەی پۆلیسی ڕەتکردەوەو هۆکاری دانپێدانەکانیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە "لەلایەن پۆلیسی سۆران ئەشکەنجە درام، هەردو دەست و چاومیان بە پەڕۆیەک بەستەوە و بەدەرگایەکدا هەڵیانواسیم، ئاویان پێداکردم، دواتر 3 جار کارەبایان لێدام، هەر کەسێک لەشوێنی من بێت بەو جۆرە ئەشکەنجە بدرێت وا دەڵێت".

(س) هۆکاری کوژرانی مێردەکەی گەڕاندەوە بۆ کێشەی نێوان بنەماڵەی مێردەکەی و باسی لەوە کرد کە مێردەکەی لەگەڵ زڕ برایەکیدا بەتەلەفۆن تووشی دەمەقاڵێ هاتوون، (س) گوتی "مێردەکەم تەلەفۆنی بۆ (ع) کرد، کە زڕ برایەتی، گوتی نابێت بێی بۆ ماڵمان، دواتر (ع) بەسەرخۆشی هات، ئێمە لەژوورەوە بووین تەنیا گوێمان لەدەنگی تەقە بوو".

هەر بەپێی ڕاپۆرتی پۆلیس (ک.ع) کە تۆمەتی کوشتنی خوشکی مێردەکەی دراوەتە پاڵ بەپێی مادەی 406 لەیاسای سزادانی عێراق دەستگیر کراوەو لەراپۆرتەکەشدا دانی بەکوشتنەکەدا ناوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، (ک) دانیشتووی شارۆچکەی بنەسڵاوەیە و 4 مانگ بەر لە ئێستا لەگەڵ خوشکی مێردەکەی بە کێشە هاتووە، دواتر بەدەمانچەی مێردەکەی،کوشتوویەتی.

(ک)یش زانیارییەکانی ناو ڕاپۆرتەکەی پۆلیس ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت "لەکاتی لێکۆڵینەوە لەلایەن ئەفسەرێکی پۆلیس ڕووبەڕووی ئەشکەنجەو لێدان بوومەوە، تەپڵەی جگەرەیان تێگرتم، هەردوو دەستمیان بەستەوە، ویستیان هەڵمواسن و کارەبام لێدەن، بۆیە لەترسان گوتم من کوشتوومە".

ئەگەر چی ئەو دوو ژنە باس لە ئەشکەنجەدانیان دەکەن لەلایەن پۆلیسەوە، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕەتیکردەوە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتباران ئەشکەنجە بەکار بهێنن.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر گوتی "ئەگەر ئەوەی ئەوان باسیدەکەن ڕاست بێت دادوەر دەتوانێت پەراوەکە ڕەتکاتەوەو جارێکیتر لێکۆڵینەوە بکرێتەوە لەڕووداوەکە، بەڵام ئەوە تەنها وەسیلەیەکە بۆ ئەوەی پاساو بێننەوە بۆ ئەو تاوانەی کردویانە".

بەڕێوەبەری پۆلیس ئەگەرچی دەڵێت کوشتن لەلایەن پیاوان زیاتر ئەنجامدەدرێت، لەهەمانکاتیشدا دەڵێت "ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی بەدەست پیاوانە بدرێتە ئافرەتیش هەمان تاوان دەکات".

ئەو ڕووداوەی 2008/2/12 بووە جێگەی سەرنجی میدیای کوردی بەتایبەتی و خەڵک بەگشتی، ئەشکەنجەدان و دواتر کوشتنی ئەیوب قادری 5 ساڵان بوو لەلایەن باوک و زڕدایکەکەیەوە. (ز.م)، 26 ساڵ، کە زڕ دایکی ئەیوبە، بەتۆمەتی کوشتنی ئەیوب بەپێی مادەی 406 دەستگیر کراوە. ئەو کە ئێستا لەزیندانی چاکسازی ژنانە، کاتێک هاتە ژووری توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی زیندانەکان، بەپێکەنینەوە گوتی "ئەگەر من ئازاد بکرێم کەواتە کەس لەزیندان نامێنێت، بەڵام دانیشتنی دادگا دواخرا بۆ هەفتەیەکی دیکە".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) هەندێک لەو ئافرەتانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستیان لەکوشتندا هەیە، واتە زیاتر ڕێگەخۆشکەرو ڕێنیشاندەری تاوانەکە بوونە.

(ک.م)، 53 ساڵ، کە لەژووری توێژەرەکان بەبێدەنگی دانیشتبوو، دەستی خستە ژێر چەناگەی و دەستی بەگریان کردو گوتی "دەبێت 3 کچەکەم لە کوێ بن وکێ خزمەتیان بکات".

(ک) کە دانیشتووی قەزای سۆرانە، 4 هەفتەیە دەستگیر کراوە، ئەو هەرچەندە نکۆڵی دەکات، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی پۆلیس (ک) بەتۆمەتی ئەوەی چەکی داوەتە (ع) کوڕی، تاوەکو کوڕە دراوسێیەکیان پێبکوژێت، دوای 3 ساڵ خۆشاردنەوە بەپێی مادەی 406 لەلایەن بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان دەستگیر کراوە.

(ک)کە تا ئێستا دانی نەناوە بەتاوانەکەیداو ئەوەی ڕەتکردەوە کە کوڕەکەی هاندابێت بۆ کوشتنی دراوسێکەیان و بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەوان لەسەر چاڵێکی بەردەگاکەمان بوو بەشەڕیان، تەنانەت لەو شەڕە مێردەکەمیان کوشت، دواتر کە ویستمان سولح بکەین تەقەیان کرد و ئەوە ڕوویدا".

(ش.ع)یش، یەکێکی دیکە بەتۆمەتی دانانی پیلان و هاوکاریکردنی براکەی بۆ کوشتنی کەسێک بەپێی مادەی 406 لەیاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراوە. (ش) 17 ساڵ، بێوەژنە و دانیشتووی ناحیەی دارەتووی سەر بەشاری هەولێرە، ئەو هەر چەندە ئامادە نەبوو قسە بۆ (ڕووداو) بکات، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکەی پۆلیس (ش) هاوکاری براکەی بووە بۆ کوشتنی شوفێرێک کە باری دارایی باش بووە .بەپێی ئەو پیلانەی (ش) و براکەی دایاننابوو، (ش) شوفێرەکە هەڵدەخەڵەتێنێت و دەیباتە دەرەوەی شار، دواتر بەهەردووکیان شوفێرەکە دەیانکوژن.

> **کوشتن زیاتر لەلایەن پیاوان ئەنجامدەدرێت بەڵام ئەو دەسەڵاتەی بەدەست پیاوانە بدرێتە ئافرەتیش هەمان تاوان دەکات**
>
> بەڕێوبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر

# ئەو کچەی دەیویست بچێتە بەهەشت کەوتە دۆزەخی باندێکی سەربڕ



**لەنجە عەبدوڵڵا**

lanja@rudaw.net

**ڕووداو - هەولێر**

بان، لەگەڵ باوک و براکەی ئوردون جێدەهێڵن و بەو نیازە جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە عێراق، کە سەردانی شوێنی لەدایکبوونی خۆیان بکەن کە شاری موسڵە و دواتریش بۆ گەشت ڕوو لەشاری سلێمانی بکەن، بەڵام دواتر پیشەی بان دەبێتە پاککردنەوەی ئەو خانووەی ڕۆژانە بەهۆی جیاوازی تایفییەوە خوێنی چەند کەسێکی تێدا دەڕژێ.

بان حاشوش محەمەد بەرزنجی، 21 ساڵ، کاتێک دایکی گیانی لەدەستداوە، تەمەنی تەنیا 2 ساڵان بووە، بۆیە خۆی و برا گەورەکەی کە 2 ساڵ لەخۆی گەورەترە بەناوی نبراس لەگەڵ باوکیان بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی شاری موسڵ جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە وڵاتی ئوردن.

بان، کە کچێکی ڕەشتاڵی باڵابەرزە، دزداشەیەکی شینی لەبەردایەو پرچێکی بۆیە کراوی زەردی هەیە و بە لەچکێکی ڕەش داپۆشیوە، زیاتر سیمای کچە عەرەبێک دەدات، بەڵام ئەو دەڵێت "دایکو باوکم کوردن".

دوای گەیشتنیان بە ئوردن، باوکی بان ژیانی هاوسەری لەگەڵ بێوەژنێکی نیشتەجێی ئەوێ بەناوی (ف) پێکدەهێنێت، بان لەبارەی زڕدایکەکەیەوە دەڵێت "ئەو ژنە زۆر باش بوو لەگەڵمان باشترین پەروەردەی دەکردین".

4 مانگ بەر لەڕووخانی ڕژێمی سەدام لەساڵی 2003دا جگە لە زڕ دایکی بان، خێزانەکەی بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە بۆ عێراق و سەرەتاش لەشاری دیالە نیشتەجێ دەبن، کاتێک بان باسی لەگەڕانەوەیانی کرد بۆ عێراق قوڕگی پڕ بوولەگریان و گوتی "زۆرمان حەز دەکرد کوردستان ببینین، بەتایبەتیش شاری موسڵ، کە شوێنی لەدایکبوونمانە، هەروەها بیستبوومان سلێمانیش شارێکی خۆشە، بۆیە باوکمان هاندا کە بیبینەوە عێراق، باوکیشم ڕازی بوو و گوتی ساڵێک لەعێراق دەمێنینەوە".

بان وەک باسیدەکات باوکی زێرنگرێکی بەناوبانگی وڵاتی ئوردن بووەو خاوەن سەرمایەو سامانێکی زۆر بوو، بەڵام ئەو ماڵ و سامانە دواتر دەبێتە جێی چاوتێبڕینی خەڵک، بان لەو بارەیەوە بەسەرهاتێکی گێڕایەوەو گوتی "ڕۆژێکیان لەچێشتخانەیەک نانمان دەخوارد باوکم جانتاکەی کردوە پڕ بوو لەپارە، کابرایەک لە دوورەوە بینی هەر بەدوامانەوە بوو".

پاش ماوەیەک هەمان ئەو کابرایەی کە چاودێریان دەکات بە ناوی سەفا خۆی دەکاتە هاوڕێیەکی نزیکی باوکیان و پێشنیاری کردنەوەی پرۆژەیەکیان بۆ دەکات لەشاری بەعقوبە کە کاتژمێرێک لە بەغداوە دوورە، بان دەڵێت "هەر چەندە براکەم گومانی لەو پیاوە هەبوو، بە باوکمی گوت، ئەو پیاوە بەلایەکی بەنێوچەوانەوەیە، بەڵام باوکم بەقسەی نەکرد".

وەک بان گێڕایەوە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام ئێوارەیەک باوک و براکەی لەگەڵ سەفا بڕیار دەدەن بچنە شاری بەعقوبە بۆ بینینی پرۆژەکە، بان گوتی "نبراس مۆبایلێکی بۆ هێنام گوتی با ئاگامان لەیەک بێت 2 کاتژمێری دیکە دەگەڕێینەوە، بەڵام ئەوە دوایین دیدارمان بوو، ڕۆیشتن و نەمبینینەوە".

بان، دایە پرمەی گریانێکی بەکوڵ و لەپی دەستی ڕاستی کردەوەو لەبری نەخشێک بەخەنە نوسیبووی (اب و اخ)، بان گوتی "بەردەوام بەو دوو ناوە سوێند دەخۆم تا دەستم نەبینم ناتوانم نان بخۆم چونکە من لەژیانمدا لەدایک و باوکم دوور نەکەوتوومەتەوە".

وێڕای نەبینینەوەی باوک و براکەی، چارەنووسێکی ڕەشتر چاوەڕێی بان دەکات، بەتایبەتی ئەو کاتەی سەفا بەدرۆ هەواڵی کەوتنە نەخۆشخانەی باوک و براکەی پێدەدات "کاتژمێر 7ی ئێوارە سەفا لەدەرگای دا گوتی وەرە باوکت و براکەت لەئێنعاشن لە نەخۆشخانە بابچین بیانبینین"، بەڵام سەفا، بان دەباتە هەمان ئەو شوێنەی کە باوک و براکەی بانی بۆ بردووە.

بان گوتی "لەبەردەم خانوویەک ڕایگرت، کاتێک دەرگاکەم کردەوە بینینم باوکم سەری بڕاوەو براکەشم بەگوللە لێیدراوە، تووشی شۆک بووم، نەتوانیم بگریم نەقسەشم بۆ کرا، سەفاش یەکسەر قژی گرتم چەند جارێک دای بەدیوارەکەداو گوتی ئەگەر لەمەودوا بەقسەم نەکەیت وەک ئەوانت لێدەکەم".

وەک بان باسیکرد سەفا هەر بەکوشتنی باوک و براکەی نەوەستاوە بەڵکو "منی بردەوە ماڵەکەمان هەموو زێڕەکانی لێسەندم 60 هەزار دۆلاریشی لەنێو ماڵەکەمان برد، دواتر بۆ ماوەی 5 ساڵ لەخانوویەکدا زیندانیکردم".

بان لەو خانووەدا پیشەی شووشتنی ئەو ژوورە دەبێت کە لەنێو خانووەکەدا لەلایەن باندێکی 6 کەسییەوە بەکاردەهێنرا بۆ سەربڕینی خەڵک.

بان لەکاتی گێڕانەوەی دیمەنی سەربڕینەکان سەری دەلەقاندو دەیگووت "ئەوەی بەسەر من هاتووە بەزمان ناگوترێت"، ئەگەرچی سەرەتا بان نارازی بووە کە هاوکاری ئەو گرووپە بکات، بەڵام دوای هەڕەشە لێکردن ڕۆژانە چەند دەرزییەکی بێهۆشکەریشی لێدەدرێت، بۆیە ناچار دەبێت ڕۆژانە خوێنی سەربڕاوەکان پاک بکاتەوە".

بەپێی قسەی بان، باندەکە لە 4 پیاو و دوو ژن پێکهاتبوون، کە ژنەکان خوشکی سەفا بوونە، زۆربەی پیلانی تەقینەوەکانیش لەو ماڵەدا دادەنران و لەشارەکانی عێراق جێبەجێ دەکران. بان گوتیشی "زۆرجار خوشکەکانی سەفا پارمەتیان دەدام بۆ پاککردنەوەی خوێنی سەربڕاوەکان".

سەبارەت بەناسنامەو تەمەنی ئەو کەسانەی لەلایەن ئەو باندەوە سەردەبڕان بان گوتی "زۆربەی ئەوانەی سەریان دەبڕین سوونە بوون، هەردوو ڕەگەزی تێدابوو، هەندێکیان منداڵ بوون تەمەنیان هەر 15 ساڵ دەبوو، دەیانگرتن و سەریان دەبڕین، دواتریش خوێنەکەیان بەمن پاکدەکردەوە".

سەفا، جگە لە شەرەف هەموو شتێک لەبان دەستێنێ، وەک بان باسیدەکات مانگ و نیوێک پێش ڕزگاربوونی لەو ماڵە سەفا دوایلێدەکات شووی پێبکات، بەڵام بان داواکەی ڕەتدەکاتەوەو دواتر دەستدرێژی دەکاتە سەری.

بان، کەسایەتی سەفا بە "کەسایەتییەکی نزم" وەسفدەکات و دەڵێت "کەسایەتییکی زۆر نزمی هەبوو، کە پارەی نەدەما خوشکەکانی دەکردە ژوورەوە بۆ ئەوەی باندەکەی لەگەڵیان ڕابوێرن".

دوای ئەوەی باندەکە هیچ کارێکیان بە بان نامێنێت، دواجار دەیانەوێت بیکەنە قوربانی، بۆیە ڕایدەسپێرن بۆ تەقاندنەوەی یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس لەشاری بەعقوبە، بان دەڵێت "ڕۆژی پێش ئەنجامدانی کارەکە دوو دەرزی بێهۆشکەریان لێدام و 4 حەبی جۆری ئارتینیان دامێ، دواتر قایشێکی مینرێژکراویان پێوەبەستم و عەبایەکیان بەسەر دادام، کاتێک بردمیانە ناو ئۆتۆمبێلێک، بەبێ ئەوەی ئەوان ئاگادار بن، وایەری تەقاندەوەکەم پچڕاند، ئەگەر سەفا بیزانیبوایە هەر لەوێ سەریدەبڕیم".

کاتێک بان دەگاتە بەردەم بنکەیەکی پۆلیس دایدەگرن، دواتر لەبەردەم بنکەکە لەهۆش خۆی دەچێت، دوای وەئاگا هاتنەوەی یەکسەر پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە لەڕوودانی تەقینەوەیەک لەشاری کەرکووک، بان گوتی "کاتێک بەهۆش خۆم هاتمەوە، گوتم بمبەن بۆ کەرکووک، لەوێ بازگەیەکی پۆلیسم ئاگادار کردەوە کە ڕووداوێکی تەقینەوە ڕوودەدات".

بان دوای ئەو ڕووداوە لە ڕۆژی 2008/5/18 دەهێنرێتە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان لەهەولێر، دوای 5 ڕۆژ بەهۆشخۆی دێتەوە. ناوبراو وەک خۆی باسیکرد بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشی دەروونی چەند جارێک هەوڵی خۆ کوشتنی داوە، بان گوتی "زۆرجار دادەنیشم گوێم لەدەنگی سەفا دەبێت دەڵێت خۆت بکوژە، تەنانەت تا ئێستا 3 جار هەوڵی خۆکوشتنم داوە، جارێکیان گڵۆپی ژوورەکەم شکاند دەماری خوێنبەرەکەم بڕی، بەڵام کچێک فریام کەوت".

بان وێڕای نەهامەتییەکان هێشتا بێ ئومێد نەبووە، تاکە ئومێدیشی گەڕانەوەیە بۆ ئوردن "دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ئوردن کوڕە مامەکانم لەوێن، خۆ من هیچم نەکردوە تاوەکو زیندانی بکرێم".

> **سەفا و گرووپەکەی دوای ئەوەی خەڵکیان سەردەبڕی خوێنەکەیان بەمن پاکدەکردەوە**



بان حاشوش لە کوردستان زیندانییە

# لە خەبات کوڕێک باوکی خۆی دەکوژێت

**تەیار عادل گۆران**

**ڕووداو - بەردەڕەش**

کوڕێک دوای دەمەقاڵێ لەگەڵ باوکیدا، دەستڕێژی گوللە لەباوکی دەکات و دەیکوژێت، دواتریش بۆ شوێنێکی نادیار هەڵدێت و تا ئێستاش دەستگیر نەکراوە.

ڕیاز کەمال خدر، 18 ساڵ، دوای ئەوەی لەگەڵ باوکی تووشی دەمەقاڵێ دەبێت ماڵەوە جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ماڵی پووری لەقەزای خەبات، ڕۆژی 2008/8/5 باوکی بەدوایدا دەچێت بیهێنێتەوە، بەڵام لەنێو ماڵی پوورەکەیدا دەستڕێژی گوللە لەباوکی دەکات و 3 گوللەی لێدەدات، دوای 30 خولەک لەنەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.

غازی موراد ڕەسول ئامۆزای کەمال خدری کوژراوەو لەناحیەی دارەتووی سەر بەقەزای بەردەڕەش پرسەی بۆ ئامۆزاکەی داناوە، باسی چۆنیەتی کوشتنی ئامۆزاکەی کردو گوتی " ڕیاز نزیکەی 15 ڕۆژ بوو بەهۆی دەمەقاڵێیەک لەگەڵ باوکی ماڵی جێهێشتبوو چوو بووە قەزای خەبات بۆ لای ماڵی پووری، کەمالی ئامۆزام بەدوایدا چوو بوو بیهێنێتەوە، بەڵام هەر کە لە ئۆتۆمبێل دابەزیوە ڕیاز تەقەی لێکردووەو کوشتویەتی".

غازی هۆکاری ڕووداوەکەی بۆ کێشەیەکی خێزانی گەڕاندەوەو گوتی "هەر چەندە ڕیاز تەقەی لەباوکی کردووە، بەڵام لە ئیفادەی پۆلیس لەنەخۆشخانە گوتبووی پووری ڕیاز ئەوی بەکوشتن داوە، واتە خوشکەکەی".

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو کەمال خدر تاوەکو ئێستا 3 ژنی هێناوە، دایکی ڕیازیشی تەڵاقداوە و ئێستا دایکی ڕیاز کە 5 منداڵی لە کەمال هەیە، شووی بەکەسێکی دیکە کردووەتەوە، بەڵام منداڵەکان هەر لەلای باوکیان ماونەتەوە .دایکی ڕیاز دوو ژنی تر دەهێنێت و دایکی ڕیازیش تەلاق دەدات و ئەویش بە ناچاری دەچێت شوو بە کەسێکی تر دەکاتەوە و ڕیازیش لەگەڵ خوشکو براکانی لای باوکی دەمێنێتەوە.

کوشتنی کەمال بەدەستی کوڕەکەی بووەتە جێگەی سەرسوڕمانی کەسوکاری، چونکە وەک ئەوان باسیدەکەن، ڕیاز زۆر گوێڕایەڵی باوکی بووەو تەنانەت لێشی ترساوە. غەریب موراد، کە ئەویش ئامۆزای کەمالە و زۆر نزیکیش بووە لە ڕیاز گوتی "ڕیاز زۆر لەباوکی دەترسا تەنانەت نەیدەوێرا لەبەردەم باوکی نانیش بخوات و زۆریش شەرمی لەباوکی دەکرد، قەت باسی لەکوشتنی باوکی نەکردووەو باوەڕ ناکەم شتی وای بەخەیاڵدا هاتبێت".

بەپێی قسەی مورا، کەمال دوای ئەوەی ژنی سێیەمی، کە عەرەبە دەهێنێت 3 منداڵی لێدەبێت لەبەر نەبوونی قوتابخانە بەزمانی عەرەبی لەناحیەی دارەتوو، ناچار دەبێت بچێتە ناحیەی باشیک، موراد گوتی "تاوەکو لەدارەتوو بوون ئێمە ئاگاداریان بووین، بەڵام کە چوونە باشیک ئاگامان لێیان نەما".

سەبارەت بەدەستگیر کردنی ڕیاز، (ڕووداو) پەیوەندی بە هەر یەک لە پۆلیس و ئاسایشی بەردەڕەش کرد، بەڵام هیچکامیان ئامادە نەبوون لێدوان لەو بارەیەوە بدەن و تەنیا ئاماژەیان بەوەدا کە تاوەکو ئێستا ڕیاز دەستگیر نەکراوەو کەسیش نازانێت لەکوێیە.

غازیش لە بارەی دەستگیر کردنی ڕیاز گوتی "ئێمە تاکو ئێستاکە سکاڵامان لەسەر ڕیاز تۆمار نەکردووە، بەڵام خێزانە عەرەبەکەی کەمال کە دەکاتە زڕ دایکی ڕیاز بەنیازن سکاڵا لەسەر ڕیاز تۆمار بکەن".

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی دوابەدوای کوژرانی کەمال ڕووبەڕووی ئەو خێزانە بووەتەوە، قەرزەکانی غازییە کە لەلای خەڵکە، هەروەک غازی گوتی کەمالی ئامۆزای لەپێشانگاکانی ئۆتۆمبێل کاری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی کردووەو نزیکەی 10 ئۆتۆمبێلی بەقەرز داوەتە خەڵک "بەڵام نازانین ئەو خەڵکانە کێن، بۆیە داوا لەو خەڵکە دەکەین کە قەرزاری کەمالن پارەکەی بۆ بگەڕێننەوە چونکە منداڵی زۆرن".

> **ڕیاز 15 ڕۆژ بوو بەهۆی دەمەقاڵێیەک لەگەڵ باوکی ماڵی جێهێشتبوو چوو ماڵی پووری، باوکی بەدوایدا چوو بوو بیهێنێتەوە، بەڵام هەر کە لە ئۆتۆمبێل دابەزیوە ڕیاز تەقەی لێکردووەو کوشتویەتی**
>
> غازی موراد ئامۆزای باوکی ڕیاز



کەمال خدر

# ژنانی کوردستان دەیانەوێ تەڵاق لە دەستی خۆیان بێت

**ڕووداو–هەولێر**
شنۆ، 40 ساڵ، ماوەی 4 ساڵە داوای تەڵاق لەپیاوەکەی دەکات، بەڵام مێردەکەی ئامادە نییە دەستبەرداری بێت، ئەو هەر چەندە پەنای بۆ ڕێکخراوێکی ئافرەتانیش بردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا کێشەکەی لەدادگا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە.

شنۆ دەڵێت " تەنیا 2 مانگ لای مێردەکەم مامەوە، بەڵام دواتر داوای تەڵاقم کرد چونکە پێکەوە نەدەگونجاین

> **بەپێی شەریعەتی ئیسلام، لەکاتی گرێبەستی هاوسەریدا ژن بۆی هەیە مافی تەڵاقدانی بەدەست بێت**
>
> دادوەرێک

نزیکەی 4 ساڵە، داوای تەڵاق دەکەم، ئێستا خەریکە کێشەکەم چارەسەر دەبێت". شنۆ تاکە قوربانی نییە، کە بۆی نییە دەستبەرداری پیاوەکەی ببێت، بەڵکو بەدەیان ژن، بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا نازانن ئافرەتیش لەهەندێک باردا دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات، ناچارن ژیان لەگەڵ مێردەکانیان بەسەرببەن.

یاسای باری کەسی ئەو مافەی بە ئافرەت داوە،کە تەڵاقی بەدەست بێت، لەبەرامبەریشدا مامۆستایانی ئاینی پاساو بەوە دەهێننەوە لەبەر ئەوەی پیاوان شیاوترن بۆ هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارییەتییە، بۆیە ئەو مافە تەنیا بەپیاو دەدەن.

یاسای باری کەسی عێراقی، کە ئاینی ئیسلام یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی، لەهەندێک حاڵەتدا ئەو مافەی داوەتە ئافرەت داوای جیابوونەوە لەپیاوەکەی بکات. هەروەها بەپێی یاسای ناوبراو ئافرەت بۆی هەیە لەگرێبەستی هاوسەریدا داوای ئەو مافە بکات.بەڵام زانایانی ئاینی ئیسلام رای پێچەوانەیان هەیە و پێیانوایە ئاینی ئیسلام دەسەڵاتی تەڵاقدان و جیابوونەوەی تەنها داوەتە دەست پیاوان.

مەلا محەمەد وەرتێ، سەرۆکی لیژنەی فتوا لەیەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان لە هەولێر ئاماژەی بەوەدا "ئاینی ئیسلام تەڵاقی داوەتە دەست پیاوان چونکە پیاوان شیاوترن لەهەڵگرتنی ئەم جۆرە بەرپرسیارێتیەو باشتر دەتوانن بەکاریبهێنن".

بەڵام ئافرەتان پێیانوایە ئەوانیش توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارییەتەیان هەیە .هێرۆ کاکە ئەحمەد، کە فەرمانبەرەو ماوەی 3 ساڵە شووی کردووە گوتی "بەبڕوای من ئافرەت زیاتر پەیوەستە بەخێزانەوە بەهەزاران ئافرەت هەیە، مێردەکەی خراپ بووە لەگەڵی، بەڵام لەبەر خۆشەویستی بۆ خێزانەکەی قبوڵی کردوە، ئەگەر ئافرەت ئەو مافەی لەدەست بێت 10 قاتی پیاوەکە زیاتر دەتوانێت ئەو مافە بپارێزێت و ئەگەر بیریش لەجودابوونەوە بکاتەوە ڕەنگە ئەو کاتە بەشێوەیەکی دیکە بیر بکاتەوە".

هەروەها گوڵان سەلیم، ئەندامی سکرتارییەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان پێیوایە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژن و پیاودا نییە بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارییەتییە، بەڵکو ئافرەت بەشیاوتریش دەزانێت "چونکە بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەرکەوتووە کە ئافرەت زیاتر پەیوەستترە بەخێزانەوەو باشتر دەتوانێت ئیدارەی خێزان بکات تەنانەت ڕەنگە ئەگەر کێشەشیان هەبێت نەیەڵێت بگاتە ڕادەی تەڵاقدان".

هەر چەندە ئاینی ئیسلام دەسەڵاتی تەڵاقی داوەتە دەست پیاو، بەڵام بەپێی قسەی مەلا محەمەد لە"ئوسولی فیقهدا ئافرەت بۆی هەیە لەکاتی گرێبەستی هاوسەریدا داوا بکات تەڵاق بەدەست خۆی بێت"، هەروەها گوتیشی لەهەندێک حاڵەتیشدا ئافرەت بۆی هەیە داوای جیا بوونەوە بکات "ئەگەر پیاوێک ماوەی 4 مانگ لەگەڵ ژنەکەی جووت نەبوو، یان نەفەقەی نەکێشا، ئەوە دوای ئەو 4 مانگە تەڵاق دەکەوێتە دەست ژنەکە، یان ئەگەر پیاوەکە بچێتە دەرەوەی وڵات، دوای ئەوەی 3 جار لەلایەن دادگا ئاگادار کرایەوەو نەگەڕایەوە، دوای 3 مانگ ژنەکەی تەڵاقی دەکەوێت".

یاسا ئەو مافەی بەئافرەت داوە، کە لەگرێبەستی هاوسەریدا ئەو مافە داوا بکات کە جیابوونەوە لەمێردەکەی بەدەست ئەو بێت.دادوەر ڕەئوف ئیسماعیل دادوەری باری کەسی لەدادگای هەولێر لەو بارەیەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "بەپێی شەریعەتی ئیسلام و بەپێی یاسا ئافرەت لەڕۆژی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەری مافی ئەوەی هەیە کە تەڵاقی لەدەست بێت".

ناوبراو گوتیشی "دەبێت ئەو داوایە لەسەر گرێبەستی مارەییەکە تۆمار بکرێت بۆ ئەوەی هەر کاتێک ویستی خۆی خۆی تەڵاق بدات، وەک چۆن پیاو بۆی هەیە لەڕێگاو بان یان بەبوون و نەبوونی شایەت ژنەکەی تەڵاق بدات ئەو ژنەش هەمان مافی هەیە".

هەروەها یاساناس د.هادی مەحموود هەمان بۆچوونی ئەو دادوەرەی هەیە و ئاماژە بەوە دەدات کە بەپێی دەقەکانی قورئان ئافرەت ئەو مافەی هەیە "بەمەرجێک ڕەزامەندی مێردەکەی لەسەر بێت". د.هادی گوتیشی "ژن توانای ئەوەی هەیە تەڵاقی لەدەست بێت، ئەگەر پیاوەکەش ڕازی نەبێت کۆمەڵگا یان حکومەت دەتوانێت ئەو مافەی بداتێ، چونکە ئیسلام لەعیبادەتدا هیچ جیاوازییەکی لەنێوانیان نەکردووە ئەوە کۆمەڵگایە ئەم جیاوازییە دروست دەکات بۆ بەرژەوەندی پیاو".

بەپێی شەریعەتی ئیسلام دوو جۆر تەڵاق هەیە، کە ئەوانیش بریتین لەتەڵاقی ڕەجعی و تەڵاقی بائن، کە ئەوەی دووەمیان دەبێت بەدوو جۆر، بەینونەی بچووک و بەینونەی گەورە.

مەلا محەمەد گوتی "پێش ئیسلام ئافرەت هەبوو هەزار جار تەڵاق دەدرا، بەڵام ئیسلام کردی بە دوو جار، بۆ ئەوەی ئافرەت لەزوڵمی پیاو ڕزگاری بێت". د.هادی مەحموود لەبارەی جۆری یەکەمی تەڵاق گوتی "لەو جۆرە تەڵاقەدا پیاو بۆی هەیە لەماوەی سێ مانگدا ژنەکەی بگەڕێنێتەوە بەبێ تازەکردنەوەی گرێبەستی هاوسەری، بەڵام تەنیا 2 جار دەتوانێت".

بەپێی قسەی هادی لەتەڵاقی ڕەجعیدا گەڕانەوەی ئافرەتەکە لەدەسەڵاتی پیاوەکەدایە و زۆرجار زوڵم لەئافرەت دەکرێت کە ڕەزامەندی وەرناگیرێت، ناوبراو گوتی "ئەو 3 مانگە بۆ ئەوەیە تاوەکو یەکتر قبوڵ بکەن تەنانەت ئەگەر ماچێکیش بکەن بەڕەزامەندی هەردوولا ئەوە تەڵاقەکە چاک دەبێتەوە، بەڵام جاری وا هەیە کابرا بەزۆر سێکس لەگەڵ ژنەکە دەکات تاوەکو تەڵاقەکە چاک بێتەوە ئەمەش زوڵمێکە لەئافرەت دەکرێت".

یاسای باری کەسی چەندین مافی بە ئافرەت داوە کە دەستبەرداری پیاوەکەی ببێت. دادوەر ئیبراهیم مستەفا ئەو حاڵەتانەی ڕوونکردووەتەوە کە ئافرەت دەتوانێت داوای جیابوونەوە لە پیاوەکەی بکات. ئەو دادوەرە گوتی "هەر پیاوێک ئەگەر بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەم، ژنی دووەمی هێنا، ئەوا ژنی یەکەم بۆی هەیە بەبێ مەرج داوای جیابوونەوە بکات، هەروەها بەپێی یاسای 40 ی باری کەسی ئەگەر پیاوەکە زەرەری لە ژنەکەدا، بۆ نموونە خیانەتی هاوسەری لێکرد، یان بەبەردەوامی سەرخۆش بێت، یان لێی بدات، ژنەکە بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، هەروەها ئەگەر پیاوەکە توانای جوتبوونی نەبوو، یان منداڵی نەبوو لەو حاڵەتەش ئافرەت دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات".

## ئاینی ئیسلام تەڵاقی داوەتە دەست پیاوان چونکە پیاوان شیاوترن

مەلا محەمەد وەرتێ
سەرۆکی لیژنەی فتوا لەیەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان



### لەماوەی 5 مانگدا 1400 تەڵاق و جیابوونەوە لەهەولێر هەبووە

# ڕێژەی جیابوونەوە لەکوردستان بەرز دەبێتەوە



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو– هەولێر**

لەبەر ئەوەی خێزانەکەی ئەحمەد بەپێچەوانەی ویستی مێردەکەی هەڵسوکەوتی دەکرد و ئەو جۆرە جلانەی لەبەر دەکرد کە ئەحمەد و بنەماڵەکەی پێیان ناخۆشبوو، بۆیە هیچ چارەیەکی لەبەردەم نەما جگە لەتەڵاقدان.ئەحمەد ڕەفیق، کە دوو ساڵە ژنی هێناوەو باوکی منداڵێکیشە گوتی "ژنەکەم بەپێچەوانەی من هەڵسوکەوتی دەکرد، من دەمگووت پانتۆڵ لەبەر مەکە، باوکم و دایکم ئامۆژگاریان دەکرد، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە تەڵاقمدا".

تا دێت ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لەکوردستان بەرەو هەڵشکان دەچێت و مامۆستایەکی کۆمەڵناسیش دەڵێت "ئەوە مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵگەو دوای دە پانزە ساڵی دیکە زیانەکانی دەردەکەوێت".

بەپێی ئەو ئامارانەی لە دادگای باری کەسی هەولێر دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەماوەی 5 مانگ و نیوی سەرەتای ئەمساڵدا 1400 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە هەبووە، ئەمەش لەکاتێکدا بەدرێژی ساڵی ڕابردوو 1591 حاڵەتی جیابوونەوەو تەڵاق هەبووە، کە 562 کەس جیابوونەتەوەو 751 کەسیش لەدەرەوەی دادگا تەڵاقیان وەرگرتووەو دواتر لەدادگا پەسەند کراوە.

محەمەد شوانی، مامۆستای کۆمەڵناسی لەزانکۆی سەلاحەدین بەرزبونەوەی ڕێژەی تەڵاقی بۆ ئەو پێشکەوتنانە گەڕاندەوە کە لەکۆمەڵگا ڕوودەدات و گوتی "بەشێک لەهۆکارەکانی تەڵاق لەکۆمەڵگەی ئێمە بۆ ئەو تێکەڵابوونە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ دەرەوە هەیەتی، لایەنە کۆمەڵایەتییەکانمان زۆربەی هاوردەووەرگیراو و لاساییکردنەوەی کۆمەڵگاکانی دیکەیە، ئەمەش وایکردووە بە نا ئاسایی گەشەبکات".

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ڕابردوودا کراوە دەرکەوتووە ڕێژەی تەڵاق خەریکە لەڕێژەی هاوسەرگیری نزیک دەبێتەوەو لێکۆڵینەوەکە قەیرانی نیشتەجێبوونی بەهۆکاری سەرەکی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق داناوە.

زۆرجار نەبوونی منداڵ و دەستوەردان لەژیانی تایبەتی ژن و مێرد لەلایەن کەسوکارییانەوە، پاڵنەری زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقن.

سەردار مەجید، کە 12 ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو 4 منداڵی هەیە، ئێستا خێزانەکەی داوای جیابوونەوەی لێدەکات، بەڵام ئەو ڕازی نییە بەو جیابوونەوەیە، سەردار گوتی "ژنەکەم بەقسەی دایک و براکانی داوای تەڵاق دەکات، دەڵێت تۆ دڵت پیسە، ئەگەر دڵم پیس بێت لەمانگێکدا 15 ڕۆژ بەتەنیا بەجێی ناهێڵم، چونکە پێشمەرگەم و دەوامم هەیە، ئەوە زیاتر لە 6 مانگە منی جێهێشتووەو داوای تەڵاق دەکات، بەڵام هەرگیز تەڵاقی نادەم".

محەمەد شوانی خاوەنی ماستەر لەکۆمەڵناسی دەڵێت "کۆمەڵگەی کوردی بە پلەو پایەکی نزمتر سەیر ی ئەو ئافرەتانە دەکات کەمنداڵیان نابێت، بۆیە نەبوونی منداڵ دەبێتە کێشەو پەلدەکێشێ بۆ تەڵاق".

مەلا حسامەددین جەودەت وتارخوێنی مزگەوتی شافعی لەهەولێر پێیوایە بایەخ نەدانی ژن و مێرد بە ماڵ هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تەڵاق "ماڵ لەئەرکی خۆی دوور خراوەتەوە کە شوێنی دروستکردنی ئاکاری مرۆڤە کراوە بەچێشتخانەو ئوتێل تەنیا بۆ خەو و خواردن دێنەوە ماڵ، هەندێک لەپیاوەکان کە دێنەوە ماڵ قسەیەک لەگەڵ ژنەکانشیان ناکەن".

ئەو مامۆستا ئاینییە ئاماژەی بەوەدا ڕۆژانە نزیکەی 30 ژن لەهەولێر تەڵاق دەدرێت، ئەمەش مانای وایە "بەختەوەری و خۆشەویستی لەناو میللەتەکەمان کەمبووەتەوە، تەنانەت پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێت (تەڵاق ئەو حەڵاڵەیە کە خودای گەورە پێی تووڕە دەبێت ) جاران بەدەگمەن لە کۆمەڵگەی کوردیدا تەڵاق ڕوی دەدا، کەچی ئێستا لەسەر گرفتێکی سادەو بچوک، لەیەکتر جیا دەبنەوە".

هەدیە ڕەسوڵ 51 ساڵ، دایکی 10 منداڵە بەڕای ئەو بەهۆی خۆراگری ژنانەوە جاران تەڵاق کەمتر بوو "ئەگەر وەک ژنی ئێستام بکردایە دەبووایە تا ئێستا 7 مێردم بکردایەو تەڵاقبدرام".

هاووڵاتیانیش ڕای جیا جیایان لەبارەی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق هەیە، کاروان تەها زیاتر لەساڵێکە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، پێیوایە خۆشەویستی بەر لەهاوسەرگیری سەرەکیترین هۆکاری بەرزبونەوەی ڕێژەی تەڵاقە "چونکە کوڕەکە بۆ ئەوەی کچەکە ڕازی بکات ناچارە ژیانێکی خەیاڵی بۆ دروستبکات، کەچی لەواقیعدا دوای هاوسەرگیری ئەو ژیانە خەیاڵییەی پێ ناکرێتە واقیع".

بەڵام مامۆستا محەمەد شوانی پێیوایە خۆشەویستی بەر لەژیانی هاوسەری هۆکار نییە بۆ زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق، "بە مەرجێک خۆشەویستییەکە بەتێگەیشتنەوە بێت ڕەچاوی لایەنی هۆشیاری و زانستی کوڕو کچەکە بکرێت سەرکەوتوو دەبن و لە ئایندەشدا خۆڕاگریان دەکات بەڵام، ئەگەر خۆشەویستی پەیوەندیەکی هەرزەکارانە بێت و لە سەر بنەمای جوانی و سامان بێت، ئایندەیەکی خراپیان دەبێت".

خیانەتی هاوسەری یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی تەڵاق، کە بووەتە گرفتی زۆربەی وڵاتان، ئەوەتا لەوڵاتێکی وەکو لوبنان، لە سێ هاوسەرگیری یەکێکیان بە تەڵاق کۆتایی دێت، ئەویش بەهۆی خیانەتی هاوسەری.

محەمەد شوانی پسپۆڕی کۆمەڵناسی ئاماژەی بەوەدا کە "خیانەتی هاوسەری لەکوردستان دەرهاویشتەی ئەو پێشکەوتن ولاساییکردنەوەی کۆمەڵگاکانی ترە، ئافرەت لەکۆمەڵگەی ئێمەدا گەیشتووەتە ئاستێک لەوەرگرتنی مافەکانی، بەڵام لێیان قبوڵ ناکرێت، پیاوان هێشتا ئەو جۆرە هۆشیارەیان نییە ئازادی بەخێزانەکانیان بدەن، ڕەنگە ئافرەتانیش لەو ئاستەدا نەبن کە ئازادیان پێ بدرێت، چونکە لەوانەیە بۆ لایەنی دیکەی بیقۆزنەوەو، دواجار ببێتە کێشە لەنێوان هاوسەرەکان".

لە تەڵاقی نێوان ژن و مێرد دا، بە تایبەتیش ئەوانەی منداڵیان هەیە، منداڵەکە هەمیشە قوربانی یەکەمی ئەو دیاردەیە، هەر بۆیە ئەو کۆمەڵناسە، تەڵاق بەمەترسی بۆ سەر کۆمەڵگە دەزانێت و دەڵێت " ئەو منداڵانەی لەدوای تەڵاقەوە بەجێدەمێنن، لەئایندەدا مەترسیەکی زۆریان بۆ سەر کۆمەڵگە هەیە، ئەو منداڵانەی لەو قۆناغەدا پەروەردە دەبن، دەبێت ئەو کات چۆن بیر بکەنەوە؟ چۆن ڕفتار بکەن بەرانبەر بە کۆمەڵگە؟".

ئەو کۆمەڵناسە گوتیشی "ئەرکی زانایانی ئاینی و کۆمەڵناسانە هەوڵی چارەسەری ئەو کێشەیە بدەن و قەناعەت لای هاوسەرەکان دروست بکەن، ئەگەر لەدادگاش بەیەک دانشتن لێکجیانەکرێنەوە".

بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق مەلا حسامەدین ئاماژەی بەوەدا "پێویستە مەلاکان لەکاتی مارەکردن ڕێنمایی کچ و کوڕەکان بکەن، ئامانجی هاوسەرگیریان بۆ دیاری بکەن، کە بەختەوەرییەو فێریان بکات نهێنیەکانی یەکتر بپارێزن و لەکێشەکان ئارامگرین".

## ل زاخۆ ژن زێدەتر داخوازا تەلاقێ دکەن

سامان سندی
**ڕووداو– زاخۆ**

ژ دەستپێکا ئەڤ ساڵ تا داویا مەها شەش ل باژارێ زاخۆ، نزیکی 1000 کوڕ و کچان کارێ فەرمیێ ژیانا هاوسەریێ ل دادگەها زاخۆ پێکئینییە، هەروەسا ل گۆر تۆمارا وێ دادگەهێ بێتریا ئەو خێزانێن ژ هەڤدوو جودا بوونە، ل سەر داخوازا ژنێ بووە، هەروەسا زۆربەیا ڤان ژناش ئەون یێن کو ژ ئالی مێرێن وان چۆینە دەرڤەی وەڵاتی.

لگۆری وێ ئامارا ل دادگەها زاخۆ دەرکەتی دەربارەی پێکئینانا ژیانا هاوسەریێ و ژێکجودابوونێ یێن کو هەر ژ دەستپێکا ئەڤ ساڵ تا داویا مەها شەش کو کۆپیەکا وێ گەهشتییە دەست (ڕووداو) 928 پێکئانینا ژیانا هاوسەری و 53 تەلاقدان هاتینە تۆمارکردن. لگۆری یاسایا بارێ کەسایەتیا هەژمار 188 کو ل ساڵا 1959 دەرکەتییە .

ئەوێن تازە ژیانا هاوسەریێ پێکئانینە و ل دادگەها زاخۆ هاتینە تۆمارکرن 928 حالەتن و یێن کو بەری ل دادگەهێ مارە بڕین ل نک ماموستایێن ئۆلی پێکئانینە و پاشی ل داداگەهێ تومارکرینە، ئەوژی 134 حالەتن.

دەربارەی ئامارا وان هاوسەرێن ژ هەڤدوو چووینە پاش، ئانکو (تەلاق)کرنە ل دادگەها زاخۆ هاتینە تۆمارکرن 67 داخوازینە کو 53 داخوازی داوی پێهاتینە و 14 ژی تانها هەلاویستی ماینە.

سەلاح عەبدولغەفار بەرپرسێ بەشێ نڤێسینێ یێ بارێ کەساتی ل دادگەها زاخۆ، د داخویانیەکێ دا بۆ (ڕووداو) گۆت "بێتریا وان خێزانێن ژ هەڤدوو دچنە پاش یێن کو ل دادگە ها زاخۆیێ هاتینە تۆمارکرن، ژنێ داخوازکریە و هندەک ژوان ژی ئەون یێن کو ئەڤ بوویە دەمێ چە ند ساڵا کو هەڤژینێ وان لدەرڤە ی هەرێما کوردستانێنە و لێ نە ڤەگەریاینە ڤە، ئەو ل دادگەها زاخۆ و لگۆری یاسایێ خوە ددەنە بەردان و، هندەکێن دن ژی کو ژنا دوویێ بسەر هاتینە ئەوژی قەبول ناکە ن، خوە ددەنە بەردان".

**ئەوانەی دژی بوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتین با هەفتەیەک بێن ئەو کێشانەببینن کە ئێمە چارەسەریان دەکەین ئەوکاتە بڕیار بدەن بوونی ئێمە پێویستە یان نا**

**بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەروێش ئاغا لەو دیدارەدا ئاماژە بەوەدەدا کە ئەوان نەک هیچ گرفت وئاستەنگ نین لەبەردەم دادگاویاسادا بەڵکو وەک خۆی دەڵێ " ئێمە ڕۆڵی دادگامان بەرزکردووەتەوە". هەروەها باس لەوە دەکات کە وەزیری داد پێیگوتوون " ئێوە داوەرێک ڕۆڵ دەبینن و بوونیشتان پێویستە" ئەمە لەکاتێکدا وەزیری داد لە هەڤدیتنێکی (ڕووداو)دا داوای داخستنی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبەکانی کربوو.**

**هەڤپەیڤین: عەلی حەمە ساڵح**

## دەروێش ئاغا بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# وەزیری داد پێیگوتین بوونی ئێوە پێویستە

**ڕووداو: بۆچوونێک هەیە کە ئێوە دەست لەکاری دادگا وەردەدەن، ئێوە چ دەڵێن؟**

**دەروێش ئاغا:** مەکتەبی کۆمەڵایەتی لە ڕەوشێکدا دروستبوو کە دادگاو یاسا بەرقەرار نەبوو لە کوردستان، ئەو مەکتەبانە بۆیە دروستبوون بۆئەوەی هاوکاری یاسابن و بتوانن کێشە ئاڵۆزەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بەهەوڵی خەڵکانی پسپۆڕو شارەزا چارەسەر بکەن و ڕێگە نەدەن تەشەنە بکات، بۆئەوەی ئەو کوشتارەی لە وڵاتی ئێمە هەبوو لەدوای نەمانی ڕژێم و بەتایبەت لەسەر ئەو کێشانەی لەسەردەمی ڕژێمدا دروستبووبوو هەوڵمان بۆ چارەسەرکردنی دەدا، ئێستا بەهیچ شێوەیەک دەست ناخەینە ڕێگای یاسا و بەهیچ جۆرێکیش نابینە گیرگرفت بۆ یاسا.

**ڕووداو: کەواتە کاری ئێوە چییە؟**

**دەروێش ئاغا:** یاسا ڕۆڵی خۆی دەبینێ و ئێمەش لایەنە عەشایەرییەکان چارەسەر دەکەین، کاری ئێمە ڕێگرییە لە دروستبوونی کوشت و کوشتار لە کوردستانداو ئەو کوشتارانەی کە بوون لایەنە عەشایەرییەکەی پێکبهێنین و لەسەر کوژراوێکی کۆن خەڵکی دیکە نەکوژرێن، ئەو باوەڕەش لای خەڵک دروست بکەین کە قەناعەت بە حوکمی دادگا بکەن.

**ڕووداو: ئەمە کاری دامەزراوەیەکی حکومییە یان مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبێک؟**

**دەروێش ئاغا:** ئەو کەسانەی کەوا دەڵێن وەک پێویست لە ئێمە نەگەیشتوون، پێمخۆشە ئەو کەسانەی کە بۆچوونیان وایە بێن هەفتەیەک لەمەکتەبی کۆمەڵایەتی دابنیشن یان تێکەڵی هەندێک لەو کێشانەبن کە ئێمە چارەسەری دەکەین ئەوکاتە بڕیار بدەن کە بوونی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە یان نا.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە ڕۆڵی دادگاتان کەم نەکردووەتەوە؟**

**دەروێش ئاغا:** ئێمە ڕۆڵی دادگامان بەرزکردووەتەوەو هەرگیز ڕۆڵی دادگا نابینین، وەک دادوەرێکین لەنێوان دوو کۆمەڵەدا کە کێشەیان هەیە، لایەنە عەشایەرییەکە چارەسەر دەکەین بۆ ئەوەی دادگا باشتر ڕۆڵی خۆی ببینێت، هیچ کێشەیەک نییە کە کوشتنی تێدابێت و ئێمە داخڵی بین بۆ چارەسەر پێش ئەوەی بکوژ ڕادەستی دادگا کرابێت.

**ڕووداو: بەڵام لەدیمانەیەکی (ڕووداو)دا، وەزیری داد دەڵێت مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان پێویست نین و بۆ خزمەتی حیزب دانراون، تۆ چی دەڵێیت؟**

**دەروێش ئاغا:** ئێمە خۆمان بەخزمەتی وەزیری داد گەیشتووین و گوتی کۆمەڵایەتییەکان وەک داوەرێک ڕۆڵ دەبینن و بوونیشیان پێویستە، جا ئەگەر ئێستا قۆناخێک تێپەڕبووبێ کە کۆمەڵگاکەمان قەناعەتی بە حوکمی دادگا هەبێت خۆشمان دەڵێین بوونمان پێویست نییە.

**ڕووداو: ئەگەر ئێستا بوونتان پێویست بێت، ئیدی نەبوونتان کەی پێویستە؟**

**دەروێش ئاغا:** ئەوکاتەی کە کۆمەڵگا بەمەدەنی بوو، قەناعەتی هەبوو گرفتەکانی لەڕێگای دانیشتن و وتوێژەوە چارەسەر بکات، کاتێک خەڵک قەناعەتی هەبوو کە کێشەکەی چووەتە دادگاو لەدادگا حوکمێک درا لەدوای ئەو حوکمە بیر لە تۆڵەسەندنەوە ناکاتەوە، ئەوکات ئێمەش بوونمان پێویست نییە.

**ڕووداو: وەزیری داد دەڵێت پێش پێکهێنانی ئەم کابینەیە مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان دەستێوەردانیان لەکاری دادگادا کردووەو مەکتەبە کۆمەڵاتییەکان بەشێک لەکاری دادگایان کردووە، بۆ ئەمەیان چی دەڵێیت؟**

**دەروێش ئاغا:** دەکرێت جەنابی وەزیر مەبەستی مەکتەبی کۆمەڵایەتی تر بووبێت لەپێش یەکگرتنەوەی ئیدارەکان.

**ڕووداو: ئەو مەکتەبی کۆمەڵایەتی مەبەستە؟**

**دەروێش ئاغا:** نەک تەنها پارتی بەڵکو هەموو لایەنە سیاسییەکان مەکتەبی کۆمەڵایەتیان هەیە،، ئێستا ئێمە لەگەڵ مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی نیشتیمانی پەیوەندییەکی بەهێزمان هەیە و بەهەردوولامان سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەین کە لەنێوان هەردوولا هەیە.

**ڕووداو: ئێوە پرۆژەیەکتان پێشکەش بەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی ئەو پیاوکوژانە ڕادەستی دادگا بکرێن کەلەلایەن بەرپرسانی حیزبییەوە داڵدەدراون، ئەو پرۆژەیە چییە؟**

**دەروێش ئاغا:** سەرکردایەتی خۆمان وەک یەکێتی و پارتی ڕایانسپاردین بۆ ئەوەی ئەو کێشە ئاڵۆزانەی لەنێوان ئێمەدا ماون و چارەسەرنەکراون، لەبەرئەوەی پارتی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەیەکی داوەو لایەنێکی کێشەکە سەر بە یەکێتیە و برادەرانی یەکێتی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەیەکیان داوە لایەنێکیان سەر بە پارتیەو بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، هەردوولامان ڕێککەوتووین وەک لایەنی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی لیژنەی هاوبەش بچینە ناو ئەوکێشانە و و ئەنجامیش بۆ سەرکردایەتی ڕوونبکەینەوە، ئەو کێشانەش بەناوی پارتی و یەکێتی چارەسەرناکەین و وەک کۆمەڵایەتی لیژنە پێکدەهێنین.

**ڕووداو: مەبەستم ئەو نووسراوەیە کە لە 2008/7/31 ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمتان کردووە، داواتان کردووە بەرپرسە سەربازییەکان کە لایەنێکی گرفتەکانن و فەرمانی گرتنیان هەیە ڕادەستی دادگا بکرێن یاخود لەشوێنێکدا دەستبەسەر بکرێن.**

**دەروێش ئاغا:** ئێمە داخڵی کێشەیەک نابین پیاوکوژ لەدەرەوەی زیندان بێت، برادەرانی یەکێتیش هەمان مەبەستیان ڕوونکردەوە، بەڵام هەندێک کەس هەیە ناوی وەک پیاوکوژ دێت کە پلەی بەرپرسیارێتیان هەیە، ئێمە لیژنەی جێبەجێکار نین تا پۆلیس ببەین و پیاوکوژ بگرین، دەبێت دەسەڵاتێک هەبێت ئەو تۆمەتبارانە بخاتە زیندان و دادگاییان بکات، بۆیە ئەو داوایەمان لەسەرۆکایەتی هەرێم کردووە.

**ڕووداو: ئەوکێشەیەی چەمچەماڵ کە سەرۆکایەتی هەرێم داوای چارەسەری لەئێوە کردووە چییە؟**

**دەروێش ئاغا:** سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان فەرمانیان بەئێمە کردووە ئەو کێشەیەی لەچەمچەماڵە چارەسەری بکەین، ئەو کێشەیە ڕەگو ڕیشەی بۆ هەندێک لە بەرپرسان دەگەڕێتەوەو ئێمەش ناتوانین ئەوانە داخڵی یاسابکەین و پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم یان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یاخود وەزارەتی پێشمەرگە ئەو بەرپرسانە بانگ بکات و لەشوێنی خۆیان نەیانهێڵێت و لە شوێنێکی دیاریکراو دایانبنێت تا ئێمە داخڵی کێشەکانیان دەبین، ئەگەر لەکێشەکەدا سەلمێنرا کە ئەوانە بکوژن ڕادەستی یاسایان بکەن و ئەگەر بێتاوانیش بوون ئەوە مافی خۆیان بدرێتێ.

**ڕووداو: سەرۆکایەتی هەرێم داوای چارەسەرکردنی چەند کێشەی وای لەئێوە کردووە؟**

**دەروێش ئاغا:** سەرۆکایەتی هەرێم تائێستا یەک کێشەیان بەئێمە گوتووە چارەسەری بکەین و ئێستاش خەریکە داخڵی دەبین بۆ چارەسەرکردن، پێشەکی ئێمە ئەو داوایەمان کردووە، چونکە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە تەسەور دەکەین هەندێک لە برا بەرپرسەکان ناویان بە بکوژ بێت کە لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نین و دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم ئیجرائاتیان لەگەڵ بکات.

**ڕووداو: ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە چییە کەبەو شێوەیە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوای چارەسەرکردنی کردووە؟**

**دەروێش ئاغا:** کێشەیەکی کوشتن بوو لە چەمچەماڵ، لەنێوان دوو لایەندا کێشەیەک پەیدابوو دوو کوڕی گەنجی تێدا کوژرا، پاش هەوڵێکی زۆری کۆمەڵاتی یەکێتی کە برادەرانی لقی 3ی ئێمە بەشدارییان تێدا کرد، کێشەکە چارەسەر کرا، بەڵام ماوەیەک دوای ئەوە زانیاری درا لە دەوروبەری گوندێکدا کە لایەنێکی کێشەکەی تێدابوو چەند چەکدارێک بینراون، ئەمانیش بەبێ ئەوەی بزانن کێیە خۆیان چەکدار کردو دیسان تووشی کێشە بوون و دوو کەسی تری تێدا کوژرا، بەباوەڕی ئێمە ئەو دوو کەسە بەشێوەیەکی نەزان کوژراون نەک زانرابێ کە ئەوە دوو کەسی لایەنی پێشوون و ئەمان بچن بیانکوژن، ئەوانە لەوانەیە بەبێ مەبەست تێپەڕبووبن بەنزیکی ئەو گوندەدا، نەک چووبن زیان بەلایەنەکەی دیکە بگەیەنن، ئەو کێشەیە ئێستا ماوەو چارەسەر ناکرێت، ئەو لایەنە کە دوو کەسی لێکوژراوە پێشتریش دووانی لێکوژراوەو دەڵێن ئەمە وادیارە پیلانەو خەڵکی تریشمان لێدەکوژرێ، ئێمە سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگایەکین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئەمانە هاتوون خەڵک بکوژن یان بەرێکەوت بەوێدا تێپەڕبوون.

**ڕووداو: دەگوترێت یەکێتیش گازندەی ئەوەی لێکردوون کە لەسنووری دەسەڵاتی پارتیشدا هەندێک پیاوکوژ لەلایەن بەرپرسانەوە داڵدەدراون، ئەمە ڕاستە؟**

**دەروێش ئاغا:** داوای ئێمە داوایەکی ڕەوای کۆمەڵایەتییە، داوای هەردوو کۆمەڵایەتی یەکێتی و پارتیەو گوێ نادەینە ئەوەی کە ئەوە سنووری یەکێتیەو ئەوە سنووری پارتییە، زۆر کێشە هەیە کە چووەتە دادگا ئێمە بەلایدا ناچینەوەو یاسا ڕۆڵی خۆی دەبینێ، نووسراوی هەندێک لە برا دادوەرو پارێزەرو نووسراوی پارێزگاری هەولێرو وەزیری ناوخۆمان لایە کە ڕایانسپاردووین چارەسەری فلان کێشە بکەین، ئەوکاتە چووین تەداخولمان کردووە، کەسیش ناتوانێ بڵێت تۆ تەداخول دەکەیت، بەڵام کێشەیەک چووبێتە دادگا ئێمە بەلایدا ناچین.

**ڕووداو: ئەو کێشانەی ئێوە چارەسەرتان کردووە، چەندن؟**

**دەروێش ئاغا:** کێشەیەکی زۆری خوێنداریمان چارەسەرکردووە، کێشەی 40 ساڵ پێش ئێستا، کێشەی 20 ساڵ پێش ئێستا، زۆر کێشە هەبووە زیاتر لە 20 کەسی تێدا کوژراوە لە هەردوولا هەوڵمانداوەو گەیشتووینەتە ئەنجام و پێکمان هێناونەتەوەو ئێستاش وەک برا لەگەڵ یەک دەژین، ئەو کەسەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک دێتە لامان بەپێی بەرنامەی خۆمان بەدوایدا ڕۆیشتووین، ئەوانەی دێنە لای ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زیاتر کەسوکاری بکوژن و بەتایبەت ئەوانەی بکوژیان ڕادەستی یاسا نەکردووەتەوە کەسوکارەکەی ترساون لەوەی تۆڵەیان لێبسێنرێتەوە، بەڵێنمان لە کەسوکاری کوژراو وەرگرتووە جگە لە پیاوکوژ دەست بۆکەسی تر نەبەن و پاش ئەوە هەوڵمانداوە پیاوکوژ تەسلیم ببێت و سوڵحی نێوان ئەوانیش بکەین.

**ڕووداو: لەساڵی ڕابردوودا چەند سوڵحتان کردووە؟**

**دەروێش ئاغا:** هەموو کێشەیەک کە چارەسەری دەکەین لای خۆمان مەجلیسێکی بۆ دەگرین و جاری واهەیە مەجلیسەکە 300 تا 400 کەسەو هەموو ئەوانە شاهیدن، ساڵانە بەسەدان کێشەی خوێنداری چارەسەر دەکەین، بەڵام ناتوانین ئامار بدەین.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**دەروێش ئاغا:** پاش ئەوەی بوومە بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی دەنگۆیەکی زۆر هەبوو لەسەرمان کە ئێمە مەکتەبێکی عەشایەرین و عەشایەر زیندوو دەکەینەوەو پشتگیری لە پیاوکوژ دەکەین و سوڵح دەکەین بۆ ڕزگارکردنی پیاوکوژ، هەندێک لە برا پارێزەرەکان بۆچوونێکی تایبەتیان هەبوو لەسەرمان، ئەوکات کاک عارف تەیفور بەرپرسی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بوو داوامان لێکرد چیبکەین باشە، بچینە سەر تەلەڤزیۆن دەبێتە شەڕە قسە لەنێوان ئێمەو پارێزەران، کاک عارف میوانداری هەموو پارێزەرەکانی هەولێری کرد و منیش لەگەڵ چەند برادەرێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشتم و لەگەڵ یەک دانیشتین و بەرنامەی مەکتەبی کۆمەڵایەتیم بۆ باسکردن و پشتگیری و سوپاسیان کردین، تەنها داواکارییەکیان هەبوو کە ئێمە ئامار نەدەین.

**ڕووداو: تێڕوانینێک هەیە پێیوایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چارەسەری ئەم گرفتانە لەژوورەکانی مەکتەبی کۆمەڵایەتییەوە ببرێتە ژوورەکانی دادگا، تۆش پێتوانییە ئەم تێڕوانینە دروستە؟**

**دەروێش ئاغا:** کێ ئەو تێڕوانینەی هەیە بابێنە ئێرەو دەیانکەینە لیژنەیەک و کێشەیەکی خوێندارییان دەدەینێ و پێنج کێشەی خوێنداریش دەدەین بە ئەندامانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی بابزانین کێشەکەی ئەو برا بەڕێزانەی ڕەخنە لە مەکتەبی کۆمەڵایەتی دەگرن چۆن و کەی چارەسەر دەکرێت.

**ڕووداو: کەواتە ئەگەر مەکتەبی کۆمەڵایەتی نەبێت چی دەخوڵقێت؟**

**دەروێش ئاغا:** ئەوکاتە ڕیش سپی و خاوەن دیوەخانەکان ڕۆڵ دەبینن، مەکتەبی کۆمەڵایەتی زۆر کێشەی نەهێشتووە، وەک ژن بەژن، ئافرەت وەرگرتن لە بری خوێن، گەورە بە بچووک مارەبڕینی کچ لەسەر بێشکە کە لەوانەیە سەرلەنوێ پەیدا ببنەوە.

**ڕووداو: ئێوە دژی دیوەخانەکانن؟**

**دەروێش ئاغا:** نە دژایەتیمان هەیەو نە پشتگیری لە دیوەخانیش دەکەین، دیوەخان بۆیە دروستبووە وەک کۆمیتەیەک خەڵکی عەشایەری ئەو عەشیرەتە ڕووبکەنە ئەو دیوەخانەو لەوێ چارەسەری کێشەکانیان بکەن، دەمانەوێت خاوەن دیوەخانەکان و کۆمەڵگای کوردەواریش ڕووبکەنە مەکتەبەکان و لێرە چارەسەری کێشەکانیان بکەن بۆ ئەوەی تێیانبگەیەنین کە قەناعەتیان بەدادگا هەبێت.

**ڕووداو: لە سوڵحی ئێوەدا ژن لەبری خوێن نادرێت؟**

**دەروێش ئاغا:** بەهیچ شێوەیەک ژن لەبری خوێن نادرێت، فایلمان لایە بەمەرجێک ژمارەکەی نەڵێین، بگەڕێن ئەگەر یەک سوڵح هەبوو ئافرەتی تێدا بوو بڵاوی بکەنەوە.

**ڕووداو: کەواتە چۆن قەناعەت بەو دوولایەنە دێنن کە سوڵح بکەن؟**

**دەروێش ئاغا:** تەرکیزەکەمان لە دیاریکردنی کێشەکەوە دەستپێدەکات، کێشەکە چۆن دروستبووە، مەرج نییە کێشەیەک دروست دەبێت لایەنی زیان بەرکەوتوو هەڵەی نەکردبێت، کە کاتێک کێشەکەمان بۆ هەردوولا ڕوونکردەوە ئەو لایەنەی زیانی پێگەیشتووە و خەڵکی لێکوژراوە قەناعەتیان پێدەکەین و تۆزێک لە بکوژیی خۆیان دێنە خوارەوە، پاش ئەوە لەگەڵ لایەنی بکوژ دەگەینە ئەنجام کە ئەم کەسەی کوژراوە ماڵ و خێزانێکی بێ سەرپەرشتی لێبەجێماوەو پێویستی بەهاوکارییەو بکوژەکە وەلی ئەمری ئەم خێزانەی نەهێشتووە بۆیە پێویستە بڕێک پارە بدەن یان خانوویەک بدەن کە مانگانە بژێوی ژیانی ئەم خێزانە دابین بکات.

**ڕووداو: بۆ دروستکردنی ئەم قەناعەتە لای هەردوو خانەوادەکە فشاری حیزب بەکاردەهێنن؟**

**دەروێش ئاغا:** بەهیچ شێوەیەک فشارمان نییەو تەنیا بەگفتوگۆ پەیوەندی بەلایەنەکان دەکەین و بەزمانکی برایانە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدەین، پۆلیسمان نییە خەڵک بگرین و بیهێنینە ئێرە، ئێمە کێشەیەک چارەسەر دەکەین کە هەردوو لایەنەکە قەناعەتیان بەوە هەبێت بێنە ئەم مەکتەبە.



**لەهەندێک کێشەدا هەندێک لە برا بەرپرسەکان ناویان بە بکوژ دێت کە لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نین و دەبێت سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئیجرائاتیان لەگەڵ بکات**

**کاری ئێمە ڕێگرییە لە دروستبوونی کوشت و کوشتار لە کوردستان**

## عومەر شێخموس، شارەزای پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا:

# بۆ کورد دەرچوونی مەکین بە سەرکۆماری ئەمریکا باشترە لە ئۆباما

ئەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (ی ن ک) و، هاوڕێیەکی نزیکی سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانییە. شەش ساڵ بەر لەوەی لە بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمەریکا وەک جێگرو دواتریش وەک بەڕێوەبەر دەست بەکاربێت، وەک لێکۆلینڤانێکی سیاسی لە وڵاتی سوێد کاری دەکرد. لە بواری لێکۆڵینەوەی سیاسی و زانستیدا ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی نووسی، کە هەندێکیانی لە کۆنفرانسە زانستییەکانی جیهاندا پێشکێش کردوون. عومەر شێخمووس تەمەنی 66 ساڵەو لە شاری ئاموودەی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە .دوای ئەوەی کارەکەی لە دەنگی ئەمەریکا لەواشنتۆن کۆتایی هات، جارێکیتر گەڕایەوە پایتەختی سوێد. هەر لەوێش عومەر شێخموس وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو)ی دایەوە.

**هەڤپەیڤین: سیروان حەجی بەرکۆ- ستۆکهۆڵم**



**ڕێی تێناچێ ئەمەریکا تا 15 ساڵی دیکە هێزی سەربازی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە**

**ڕووداو: ئەمڕۆ تەواوی وڵاتانی جیهان لە هەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێزارن، بەڵام کورد بە پێچەوانەوە ئەمەریکا بە دۆستێکی خۆیان دادەنێن، ئەم هەڵویستە تا چەند ڕاستە بۆ کورد؟**

**عومەر شێخموس:** کورد سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەستهێناوە کە توانی بەرژەوەندییەکانی بە بەرژەوەندی ئەمەریکاوە ببەستێتەوەو وەک دۆستێکی نزیک تەماشای بکات. ئەمەریکا لەدوای ساڵی 1991 ەوە گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەپارێزێت، جگە لەوە لە لادانی سەدام حوسێندا ڕۆڵێکی سەرەکی بینی، هەروەها هاوکاری کوردی کردووە لە بوارەکانی ئابووری و ئاسایش و بوارەکانی دیکە تا پێشبکەوێ. خەونێکی گەورەمان ئەوەبوو کە دەوڵەتێکی مەزنی جیهان پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ببەستێ و پشتگیری بکات. ئەو خەون بەدیهات. ئێستا وڵاتانی وەک ئەمەریکا، بەریتانیا، چین و ڕووسیا هاوکاری کورد دەکەن. ئەگەر بزووتنەوەی کوردی بە گشتی سیاسەتێکی ماقوول و میانڕەو، دیموکراتخواز و ئاشتیخوازانە بگرێتە بەر و،دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان ببێتە دەسەڵاتێکی دیموکراتیی نموونەیی، ئەو کات کورد دەتوانێت سۆزی ڕای گشتی جیهان بەلای خۆیدا رابکێشێت.

**ڕووداو: بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە کوردان، دەڵێن ئەمەریکا تەنیا بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێ و جارێکیتر کورد بە تەنیا جێدەهێڵێتەوە؟**

**عومەر شێخموس:** ئەوانەی وادەڵێن، قووڵ بیر ناکەنەوە. هیچ دەوڵەتێک لە جیهاندا نییە، بە دوای بەرژەوەندییەکانیەوە نەبێ، هەندێجار بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە دەگەنە یەکتر، لەو کاتەدا پێویستە بەیەکەوە کاربکەین. کە بەرژەوەندییەکانیشمان لە یەکتر جیاواز بن، ئەوکات پێکەوە کار ناکەین. لە ناو کوردانداا ئەوانەی تا ئەمڕۆ پشتگیری ئەمەریکا ناکەن، تەنیا برادەرانی PKK ەن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە PKK سیاسەتێکی توندڕەوانە پێڕەو دەکات و خۆیان وەک ڕێکخراوێکی مارکسی دەبینن، دەیانەوێ لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ڕژێمی تورکیا بگۆڕن. بێگومان ئەمەریکا پشتگیریان ناکات. ئەگەر PKK بە سیاسەتەکانی دابچێتەوەو سیاسەتێکی میانڕەو دیموکراسیانە بگرێتەبەر، بێگومان ئەوکات ئەمەریکا پشتیوان و هاوکاری بەدەستهێنانی مافەکانی کورد دەبێ. ئاشکرایە ئەمەریکا وەک زلهێزێکی ڕۆژئاوایی پشتگیری لایەنێکی توندڕەو ناکات. لایەنە چەپەکانی ئەورووپا و شوێنەکانی دیکە هەڵەی زۆر گەورە دەکەن. کاتی ئەوە بەسەر چوو مرۆڤ بڵێت ئەمەریکا پێشڕەوایەتی ئیمپریالیزمی جیهان دەکات . ئەمەریکا هەندێجار کاری باش و هەندێجاریش کاری خراپ دەکات، پێویستە مرۆڤ پشتگیری کارە باشەکانی و بەرامبەر کارە خراپەکانیشی بە هەڵوێست بێ. ئەمەریکا و سەرۆک بۆش ڕۆڵێکی زۆر باش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگێڕن. بوش لە لایەک ڕژێمی سەدامی ڕووخاند، لەلایەکی دیکەش هەوڵدەدات گۆڕانکاری لە سیستەمی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەنجامبدات. هەوڵدەدات دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێنێتە کایەوە، ئەمانەش بە قازانجی کورد دەشکێنەوە.

**ڕووداو: بوش هەرچەند کاری گەورەشی بۆ کورد کردبێ، بەڵام جیهان لێی ناڕازییە، ئەوانەی ڕەخنە لە بوش دەگرن هیوادارن کە باراک ئۆباما لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا سەربکەوێت، ئایا ئۆباما شایەنی ئەوەیە ببێتە سەرۆکی دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئەمەریکا؟**

**عومەر شێخموس:** لە دوای هاتنە سەرکاری ئیدارەی بوش، ئەمەریکا هەڵەیەکی گەورەی کرد. لەو ئیدارەیەدا دەستەیەک بە نێوی (نیو کۆنسەرڤاتیڤ- پارێزکارە نوێیەکان) هەیە، کە وا بیردەکەنەوە لە جیهاندا هیچ هێزێک لە ئەمەریکا گەورەتر نییە لە بوارەکانی ئابووری، سەربازی، ئەتۆمیدا. لەبەرئەوە ئەو دەستەیە وادەزانێ ئەمەریکا تاکە هێزی بڕیاردەرە لە جیهاندا. لەلایەکی دیکەوە ئەمەریکا هێزە هاوپەیمانەکانی لەخۆی تووڕەکردن. سیاسەتێکی تاکڕەوانەی پێڕەو کرد، بێ ئەوەی ڕای هاوپەیمانەکانی وەربگرێ.ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەڵک زیاتر ڕەخنە لە ئەمەریکا بگرێت. سیاسەتە تاکڕەوییەکانی ئەمەریکا بە سەرنەکەوتن، نە لە ئەفغانستان و نە لە عێراق. ناڕەزایی نێوخۆ و دەرەوە لە حکومەتی ئێستای ئەمەریکا وادەکات خەڵک زیاتر پشتیوانی پارتی دیموکرات بکات و هەوڵدەدات بەسیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە. لەبەر ئەوەش چانسی بوونی باراک ئۆبامای پاڵێوراوی دیموکراتەکان زۆر گەورتربوو. بەڵام ئەوانەی پشتیوانی هیلاری کلینتۆنیان دەکرد دەڵێن ئێمە دەنگ نادەینە باراک ئۆباما. لەلایەکی دیکەوە شتێکی زەحمەتە کۆمەڵگەی ئەمەریکا ڕێگە بدات کەسێکی ڕەشپێست ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا. بەڵام خەڵکە نێوەنجییەکە بڕیار دەدات کێ ببێتە سەرۆک. ئۆباما تاوەکو ئێستا خۆی وەک چەپگرێک نیشاندەدات، جۆن مەکینی ڕکابەریشی، کە پاڵێوراوی پارتی کۆمارییە وەک کەسێکی بەرەی ڕاستگر خۆی نیشاندەدات. ئۆباما هیوایەکی زۆری لەلای ئەمەریکییەکان دروستکردووە، بەتایبەتی گەنجانی ئەمەریکا . لەلایەکی دیکەشەوە ئۆباما سیاسەتێکی نەرم پێڕەودەکات.

**ڕووداو: ئەمە ئەو واتایە دەگەیێنێ کە هاتنە سەرکاری ئۆباما بۆ ئەمەریکا و باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهاندا باشە، بەڵام بۆ کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەکین باشترە؟**

**عومەر شێخموس:** بەڵێ جۆن مەکین لەگەڵ ئەوەیە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بمێننەوە، هەروەها هەڵوێستێکی تووندتری بەرامبەر ئێران هەیە.

**ڕووداو: ئایا ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی درێژ سوپای خۆی لە ناوچەکە دەمێڵێتەوە؟**

**عومەر شێخموس:** بە گوێرەی وتەی پسپۆرە سەربازییەکانی ئەمەریکا، ڕێی تێناچێ ئەمەریکا تا 15 ساڵی دیکە هێزی سەربازی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە. هەبوونی هێزی ئەمریکاش لەبەرژەوەندی کوردە، لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە تورکیا، ئێران، سووریا و هێزە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لە عێراق دەپارێزێت. کە کورد یارمەتی هاوکاریی ئەمریکای کرد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، ئەوە هاوسۆزییەکی زۆر گەورەی بۆ کورد لە ئەمریکا پەیداکردووە. لەبەر ئەوە پێویستە کورد پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا بە هێزتر بکەن، بەڵام دەبێت ئەم پەیوەندییە لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ چین و ڕووسیا نەبێت، دەبێت کورد پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەوانیش بە هێز بکەن.

**پێویستە پشتگیری کارە باشەکانی ئەمەریکا بکەین و بەرامبەر کارە خراپەکانیشی بە هەڵوێست بین**

## CIA بڕی 400 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کردووە

# پلانی لێکهەڵوەشاندنەوەی ئێران پشت بە کەمینەکان و ئاژاوەنانەوە دەبەستێ

**ڕووداو-سیاسە**

سیمۆر هێرش ڕۆژنامەوانی نێوداری ئەمریکی لە گۆڤاری "نیویۆرکەر"دا پلانێکی نهێنیی جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا دەربارەی ئێران ئاشکرا دەکات کە 400 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە. بەپێی ئەو پلانە، کەمینە بەرهەڵستکارەکانی وەک کورد لەباکووری ڕۆژئاواو عەرەبی ناوچەی ئەهوازو بەلوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و چەندین گرووپ و ڕێکخراوی دیکەی چەکدار بە کۆمەکی دارایی و پشتیوانیی دیکە چالاک دەکرێن تا هەموویان پێکەوەو هاوشانی گوشارە دەرەکییەکان ڕژێمی دەسەڵاتداری مەزهەبی لەو وڵاتەدا بڕووخێنن.

سیمۆر هێرش لەو ڕاپۆرتەدا، لەزاری بەرپرسە سەربازییەکانی ئەمریکاوە ئەوە ئاشکرا دەکات کە جۆرج بوش بۆ خەرجییەکانی ئەو جموجوڵە نهێنییە لەناو ئێراندا ڕەزامەندیی کۆنگرێسی وەرگرتووەو هەریەک لە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکاو سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکەن.

هەندێک لەچاودێران پێیانوایە بە سەرنجدانێکی خێرا لەو گوڕوتینەی لەم چەند مانگەی دوایی وەبەر ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا هاتووەتەوەو هەروەها بەو ڕووداوانەی لەم ماوەیەدا لەچەند ناوچەیەکی جیاجیای ئێران ڕوویاندا، دەردەکەوێت کە پلانە نهێنییەکەی ئەمریکا چووەتە واری جێبەجێکردنەوەو ئەوەی سیمۆر هێرش دەیڵێت زادەی خەیاڵی خۆی نییە.

پێش ماوەیەک ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیا قەدەخەکاریی لەسەر ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق هەڵگرت کە دیارترین گرووپی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانییەو بەدوای ئەوەشدا دادگای بەریتانیا مانگی ئایاری ڕابردوو داوای لە حکومەت کرد کە ناوی ئەو ڕێکخراوە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان ڕەش بکاتەوە.

لەپاریسیش، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەیان هەزار ئێرانی لەخۆپێشاندانێکدا کۆکردەوە کە پێکەوە داوایان لە یەکێتی ئەورووپا دەکرد ناوی ڕێکخراوەکە لەلیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان دەربهێنێ. بەشداربووان داوای هێنانەئارای ئێرانێکی ئازادو دیموکراتیان دەکردو بەگەرمی پێشوازییان لە بڕیارەکەی لەندەن کرد. پەرلەمانتار دیڤید واتینگتۆن کە پێشتر وەزیری ناوخۆی بەریتانیا بوو، لەو خۆپێشاندانەدا داوای لەیەکێتی ئەورووپا کرد شوێنپێی لەندەن هەڵبگرێ و بۆ گۆڕینی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێران کۆمەکی ئۆپۆزسیۆن بکات.

ئەم چالاکی و جموجوڵەی موجاهیدینی خەلق پاش ئەوە هات کە ڕێکخراوی ناوبراو توانی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگ دەربارەی کوورە ئەتۆمییەکانی ئێران ئاشکرا بکات و ئاماژە بەهەندێ لەو پێگە نهێنییانە بدات کە ئێران پرۆژەی ئەتۆمیی تێدا دامەزراندوون، لەوانەش پێگەی "ناتانز"و سەنتەری "بارجین" کە دەکەوێتە نێو سەربازگەیەکی سوپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی تاران. ئاشکراکردنی ئەم بەڵگەنامانە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو ڕێکخراوەو ولایەتە یەکگرتووەکاندا.

لەلایەکی دیکەوە، تۆڕی هەواڵی "نهرین نت" کە تۆڕێکی عێراقییە بڵاوی کردەوە کە کارمەندە ئەمنییەکانی فرۆکەخانەی عەممان لەوەزیری ناوخۆی ئوردنەوە فەرمانیان پێکراوە کە ئاسانکاریی تەواو بۆ هاتوچۆی ئەندامانی سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بکەن. ئەم فەرمانە کە مانگی ڕابردوو دەرچووە، پاش ئەوە دێت کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو ڕێکخراوەو دەزگای موخابەراتی ئوردنی هەنگاوی بەرەوپێشەوە ناوەو لەو چوارچێوەیەشدا، لەسەر داوای دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا ڕێگە بەو ڕێکخراوە دراوە بارەگایەکی فەرمی لە عەممانی پایتەخت بکاتەوە.

هەوڵەکانی واشنتن بۆ یارمەتیدانی ئەو ڕێکخراوە لە چەندین لاوە دەستپێکردووەو تەنانەت ئەو بارەگایەی لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج بۆ ڕێکخراوی ناوبراو کراوەتەوە بە هەوڵ و کۆششی واشنتن بووەو ساڵی ڕابردووش حکومەتی نەرویج پێشوازیی لە مریەم ڕەجەوی سەرکردەی ڕێکخراوەکە کرد.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەم ڕێکخراوە ئەگەرچی لەعێراقدا ڕێکخراوێکی بێزراوی ناخۆشەویستەو تەنانەت ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری دەکردنی داوە، بەڵام لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بەتەواوی دەپارێزرێن و کۆمەکی لۆجستیکییان بۆ دابین دەکرێ.

ئەوەی تایبەت بێت بە بەرەی بەلوجستان، دەستی ئەمریکا لەپشت گرۆپی جوندوڵڵاوە بەئاشکرا دەبینرێ، بەتایبەتی کە ڕادیۆیەکی ئەمریکیی وەک "ڕادیۆسەوا" ئامادەیە گفتوگۆی ڕادیۆیی لەگەڵ عەبدولمالیک ریکی سەرکردەی ڕێکخراوەکە سازبکات، لەکاتێکدا ئەم کەسە بەرپرسە لە ڕفاندن و کوشتنی دەیان پۆلیس و سەرباز لەهەردوو پارێزگای سیستان و بەلوجستانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران. لەسەر ئەم بنەمایەشە کە حکومەتی ئێران ئەمریکا بە دووڕوویی و گرتنەبەری سیاسەتی دووفاقی لەجەنگی دژی تیرۆردا تاوانبار دەکات.

لەبەرەی لای کوردستانیشەوە ڕەنگە دوایین ڕووداوی سەرنجڕاکێش ئەو تەقینەوەیە بێت کە لەبەردەم نووسینگەی ئوستانداری شاری کرماشاندا ڕوویدا، ئەگەرچی ئاژانسی دەنگوباسی ئێرانی ئاماژەی بەهۆکارەکانی ئەو تەقینەوەیە نەکرد، بەڵام ئاشکرایە تەقینەوەکە لەکاتێکدا ڕوویدا کە سوپای ئێران لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان دەستی بە تۆپبارانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی ژیانی ئازاد (پژاک) کردووە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە هەست دەکرێت ئیدارەی ئەمریکا لە ململانێیدا لەگەڵ ئێران سەرنجی خستووەتە سەر کێشە ئێتنی و نەتەوەییە شاراوەکانی نێو ئێران. بەم دواییەش وەرزنامەی واشنتن کە لەلایەن دەزگای واشنتن بۆ لێکۆڵینەوە دەردەچێت، لێکۆڵینەوەیەکی جۆن برادلی توێژەری ئەمریکی بڵاوکردەوە کە ناونیشانەکەی بریتی بوو لە "ئەتنیکە تووڕەکانی ئێران". لێکۆڵینەوەکە تیشک دەخاتە سەر کێشەی ئەم ئەتنیکە جیاوازانە لەئێراندا کە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدێنن و هەریەکەیان داواو خواستی تایبەت بەخۆی هەیەو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و ڕزگاربوون لەچنگی ڕژێمی مەزهەبیی ئێستای ئێران ئامادەن دەستی یارمەتی بۆ دەرەوە درێژ بکەن.



شەقامی ئێرانی لە چاوەڕوانی جەنگدا دەژیت (فۆتۆ:ڕووداو)



# هەمەجۆر

## ئەسپیش دەچنە ئاودەست

**رووداو-ئەڵمانیا**

◆ پیاوێکی ئەڵمانی نەیویست ئەسپەکەی بە تەنیا جێبێڵێ و لەگەڵ خۆیدا بردییە ئاودەست. لە شاری کاوفبورنی ئەڵمانیا چەند کەسێک دەبینن ئەسپسوارێک هەوڵدەدات ئەسپەکەی لە گەڵ خۆیدا بباتە ناو ئاودەست، بەڵام بە هۆی مەزنیی قەبارەی ئەسپەکەوە سەرکەوتوو نابێت. دوای ئەوەی پۆلیس دەگاتە شوێنەکە، ئەسپسوارەکە دیارنامێنێ و تەنیا ئاسەواری تێکدانی دیواری ئاودەستەکە دەبینرێت کە زیانەکەی بە 1000 یۆرۆ خەملێندرا.

## هەریری گەردەنی سەردەشتی ئازا دەکات

# لەسەر وەنەوشە نەگیراوم

**تایبەت بەرووداو**

سەرەڕای شەڕە بەندی توندی نێوانیان گۆرانیبێژی میللی فاخیر هەریری دوای مردنی ئیسماعیل سەردەشتی، لافیتەی رەشی لەهەولێر هەڵواسی و گوتی "گەردەنی سمایل سەردەشتی ئازا دەکەم".

دوای ئەوەی گۆرانیبێژ ئیسماعیل سەردەشتی بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستدا، فاخیر هەریری لەلێدوانێکی بە (رووداو)ی راگەیاند"وەکو وەفایەک بۆ سمایل یەکەم کەسبووم لافیتەی رەشی پرسەم بۆ مردنی لەهەولێر هەڵواسی". جگە لەوە فاخیر هەریری دوای دوو رۆژ لەگیان لەدەستدانی سەردەشتی سیدییەکی 35 بەندی لەسەر سەردەشتی بەدەنگ و رەنگ بڵاوکردەوە "من و سمایل هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ یەک نەبوو، هەندێ کەس شتەکەیان لەئێمە والێکردبوو، بۆیە ئەگەر شتێکیش هەبێ من گەردەنی سمایل ئازا دەکەم".

دەنگۆی ئەوە هەیە کە هەریری بەهۆی گوتنی بەندێک لەسەر وەنەوشەی ئەکتەری زنجیرە درامای گەردەلوول چەند رۆژێک دەستگیرو دەستبەسەر کرابێ، بەڵام هەریری ئەوەی رەتکردەوەو گوتی "بەحەیاتی نەگیراوم و ناگیرێم".



# نالی پارەی نییە

تایبەت بەرووداو

گرووپی مۆسیقای نالی لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسا بانگهێشتکراوە کە رۆژی 2008/8/22 سەردانی فەرەنسا بکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە سەردانەکەیان هەڵوەشاوەتەوە.

سەرچاوەیەک لە گرووپی نالی بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسا، بەمەبەستی سازدانی کۆنسێرت، گرووپی نالی بەرەسمی بانگهێشت کردووە "بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە بۆ خەرجی سەفەرەکە گرووپی نالی ناتوانێ ئەو سەفەرە بکات"، گوتیشی " ئەگەر حکومەتی کوردستان یارمەتیمان نەدات ناتوانین بچین". بەڵام سەرچاوەیەکی حکومی رایگەیاند بەهۆی ئەوەی ساڵی رابردوو یەکێک لەئەندامانی گرووپەکە نەگەڕایەوە کوردستان، لەوانەیە حکومەت یارمەتی سەفەری گرووپەکە نەدات.





# لاقی ریا دەبڕدرێتەوە

**رووداو- ئاژانسەکان**

بەهۆی رووداوێکی هاتووچۆ، ئەکتەری بەناوبانگی هیندی ریا سێن، دەست و لاقێکی شکا و، پزیشکەکان رایانگەیاند پێویستە لاقە شکاوەکەی ببڕدرێتەوە ئەگینا دەبێتە هۆی مردنی.

ریا سێن، ئەکتەری سینەمایی بۆلیوودی هیندستان، لەکاتی گەڕانەوەی لە وێنەگرتنی فیلمێکی سینەمایی بەناوی (ئیمپراتۆرێک)، بەهۆی نەمانی ستۆپی ئۆتۆمبێلەکەی لەگەڵ لۆرییەک پێکیاندادا بووە هۆی شکانی سەختی دەست و لاقێکی.

دوای گەیاندنی ریا بۆ نەخۆشخانە، پزیشکێک رایگەیاند "بەهۆی ئەوەی لاقەکەی خوێنی زۆری لێ رۆیشتووە دەبێ ببڕدرێتەوە ئەگینا گیانی لەدەستدەدا". بۆیە دەست بەجێ لاقەکەی ریایان بڕییەوە.

# ریش بەردەو مووچە وەربگرە

**رووداو- کرماشان**

بەپێی نووسراوێکی فەرمیی رێکخراوی سەرچاوەکانی مرۆڤی و فێرکاری پارێزگای کرماشان، داوا لەگشت بەڕێوەبەرایەتییەکان کراوە کە دەبێ فەرمانبەرانیان ریش نەتراشن، ئەگینا مووچەکانیان دەبڕدرێ.

بەپێی ئەو نووسراوە کە ژمارە 673ی رۆژی 2008/7/26 دەرچووە و، دانەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە، فەرمانبەران پێویستە سنووری شەرعی ریش بزانن و ریشەکانیان نەتراشن " ئەگینا رووبەرووی لێپێچینەوە دەبنەوە و مووچەکانیان دەبڕدرێ".

# لەسەر فیلمی رووت بووە فلیم

**رووداو-نەرویج**

بە هۆی سەیرکردنی فیلمی سێکسییەوە، ژنێک مێردەکەی شەو و رۆژێک زیندانی کرد. لە شاری فانای نەرویج، ژنێک لە ژووری خەوتنیدا بەسەر مێردەکەیدا دەکەوێت کە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە خەریکی سەیرکردنی فیلمی سێکسی بووە. بۆیەش ژنەکە بڕیاردەدات هەر لەو ژوورەدا زیندانیی بکات. رۆژێک دواتر پیاوەکە تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات، بەڵام دوای رزگار کردنی هیچ داوایەکی یاسایی لەسەر هاوسەرەکەی تۆمار نەکرد .

# دوو کورتە باڵاترینی جیهان بوونە هاوسەر



**رووداو- ئاژانسەکان**

کورتەباڵاترین کچ و کوڕی جیهان ژیانی هاوسەرێتیان پێکهێناو ناویان لەکتێبی پێوانەیی گینس تۆمار دەکرێ.

زاوا (لی تانج یەنج) کە باڵای 95 سانتیمەترە و بووک (چین جیلیان) کە 75 سانتیمەترە لەناوچەی شیوند سینی وڵاتی چین، بەئامادەبوونی زیاتر لە 500 کورتەباڵا و 200 کەسی دیکە زەماوەندی خۆیان گێڕا.

بەڕێوەبەری تۆمارکردنی کتێبی پێوانەیی گینس رایگەیاند بەهۆی ئەوەی کە لی تانج و چین کورتەباڵاترین هاوسەری جیهانن ناویان لەکتێبی گینس تۆمار دەکرێ، ئەو تۆمارکردنەش رۆژی 2008/8/17 لە رێورەسمێکدا ئەنجامدەدرێ.



# زاگرۆس حەزی لە قەلە

**تایبەت بەرووداو**

زاگرۆس جەبار کە نازناوی "یەکەمین کچە بێژەری کوردی سەر ئینتەرنێت"ی پێبەخشراوە و بەنیازە ببێتە گۆرانیبێژ، بە (رووداو)ی راگەیاند "زۆر وەرزش دەکەم هەتا قەڵەو نەبم، بەڵام زۆر حەزم لەگۆشتی مریشک و قەلە".

زاگرۆس لەدایکبووی 1988ی شاری سلێمانییە و دانیشتووی هۆڵەندایە، دوای ئەوەی یەکەمین بەرنامەی خۆی لەسەر ئینتەرنێت پێشکێشکرد، نازناوی یەکەمین کچە بێژەری کوردی سەر ئینتەرنێتی پێبەخشرا. زاگرۆس دەڵێ دەیەوێ ببێتە گۆرانیبێژ و لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند " ئەگەر بە دەست خۆم بوایە هەر لەمنداڵییەوە گۆرانیم دەگوت، ئێستاش عیمادی مامۆستای هونەر هاوکاریم دەکات بۆ ئەوەی گۆرانی بڵێم".

ئەو کچە تازە پێگەیشتووە ئەوەشی گوت کە ئارەزووی خواردنە و گوتی "بێ دڵی خۆم ناکەم لە خواردندا، هەر لەبەر ئەوەش زۆر وەرزش دەکەم تاوەکو قەڵەو نەبم، تام و بۆنی گۆشتیشم زۆر لا ناخۆشە، قەت نایخۆم تەنیا گۆشتی مریشک و قەل نەبێت".

## ڕوونکردنەوەیەک لەنازێ عەزیزییەوە

لەژمارە 18ی رۆژنامە بەڕێزەکەتان هەواڵێک لەبارەی منەوە بڵاوکراوەتەوە کە ئەلف و بێی هەواڵەکە زۆر دوورە لەراستییەوە و دیارە رۆژنامەکەتان تازەیەو دەبوو هەوڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی راستی بدەن و بەدواداچوونی بۆ بکەن، بۆ زیادکردنی خوێنەرانتان. لەو هەواڵەدا هاتووە کە هاوسەرەکەم خەڵکی مەهابادەو کێشەی لەگەڵ بنەماڵەی ئێمەدا هەبووە، بەڵام راستییەکەی ئەو کوڕەی کە من بۆ دوو ساڵ دەستگیرانی بووم خەڵکی هەڵەبجەیەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بنەماڵەی مندا نەبووە و تەنیا کێشەکە پەیوەندی بەخۆم و خۆی هەیە، نەک بنەماڵەکەمان، ئاخر لەزۆربەی چاوپێکەوتنەکانم باسم لەهاوکاری و پشتگیری بنەماڵەی خۆمان کردووە لەبەهونەرمەند بوونم و ئیشکردنم وەک ئافرەتێک لەو بوارەدا، دیارە ئێوە هیچ رۆژنامە و سایتێک ناخوێننەوە من تێناگەم حیکمەت لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی بێ پشتڕاستکردنەوە چییە، پێویست بوو ئێوە وەک ئەخلاقێکی رۆژنامەوانی لەوبارەیەوە پەیوەندی بەخۆمەوە بکەن، خۆمن نزیکەی یەک مانگە لەکوردستانم و لەزۆر لە رۆژنامەو سایتە کوردییەکان باس لەو هەواڵە کراوە، هەواڵەکە بۆ رۆژنامەکان نوێ نییە، هیوادارم ڕوونکردنەوەکەم وەک خۆی بڵاوبکەنەوەو دەستکاری زانیارییە راستییەکان نەکەن.

*** ئەم ڕوونکردنەوەیەی نازێ خانم هەواڵی جیابوونەوەی لە دەسگیرانەکەی پشتڕاستدەکاتەوە، ئێمە پەیوەندیمان بە هونەرمەندەوە کرد بۆ راستی وردەکارییەکانی هەواڵەکە، بەڵام بەداخەوە تەلەفۆنەکەی داخرابوو. (رووداو)**

# بەختی رووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

تۆ کەسێکی لەخۆ رازیت و کەسانی دەورووبەرت فەرامۆشکردووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کەسانی دەورووبەرت لێت بێزاربن و هاوکاریت نەکەن.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

هاوڕێیەکی نزیکت دەیەوێ یارمەتیت بدات تاکو بتوانی ئەو شتەی لەمێژە ئارەزووت لێ یە بیکڕیت، بەدەستیبێنی، بۆیە بیر لەشتی خراپ مەکەوەو یارمەتییەکەی قبوڵ بکە.

### گا
Apr 20-May 20

هەواڵێکی خۆشت پێدەگات کە دەبێتە هۆی باشتربوونی باری داراییت، پێویستە وەکو جاران بیر نەکەیەوەو پارەکەت خەسار نەکەی.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

خێزانەکەت داوایەکی بچووک لەتۆ دەکات، باشتر وایە یارمەتیان بدەی و داواکەیان بۆ جێبەجێ بکەی، چونکە تەنیا رێگە چارە و ئومێدێک کە ماوە بۆیان تۆی .

### جمک
May 21-Jun 21

رۆژانی دووشەممە و سێشەممە دوو رۆژی خۆشن لای تۆ، لەو رۆژانەدا هەوڵبدە باشترین کار ئەنجامبدەی تاکو ئاسوودە بی و زۆر ماندوو نەبی.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

ماوەیەکە هەست بەدڵخۆشی دەکەی و، رەفتارو کردارەکانت گۆڕیوە، ئەوەش بووەتە هۆی خۆشحاڵی خێزانەکەت و نارەحەتی دوژمنەکانت، بۆیە هەر بەوشێوەیە بە.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

ئەو پیلانانەی داترشتوون بۆ دوژمنەکەت هیچ باش نین، لەوانەیە خۆشت تووشی گێشەو گرفت ببیت، بۆیە پێویستە بیر لە ئاشتبوونەوە بکەیەوە .

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

دڵی کەسێکت شکاندووە کە ماوەیەکی زۆر متمانەی بەتۆ کردبوو، لەمڕۆژانە لەدەرفەتێکدا بچووە لای و دڵی بەدەست بێنەوە، ئەو تۆی زۆر خۆشدەوێ.

### شێر
Jul 23-Aug 22

خۆشەویستەکەت بیرت دەکات، بۆیە پێویستە دیارییەکی بۆ بکڕی و بچیە لای تاکو بزانێ تۆ چەندت خۆشدەوێ و بۆی بسەلمێنی کە ئەو بۆ تۆ گرنگە .

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

هەندێ کەس باسی کارە باشەکانی تۆ دەکەن بۆیە باشتروایە هەر بەو شێوەیە درێژە بەکارەکانت بدەی تاکو کەس لەخۆت نەرەنجێنی.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

هەست بە کێشەو گرفتێکی زۆر دەکەی، بەڵام هیچ وانییەو خۆت هەستێکی لەم شێوەیەت لەلای خۆت دروستکردووە، پێویستە پشوویەک بدەی.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

رۆژی هەینی رۆژێکی خۆشە بۆتۆ، لەو رۆژەدا کەسێک دەبێتە میوانت کە چەندین ساڵە نەتبینیوەو لێی دوور بووی، پێشوازییەکی باشی لێبکە.

# نامەی خوێنەران

**خوێنەرانی (رووداو) بۆیان هەیە، هەموو رەخنە و کێشە و بابەتێک بە کورتی لەم گۆشەیەدا بخەنەڕوو**

## دوو هەڵوێستی وێکچوو لە دژی سەردەشتی جوانەمەرگ

سمایل سەردەشتی لە ساڵی 1383ی هەتاوی دوای ئازادبوونی لە زیندانی ئێران، پەنای هێنایە باشووری کوردستان، خۆی لە نێو کۆڕی تێکۆشەرانی دیموکرات دا دیتەوە.

ئەو کات حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەببوو بە دوو حیزبی جیا، بەڵام بە کردەوە ببوو بە دوو لەت: دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات. ئەوانەی کاک سمایل حیزبی دیموکراتی بە وان دەناسییەوە، لەو کەسانە بوون کە لە حیزبەکەیان دا خرابوونە پەراوێز. کاک سمایل سەردەشتیش هەر لە بەر ئەوان وەلانراو رووی خۆشی پێ نیشان نەدرا. تەنانەت لە هاتوچۆی بۆ نێو موحیتی حیزبیشی لێ قەدەخەکرا. بەڵام ئەوە کاری لە بیروڕاوی کاک سمایل نەکرد و هەروا وەفادار مایەوە و هونەرەکەشی بەگەرمی درێژە پێدا. دوای لەتبوونی دیموکراتیش ئەندامێتی خۆی درێژە پێدا . بەداخەوە رۆژی 2008/8/1 کارەساتی ئۆتۆمبێل لە نزیک رانیە، سمایلی لە ئۆگرانی بێ ئەژماری ستاند.

ژیانی کورتی کاک سمایل پڕبوو لە ماجەرا. مەرگەکەشی و بە خاکسپارنەکەشی هەر ماجەرایەکی تاڵ و تفت بوو. کەسوکاری هەوڵیان دا بیبەنەوە لە دڵی دایکی نیشتمانی دا بینێژن، بەڵام کۆماری ئیسلامی نەیهێشت.

لەوەش تاڵتر، هەڵوێستی باڵەکەی دیکەی دیموکرات کە نەیانهێشت لە گۆڕستانی ناوچەی بنکەکانی حیزبی دیموکرات لە باوەشی شەهیدانی ئەم حیزبەدا بە خاکی بسپێرن. بەڵام ئەوە سەرینەگرت و لەوێ نێژرا.

**کاردۆ**

## لە بیارە وەرزشوانان خۆیان یاریگە دروستدەکەن

دانیشتوانی ناحیەی بیارە هەندێکیان بە کیمیایەکەی عەلی کیمیاوی لەساڵی 1988دا لەهەڵەبجە شەهیدبوون، ئەوانەی مانەوەش بە هۆی شەڕی بزووتنەوە-یەکێتی، یەکێتی- پارتی هەرجارەو سەرگەردانی شوێنێک دەبوون. بیارە کە خاوەنی چەند هەزار شەهیدە و، بە سێ هەزار دینار لە هەڵەبجەوە دەگەیە بیارە. بیارە لە ساڵی 1968 بووەتە ناحیە،لەساڵی 1988 کرایە خۆڵەمێش، دوای راپەڕین ئاوەدانکرایەوە، ئێستا نزیکەی 700 خێزانی لێ یە کە ژمارەی کەسەکانی دەگاتە 2700 هەزار کەس. دوای ئەو هەموو قوربانیدانە ئاوڕی لێنەدراوەتەوەو حکومەت دەڵێ "بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکەوە هەندێ پرۆژە هەیە بۆی ناکرێ، چونکە کولفەی زۆری دەوێت"، بەڵام بنکە سەربازییەکان کە بە لوتکەی چیاکانەوە دروستکراون " کولفە"ی زۆریان ناوێت؟!

کاتێک بە خورماڵدا دەچی بۆ بیارە، تێناگەی بۆچی حکومەت هەموو شتێکی بۆ خورماڵ کردووەو دەکات، بەڵام بۆ بیارە و بیارەییەکان هیچ ناکات؟ خەڵکی بیارە لە حەفتاکانەوە بەردەوام ماڵ و خاکیان دەسووتێنرێ و لەزەمانی دەسەڵاتی کوردیشدا بەهۆی نەگونجاندنی حیزبە کوردییەکانەوە، هەر دەربەدەر بووە، خێرە ئێستا وەک پێویست خزمەت ناکرێن؟ کێ بەرپرسە لە بیماری ئەم خەڵکە جگە لە حکومەت؟ ئەو جادەیەی کە پارساڵ لەدوو رییانەکەی هەڵەبجەی شەهید- خورماڵەوە تا شارۆچکەی تەوێڵە قیرکرا ئێستا وەرە لە هەندێ شوێندا بووەتە چاڵ و چۆڵ، دڵنیام بۆ چەند ساڵێکیتر وەک ئێستاش نامێنێتەوە، ئەی کەوابوو کوا حکومەت بۆ نایەت ئەو بەڵێندەرو مقاولە چاوچنۆکانە دادگایی بکات، چونکە هەر دادگایی نەکردنی نابەرپرسانە کوردستان خراب دەکات.

لەم ناحیەیەدا لەبەر ئەوەی حکومەت بیر لە دروستکردنی یاریگا ناکاتەوە گەنجانی لەملاو لەولا بە تکا لەو کەسایەتی حیزبی و هەندێ فەرمانگەی حکومی گاز بۆ ئەو شۆفڵە دابین دەکەن کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە پێیاندراوە بۆ دروستکردنی یاریگە، گوێم لە وەرزشوانێک بوو دەیگوت" ئەو گازەی ئەم هەفتەیەمان تەواو بوو، دەبێ هەفتەی داهاتوو روو لەکێ بکەین"، ئافەرین حکومەت ئەوەندە بێ متمانەبی لای خەڵک. بەڕاستی ئەگەر من لێپرسراوی ئەو ناوچەیە بووام قەت شتی وام قبوڵ نەدەکردو وازنامەم پێشکێش دەکرد، کەدەمبینی خەڵکی ئیشەکانی من دەکات.

**سالار بیارەیی**

# شاهید کێیە؟

## خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ پەیوەندی بینین و دیکتاتۆرییەت



**بەختیارعەلی**

2-1

شاهید کەسێکە سەرەتا تاوانەکان دەبینێت. ئەوەی شاهید لە کەسی ئاسایی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لە ساتی ڕوودانی گوناهەکاندا لەوێیە، سەرەتا کەسێکی بێدەنگە و هیچ ناڵێت، تەماشا دەکات و دەست نابات قوربانییەکان ڕزگار بکات، لەبەر ئەوەی شاهید خۆشی یان ئەگەری قوربانییە، یان ناچارە بە هۆی جەبرێکی دەرەکییەوە بێدەنگ بێت یان لە بەری جەلاد و گوناهباردایە و کاتی ڕوودانی تاوانەکە شتەکان بە چاوێکی دی دەبینێت. دۆخی شاهید، بێ ئەندازە سەختە. شاهیدی ڕاستەقینە کەسێکە حەقیقەتی بەسەرهاتێکی پێیە، واتە بەشێکی گرنگی ڕووداوێک دەزانێت، دەتوانێت گرێی کارەساتێک بکاتەوە، نهێنییەک لە مردن دەربهێنێت و ڕاستییەکی لە بیرکراو یاخود نەدرکێنراو یاخود خنکێنراو بخاتەوە سەر شانۆ. واتە لێرەدا کە باس لە شاهید دەکەم، باس لەو کەسە ئاساییە ناکەم کە لەسەر کێشەیەکی ئاسایی دەچێت بۆ دادگا و قسە لەسەر مەسەلەیەکی سادە دەکات، بەڵکو قسە لە بوونەوەرێک دەکەم کە شەهادەت لەسەر کارەساتە لەیادکراو و چەپێنراوەکانی ناو مێژوو دەدات، هەوڵدەدات ڕاستییەکی لە بیرکراوی مێژوویی و تاوانێکی نەسەلمێنراومان بە یاددا بهێنێتەوە، بە مانایەک لە ماناکان حیکایەتێکی مێژوویی پێیە، بینەرێکی مێژووییە کە لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە ڕووداوێکی مێژوویی گەورە ژیاوە. شاهید کەسێکە تا ئەندازەیەکی زۆر «فریشتەی مێژوو»ـەکەی والتەر بەنیامینمان بە یاد دەهێنێتەوە «1»، ئەو فریشتەیەی کە بەبڕوای بەنیامین ئەرکێتی بەشە مردوو و چەپێنراو و فەرامۆشکراوەکانی ناو مێژوو ڕزگاربکات. والتەر بەنیامین لە نووسینێکی تایبەتدا لەسەر «مێژوو»، وێنەی فریشتەیەک دەکێشێت کە بەسەر خەراباتی مێژوودا دەفڕێت و وێرانە و کارەساتەکان بە دوو چاوی پڕ سەرسامی دەبینێت، بەڵام بایەکی خێرا دەیفڕێنێت و ناتوانێت هیچ شتێک لە ناو ئەو خەراباتەدا هەڵگرێت و ڕزگاریبکات. والتەر بەنیامین ئیلهامی ئەو وێنەیەی لە تابلۆیەکی پۆل کلێ یەوە وەرگرتووە، ئەمڕۆ کاتێک باس لە ڕابردوو دەکەین، ئەم وێنەیە بووە بە یەکێک لە وێنە گرنگەکانی خەیاڵی فیکریمان. فریشتەیەک کە بەسەر خەراباتدا دەفڕێت و سەرسامانە سەیریدەکات و ناتوانێت هیچ ڕزگاربکات، ئەم فریشتەیە کە لە ئەدەبیاتی نووسراودا بە «ئەنگێلیۆس نۆڤۆس» ناسراوە ئێستا ڕەمزێکی گرنگی ناو ئەدەبیاتی فەلسەفەی مێژووە. من وادەبینم شاهید تا ئەندازەیەکی زۆر لەو فریشتەی مێژووە دەچێت، فریشتەیەک کە گەڕاوەتەوە، کە دژی بای بیرچوونەوە شەڕدەکات و دەیەوێت ڕۆڵی ڕزگارکەر ببینێت. بە چەشنێک دەکرێت بڵێین شاهید ڕۆڵی مێژوو دەبینێت لە ساتی وەستان و وەبیرهێنانەوەدا، والتەر بەنیامینیش ئەوەی لە مێژوو دەویست، بوەستێت و کوێرانە مل نەنێت و گوێ بۆ هاوارەکانی ڕابردوو ڕادێرێت. بەڵام جیاوازی نێوان شاهید و فریشتەکەی والتەر بەنیامین ئەوەیە کە شاهید مێژوویەک دەگێڕێتەوە کە تێیدا ژیاوە، کە بینیوێتی، لە کاتێکدا فریشتەکەی والتەر بەنیامین بەسەر خۆڵەمێش و خاشاکەکاندا هاتووە، لە دوای ڕووداوەکان دێت و دەیەوێت شتێک ڕزگاربکات. ئەو خاشاک و وێرانەیەی فریشتەکەی والتەر بەنیامین دەیبینێت خۆڵەمێشی ڕابردووە، خۆڵەمێشی

> **ڕۆژگاری دیکتاتۆرییەت سەردەمێکە شاهید تێیدا دروست نابێت، چونکە شاهید لە جەوهەردا هیچ نییە جگە لە توانای مرۆڤ لەوەی لە بینەرەوە ببێتە قسەکەر، دیکتاتۆرییەتیش بە پێچەوانەوە سیستمی گۆڕینی مرۆڤە لە قسەکەرەوە بۆ بینەر**

ئەو سات و کاتانەیە کە تێپەڕیوون، بەڵام شاهید کەسێکە خۆی لە ناو ئاگرەکەدا بووە، شاهید خۆی مێژووە بە زیندوویی، واتە بینەرێک نییە لە دەرەوە سەیری تەختەی شانۆکە بکات، یان وێنەی تەختی شانۆکە بکێشێتەوە، بەڵکو ئەکتەرێکە لە ناو نمایشەکەوە هاتۆتەدەرەوە، فیگەرێکی تابلۆکەیە و لە تابلۆکە هاتۆتەدەرەوە، لەسەرەوە نەیڕوانیوە، بەڵکو لە ناوەوە تێیدا ژیاوە. لێرەوە ڕوانینی شاهید بۆ شتەکان لە گۆشەیەکی ئەوتۆ تایبەتییەوەیە کە کەسانیتر ناتوانن لەگەڵیدا هاونیگابن. ئەو وەک فریشتەکەی والتەر بەنیامین لەسەرەوە سەیری خوارەوە ناکات، یاخود لەسەرەوە باسی خوارەوە ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە خوارەوە باسی خوارەوە دەکات، ئەو بەسەر مێژوودا نافڕێت، بەڵکو لەناویدا دەفڕێت و لە ناویدا دەوەستێت، ئەو مەحکومە بە نیشتەجێبوون لە ناوەوە، واتە جەبرێک دەخاتە سەر شانی خۆی کە مێژوونووسان و ئەدیبان و فەیلەسوفان کەمتر دەیخەنە سەر شانی خۆیان، ئەویش بینینی حەقیقەتە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو واقسەدەکات کە لە هەمووان زیاتر لە حەقیقەتەوە نزیکە. ئەو سەیری مێژوو ناکات، بەڵکو لە جێگایەکیدا دیل دەبێت، واتە لەسەر ئەو وردەکاریانە دەوەستێت کە هیچ کەسی دیکە لێوەی نزیک نەبووە. بە مانایەکی وردتر شاهید ئەو فریشتەیە نییە کە سەیری خاشاکی مێژوو دەکات بۆئەوەی شتێکی تێدا ڕزگاربکات، بەپێچەوانەوە، خۆی خاشاکەکەیە کە دێتە زمان. بەڵام ئەم «هاتنە زمان» و «کەوتنە سەر قسەکردن»ـە تا چەندە دەشێت ڕاستیمان بۆ بگێڕێتەوە؟. ئەمە یەکێکە لە پرسیارە گەورەکان.. ئاخۆ شاهید لەسەردەمی دیکتاتۆرییەت و لە هەلومەرجی کارەساتدا تا چەند دەتوانێت ڕاستییەکان ببینێت؟ سنووری بینینی تا چەند دەڕوات؟ ئاخۆ یەکێک کە لە ناو کارەساتەوە قسە لە کارەسات دەکات، دەتوانێت باشتر لە یەکێک ببینێت و بدوێت کە لەدەرەوەی کارەساتەوە لەسەر کارەسات دەدوێت، یاخود تەواو بە پێچەوانەوە؟. جیاکارییەک لە زمانی لاتینیدا هەیە، کە فەیلەسوفێکی وەک جۆرج ئاگامبن بەکاریدەهێنێت، گرنگییەکی زۆری بۆ باسەکەی ئێمە هەیە. لە زمانی لاتینیدا جیاکارییەک لە نێوان «تێستیس ـ testis» لەگەڵ «سوپەرستێس ـ superstes»دا هەیە، تێستیس بە کەسێک دەگوترێت کە خۆی ڕاستەوخۆ لە ناو مەسەلەیەکدا نییە، بەڵکو کەسی سێهەمە لە نێوان دوو بەرەی دیکەدا، بینەرێکە و شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە نێوان دوو کەسی دی یان دوو لایەنی دیدا ڕوویداوە، ڕاستییەک ڕزگار دەکات کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خودی خۆیەوە نییە، بەڵکو شاهیدی حاڵەتێکە کە کەسێکی دیکە تێیدا ژیاوە و بکەر و کراوەکانی خەڵکی دیکەن، بەڵام سوپەرستێس بەپێچەوانەوە شەهادەت لەسەر شتێک دەدات کە خۆی تێیدا ژیاوە، خۆی بەرەیەکی گرنگی کێشەکەیە، لە ناو ڕووداوەکەدا بووە و شتەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەوەوە هەیە. جیاوازی نێوان شاهید لەگەڵ فریشتەکەی والتەر بنیامین دا تا ئەندازەیەک وەک جیاوازی نێوان تێستیس و سوپەرستێس لای جۆرج ئاگامبن وایە. فریشتەکەی والتەر بەنیامین لە دەرەوەی مێژووەوە وەک ڕزگارکەرێک دەردەکەوێت، دوای داخستنی مەلەفەکان وەک هێزێکی وەبیرهێنەوە ئیشدەکات و دووبارە مەلەفەکان دەکاتەوە، لە کاتێکدا شاهید بە مانای سوپەرستێس دووبارە ساتەوەختی ئەزموونێکی پێشینەی خۆی بانگدەکاتەوە، ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە نەوەک حوکم بەسەر ڕووداوێکدا بدات. ئەم جیاوازییە لە جەوهەریدا وەک جیاوازی نێوان شاهیدێک وایە کە تەواوی حەقیقەت دەبینێت لەگەڵ شاهیدێکی دیکەدا کە تەنیا نیوەی حەقیقەت دەبینێت، بەڵام کێشەکە لەوە قووڵترە، کە مرۆڤ سەرەتا هەستی پێدەکات، ئاگامبن لە کتێبە گرنگەکەیدا «چی لە ئاوشڤیتز دەمێنێتەوە، ئەرشیف و شاهیدەکان» گومان لە توانای ئەوانەش دەکات کە لە ناو ڕووداوەکاندا دەژین تەواوی حەقیقەت بگێڕنەوە «2». واتە تەنیا فریشتەکەی والتەر بنیامین «ئەنگێلیۆس نۆڤۆس» نییە کە ناتوانێت «حەقیقەت» یان «تاریکییەکانی ناو حەقیقەت» ڕزگار بکات، بەڵکو «سوپەرستێس ـ شاهیدی ناو ڕووداوەکان»یش کە لە ناو کارەساتەکەدا ژیاون تەنیا بەشێکی ئەزموونەکەیان بینیوە. ئەوەی کێشەکەی لە ئەدەبیاتی سیاسی و فەلسەفەی هاوچەرخدا تەقاندەوە، گرفتێکە

بە گرفتی «موسڵمان ـ Muselmann» «3» دەناسرێت، کە جۆرە خەڵکێک بوون لە بەندیخانە و کۆدیلگەکانی نازییەتدا لە لێواری مەرگدا دەژیان و تەنیا نوزەیەکی ژیانیان تێدامابوو. لای ئاگامبن کێشەی «موسڵمان» «4» هۆکارێکی گرنگە بۆ داواکردنی «ئەتیکێکی نوێ». بەوەدا منیش لێرەدا لەسەر هەمان ڕێگا دەڕۆم و دەمەوێت لەسەر ئەستەمی و سەختی لەدایکبوونی شاهید و ئەگەری بوون و نەبوونی لە دیکتاتۆرییەتدا قسە بکەم و کۆی تێزەکە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بخوێنمەوە، دەبێت لێرەدا ئێستێکی درێژتر لای تێزە جەوهەرییەکەی فەیلەسوف «جۆرج ئاگامبن» بکەم.

لە کاتی جووقرانی نازییەکاندا لە ئۆردووگاکانی نازییەتدا، لە نێو زیندانییەکاندا دابەشکردنێکی ناوەکی لە نێوان گیراوەکاندا هەبوو کە زانینی گرنگییەکی گەورەی بۆ تێگەیشتن لە «مۆراڵی شاهید» هەیە، نووسەری ناسراو «جۆرج سمبیریۆن» کە خۆی ماوەیەک لەو زیندانانەدا ژیاوە و یەکێک لە هەرە جوانترین ڕۆمانەکانی دەربارەی «ئۆردوگا» نازییەکان بە ناوی «چ یەکشەممەیەکی جوانە» نووسیوە، دۆخی ناو ئۆردوگاکان بەشێوەیەکی ورد وەسفدەکات، لە ناو ئۆردووگاکاندا دابەشکردنێکی چینایەتی ورد هەبووە، جگە لە دابەشبوونی ئاسایی لە نێوان «زیندان»



نەجیبە خدر لە کاتی شایەتیدان لە دادگاییکردنی سەدام و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەنفالدا گریا

و «پاسەوان»ـەکاندا دابەشکردنێکی ناوەکی قووڵ لە ناو زیندانەکاندا بووە، بەسەرێک زیندانە ئەرستۆکراتەکان هەبوون، ئەمانە توێژێکی تایبەتی ناو زیندان بوون کە دۆخیان لەوانیتر زۆر باشتر بووە، خواردنی زۆرتریان وەرگرتووە، نزیک بوون لە پاسەوانەکانەوە، سیخوڕییان بۆ کردوون و هەندێکجار لە ناو زیندانەکاندا خەڵکیشیان بۆ کوشتوون، شوێنی تایبەتیان هەبووە، لەهەمووشی گرنگتر بۆ خۆپاککردنەوەو خۆشتن سابوونیان وەرگرتووە کە ئەمە ئەگەری مانەوەو نەخۆش نەکەوتنیانی زۆر گەورە کردووە، ئەمانە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە شوێنی خۆیان بپارێزن و لەترسی ئەوەشدا بوون نزیکێتی خۆیان لە نازییەکان لە دەستبدەن و بکەونە خوارەوە بۆ چینە نزمەکان. چینێکی لەمان نزمتر بە «پلێبس ـ Plebs» ناودەبرێن، ئەمانە گەورەترین گرووپی ئۆردووگاکە بوون تەنیا نان و شۆربایان وەرگرتووە، زیندانی ئاسایی بوون و پەیوەندیان بە نازییەکانەوە زۆر لاوازبووە، بەڵام لەمان لە خواتر گرووپی «موسڵمان»ـەکان بوون کە کۆمەڵێک پەککەوتووە بوون. لەوانەی وشک و ڕەق دەبنەوە و تەنیا ئێسکەکەیان دەمێنێتەوە. ئەمانە لەوە کەوتوون چیتر لە پێناوی مانەوەدا شەڕبکەن و تەنیا تۆپەڵێک ئێسکن و چاوەڕوانی مردن دەکەن. بەپێی قسەی زیندانەکانیتر ئەوانە وەک کۆمەڵێک ئاژەڵی بێڕۆح بوون و وەک «سمبیریۆن» دەڵێت لە

«دۆخی مەمرەومەژیدا وەستاون». ئەمانە نە ئیشیان بۆ نازییەکان کردووە، نە هەوڵیان بۆ مانەوەش داوە، گرووپێکی پاسیف بوون کە هێدی هێدی وشک بوونەتەوە و برسێتی و خۆبەدەوەستان کوشتوونی، گەورەترین شتێک لە موسڵمانەکاندا بەدیکراوە، هەوڵنەدان بووە بۆ مانەوە، زۆربەی شاهیدەکان ئەوانەی چیرۆکی ئۆردووگا نازییەکانیان گێڕاوەتەوە، نیگەتیڤ باسی «موسڵمان»ـەکان دەکەن، وەک هێمای مردن و خۆبەدەستەوەدان، وەک مرۆڤێک کە بووە بە نامرۆڤ و چیتر بەرگری لە ژیان و مرۆڤبوونی خۆی نەکردووە. «سمبیریۆن» خراپ باس لە موسڵمانەکان ناکات، بەڵام دەڵێت کە مۆدێلی «موسڵمان لە ئاسۆ ئایدۆلۆژییەکانی خۆیدا ساتێکی قووڵی نادڵنیایی دەهێنێت.. بەوەی چیدی خەبات بۆ ژیان و مانەوە ناکات و هەڵگری ڕۆحی بەرگری نییە» «5».

ئاگامبن لە ڕێگای مۆدێلی «موسڵمان»ـەوە، کێشەیەکی قووڵ دەخاتە ناو مەسەلەی «شەهادەت»، «سنووری شەهادەت» و «ڕاست و دروستی شاهید»ـەوە. لای ئاگامبن موسڵمان «فۆرمێکی ژیان، شوێن لەنگەرێکی ئەخلاقە، کە لەو جێگایەوە دەست پێدەکات کە کەرامەت تەواو دەبێت» «6». بەپێی ئاگامبن موسڵمان مۆدێلی مۆدێرنی «ژیانێکی ڕووتە» «7»، ژیانێک کە تەواو لە ڕەهەندە سیاسییەکانی کراوەتەوە و بووە بە قەوارەیەکی بێ ماف و بێئیرادە، کە بەڕای ئاگامبن یەکێکە لە دەرکەوتە سەرەکییەکانی کۆی پرۆسەی مۆدێرنە و یەکێکە لە مەبەستە ناوەکییەکانی ناو پرۆسەکە، بەڵام لای ئاگامبن و بە گەڕانەوە بۆ یەکێک لە شاهیدە سەرەکییەکانی ئۆردوگا نازییەکان کە «پرۆمۆ لیڤی»یە، ڕای وایە کە هەموو شاهیدیدانێک لەسەر ژیانی ناو ئۆردووگاکان، شاهیدیدانێکی ناتەواوە. لەبەرئەوەی تەنیا ئەوانە تەواوی کارەساتەکە ژیاون کە مردوون. تەنیا موسڵمانەکان دەکرا شاهیدبن، بەڵام موسڵمانەکان مردون و، مردنیشیان بە ماوەیەکی درێژ بەر لە مردنی بایۆلۆژییان لە ناو ژیاندا دەستی پێکردووە، لەوانەش گرنگتر، موسڵمانەکان بە ڕای شاهیدەکانیتر لەوە دەرچوون مرۆڤ بن و بوون بە نامرۆڤ. بەڕای ئاگامبن تەنیا یەکێک دەتوانێت شاهیدبێت کە تەواوی پرۆسەکەی تاکۆتایی بڕیبێت، ئەزموونەکەی گەیاندبێتە کۆتایی، چونکە جەوهەری ئەو ئەزموونە لەوەدا نییە مرۆڤ تەنیا وەسفی ئۆردووگاکان بکات و باسی شتە بینراوەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو ئەوەیە لەو هێڵە بپەڕێتەوە کە مرۆڤ لە نامرۆڤ و ژیان لە مردن جیادەکاتەوە.

کەواتە بە مانایەکیتر، لەو شاهیدانەشەوە کە لە ناو کارەساتەکەدا ژیاون ڕاستیمان دەست ناکەوێت. واتە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە وەک والتەر بەنیامین دەڵێت فریشتەی مێژوو بە هۆی بایەکی خێراوە کە بای گەشەو پەرەسەندنە، ناتوانێت لە ناو خاشاک و خۆڵ و وێرانەکانی مێژوودا حەقیقەت دەربهێنێت و ڕزگاریبکات و بیپارێزێت، بەڵکو ئەوەشە کە نیشتەجێکانی ناو کارەسات هەلومەرجێکیان هەیە، وادەکات سەخت بێت هیچ کەس تەواوی دیمەنەکە ببینێت. گەر مەسەلەکە، مەسەلەی ڕزگارکردنی یادەوەری بێت «وەک لای والتەر بەنیامین دەیبینین»، یان گەڕان بێت بۆ شەهادەتی تەواوەتی «وەک لای جۆرج ئاگامبن» هەستی پێدەکەین، هەردووکیان دوو ڕێگای داخراون، لە هەردووکیاندا بینەر هەموو شتێکی بۆ ڕزگارناکرێت. لەم تێزە بچووکەدا من دەمەوێت لە ئەزموونی خۆمانەوە لە خۆرهەڵات لەگەڵ دیکتاتۆرییەتدا هەمان ئەو تێزەیە وەرگرم و لە تێگەیشتنی هۆکانیدا کەمێک ڕوانگەکە قووڵتربکەمەوە، لەو بڕاو و بۆچوونەوە کە دیکتاتۆرییەتی خۆرهەڵاتی سیستمێکە هەر لە بنەڕەتەوە لەدایکبوونی شاهید تێیدا ئەستەمە. بەوپێیەی لە مێژووی ئێمەدا لە خۆرهەڵات «شاهیدیدان» و «فەلسەفەی شاهیدی» و مانای لە ناو کۆی سیستمەکەدا ونە. گەر کێشەی ئاگامبن نەبوونی شاهیدی تەواوەتی بێت لەسەر ئاوشفیتز، کێشەی ئێمە لە دایک نەبوونی شاهیدە وەک بینەرێکی مێژوویی و، نەبوونی شەهادەتە بە کێشەیەکی فیکری و ئەخلاقی. شەهادەت لە خۆرهەڵاتدا گەر هەبووبێت تەنیا ئیشی پیاوە گەورەکانی ناو مێژوو و سیاسەت بووە، بەڵام خۆڵ و خاشاکەکەی مێژوو، ئەو وێرانەیەی فریشتەکەی والتەر بەنیامین بەسەریدا دەفڕی هێشتا قسەکەری خۆی نەدۆزیوەتەوە.

خۆرهەڵات ناوچەیەکە ئامادەنییە ڕابردووی خۆی دادگایی بکات، لێرەوە دادگایی گەورە لە مێژووی دەڤەری ئێمەدا کەمە. دادگاییەکانی ئەم دواییەی سەرانی ڕژێمی عێراقی کۆن تاکە نمونەیەکە، لێرەدا من نامەوێت لەسەر سروشتی شاهید لە دادگاییەکاندا قسەبکەم، بەڵکو لەسەر ئەنتۆلۆژیای شاهید، وەک بوونەوەرێکی گرفتئامێز ڕادەوەستم. نەبوونی شاهید لە ڕاستیدا مانای نەبوونی هوشیاری تەواوەتی بە ڕابوردوو، نەبوونی هوشیاریش بە کارەساتەکان مانای دووبارە کردنەوەیان، لێرەوە دووبارەبوونەوەی دیکتاتۆرییەت پەیوەندییەکی زۆری بە نەبوونی شاهیدی ڕاستەقینەوە هەیە لەسەر دیکتاتۆرییەت. شاهید خۆی قوربانییە و هەندێکجاریش گوناهبارە و چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام لە ڕووی بایەخی وجودییەوە دەبێت شاهید لە قوربانی و گوناهبار جیابکەینەوە، حیکایەتی قوربانی و تاوانکار هەمیشە لە ڕووی تەکنیکی و ناوەڕۆکەوە، شوێنی گومانن. دوو حیکایەتن بە دوو ئاڕاستەی دژ، هەر یەکەیان خزمەتی لۆژیکێکی دیاریکراو دەکەن. هەر دووکیان جودا لەوەی ئاخۆ چەند ئۆبێکتیڤانە ڕووداوێک دەگێڕنەوە، چیرۆکەکەیان پڕە لە ویستی تایبەتی و خواستی تاکەکەسی، هەمیشەش دوو چیرۆکی جیاوازن، یان لایەنیکەم لە خاڵێکی زۆر گرنگدا لێکدی جیادەبنەوە و پێک ناگەن. شاهیدیش کەسێکە وا دەردەکەوێت کە «چیرۆکە ڕاستەقینە»کەی پێیە. واتە وەک بێلایەنێک دەردەکەوێت کە هیچ نییە جگە لە هەڵگری حەقیقەت، هەتا کە وەک تاوانبار یاخود قوربانی شەهادەت دەدات، لە پاڵ ئەو وێنەیەدا کاردەکات کە بێلایەنە و دەیەوێت ڕاستی بگێڕێتەوە. بەڵام ئەم فەرمانە ئەخلاقییەی شاهید وەک کەسێک کە باری گوتنی ڕاستی لەسەر شانە، هەمیشە بەر بەربەستی زۆر دەکەوێت. سەرەتا شاهید خۆی شوێنی گومانە، چونکە بەردەوام لە لایەنێکەوە وەک شێوێنەری ڕاستی ناودەبرێت، هەردەم بەرەیەک لە بەرەکان ئیشی ئەوەیە گومان لە قسەکانی بکات. بەڵام جگە لەو گومانە، شاهید خۆشی وەک قسەکەرێکی درەنگ وەخت دەردەکەوێت. لە هەموو شایەتیدانێکدا قۆناغێکی بێدەنگی و دوودڵی هەیە... بەدەگمەن ڕێدەکەوێت شاهید بەناو وەسوەسە و دوودڵییەکی قووڵی «گووتن» و «نەگووتن» دا تێنەپەڕێت. ئەو مەودایە دەشێت مرۆڤ ناوی بنێت مەودای «دوودڵی ویژدان»، لەو مەودایەدا شاهید بڕیاری قسەکردن دەدات، بەڵام مەرج نییە بڕیاری «گوتنی حەقیقەتی» دابێت. دیارە ناتوانین لە شاهید و دوودڵییەکانی تێبگەین بێئەوەی لەو دونیایە بگەین کە شاهیدی تێدا دەژی. گوتەی شاهید تەنیا بەرهەمی دوودڵییەکانی خۆی نییە، بەڵکو بەرهەمی ترسیکی دەرەکی گەورەشە. شایەتی بە تەنیا مەسەلەی ویژدان نییە، بەڵکو مەسەلەی پەیوەندی مرۆڤە بە هەموو جیهانی دەرەوەی خۆی. هەڵوێست وەرگرتنێکی قووڵە لە تەواوی ژینگەی سیاسی و ئەخلاقی خۆی. لە ڕێگای گوتنی حەقیقەت یان نەگوتنییەوە، مرۆڤ هەڵوێستیک لە کۆی ژیان وەردەگرێت .

---



**گۆران محەممەد**

goransalih@hotmail.com

# کەرکووک

پەشێوی مەزن دەفەرموێ:

**بەهەشت و دۆزەخ بۆ من تازە نین.**

**هاوکات و هاوجێ**

**ئەویشم دیوە، ئەمیشم دیوە :**

**نیشتمانی من، لەوەتی هەیە،**

**بەهەشتە و دۆزەخ دەوری تەنیوە!**

کەرکووک، یان ئەوەتا لە دەست دەرچووە و بڕاوەتەوە، یان سەرکردایەتیی کورد، بایی گێڕانەوەی کەرکووک لە سیاسەت نازانێت و دەرەقەت نایێت. ئاخر ئەوە پتری حەڤدە ساڵ ئازادی کوردستان و پێنج ساڵ ئازادی عێراق تێپەڕ یووە، کەچی کورد، بە هەموو هێز و توانای سیاسیی و سەربازیی خۆیەوە، تاقە یەک بست خاکی بەعەرەبکراوی باشووری پێ ڕزگار نەکراوە.

سەردەمی بەعس بە بیانووی پاراستنی ئەزموونە ناسکەکەمان و ئێستاش لە تاوتەبایی و یەکپارچەیی عێراق، کورد هەر سازش و عارەبیش تەنێ دەسکەوتی پێ بڕاوە، ئەوە نییە ئەو خاکەی جاران لە سەددامیشمان قەبووڵ نەدەکرد بڵێ کوردستان نییە، ئێستا خۆمان هاوار دەکەین عێراقییە و کەس گوێمان لێ ناگرێ.

مەسەلە هەر کەرکووکە؟ لە زاخۆوە تا کەلار، بە درێژایی ئەو سنوورە خاکی کوردستان داگیر کراوە. لەوانەیە نەوتەکەی کەرکووک لیکی هەمووان بڕژێنێت، بەڵام جار جار هەر بۆ نمایشیش بێت، فرمێسکێکی تیمساح بۆ خانەقی و مەنەلی و دەیان شار و شارۆچکەی دیکە بڕێژن خراپ نییە. ئەها هێزەکانی مالیکی لە دەوروبەری دیالە بە ناوی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و پاراستنی هێمنییەوە، بۆ گۆڕینی سروشتی ئیداری خانەقی، خەریکن پێنج ناحییەی لێدابڕن.

بەداخەوە، لێدوانی ژاڵە نەفتچی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە سەر لیستی بەرەی تورکمانی ڕاستە کە دەڵێ: "سەردانەکەی بارزانی بۆ کەرکووک درەنگە، دەبوایە سێ ساڵ پێش ئێستا بهاتبایە و چارەسەری کێشەکانی بکردایە". لە پرسی کەرکووک و ناوچە عارەبکراوەکاندا، کورد هێندە کەمتەرخەم و دروشم فرۆش بووە، تەنانەت لێدوانی بەرەی تورکمانیشی پێ بەدرۆ ناخرێتەوە. سەرۆکی کوردستان نەک هەر دەبوا سێ ساڵ بەر لە ئێستا بچووبایە کەرکووک، بەڵکوو دەبوو لە هیچ بەرپرسێکی پارتی و یەکێتیشی قەبووڵ نەکردایە بەیانی بۆ دەوام بچێتە کەرکووک و عەسر بگەڕێتەوە هەولێر.

سەردانەکەی سەرۆکی کوردستان بۆ کەرکووک زۆر گرنگ بوو، ئەگەر درەنگیش بووبێ، بەڵام ئەرێ بەڕاست، کەی سەر لە خانەقیش دەدا؟




## پەیامی ڕووداو

# ڕووبکەنە ڕۆژئاوا

سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (سپیتس)ی هۆڵەندی بە ڕاشکاوییەکی ڕۆژئاواییانە پێیگوتین "کورد نەیتوانیوە نیو هێندەی فەلەستینییەکانیش کێشەی خۆی بە جیهان بناسێنێ". فەلەستینی کێشەیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە کە زۆربەی ئابووری و ڕاگەیاندنی ئەوروپایان بەدەستەوەیە، لە هۆڵەنداش لە هەردوو بواردا زۆر بەهێزن، کەچی سەرەڕای ئەوەش فەلەستینییەکان کە بە ژمارە و خاک کێشەیان زۆر لە کێشەی کورد بچووکترە و بەگوێرەی ئامارە فەلەستینییەکان، نەک ئیسرائیلی، تا ئێستا 550 گوندیان تێکدراون کەچی ئەوە جیاوازی کورد و فەلەستینییەکانە لە ئەوروپا.

کێشەی کورد تاوەکو ئێستا وەک کێشە بوونێکی بەردەوامی نییە لە نێو ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوادا، بەڵکو هەندێ ڕووداوی کوردستان و پەیوەست بە کوردەوە جاروبار دەکەونە نێو ڕۆژنامەکانی ئەوروپا، ئەویش بە داڕشتەیەکی وەرگیراو لە ئاژانسەکانی تورکیا و وڵاتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک: کورد تا ئێستا هەر دەیەوێ ئەوانە تێبگەیێنێ کە بڕیاریانداوە تێنەگەن (عەرەب، تورک و فارس) و شیکردنەوە و زانیاری دان بە ڕۆژئاواییەکانی پشتگوێخستووە کە لە ڕاستیشدا ئەوان بڕیاری جیهان و دەوڵەتەکانی ئەو سێ نەتەوە سەردەستەی کوردستانیشیان بەدەستە. کورد زۆر زۆر بەکەمی چووەتە نێو ڕاگەیاندن و نێوەندە بڕیاردروستکەر و بڕیاردەرەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، زۆر لە کوردان تا ئێستا تەنیا بە جەستە لە ڕۆژئاوان و ڕووی قسە و ڕەخنەیان هەر لە کوردستانە.

هۆڵەندییەکان وتەیەکی نێوداریان هەیە دەڵێن " کە تۆ پێویستیت بە ئێمە بوو دەبێ خۆت لە دەرگامان بدەی نەک ئێمە لە دەرگات بدەین"، هەر لەبەر ئەوەش بوو سەرنووسەری ڕۆژنامەی (میترۆ) لە هۆڵەندا پێیگوتین "ئێمە ناتوانین بەدوای هەموو کێشەیەکی کورد لەگەڵ دەوروبەریدا بچین، ئاسانترە کە یەکسەر لە ئاژانسێکی تورکی وەریبگرین". بەوشێوەیەش کورد کە ئاژانس و ئاراستەیەکی نییە بۆ ئەوروپا کێشەکەی بە داڕشتەی تورکی و عەرەبی دەدرێتە هاووڵاتی ڕۆژئاوایی با حەزیش لە تورک و عەرەب نەکەن.

ئیسرائیل سەرەڕای بەهێزی خۆی ئێستاش مۆزەخانە لە ئەوروپا هەن و هی نوێتریش دەکاتەوە بۆ ناساندنی دیرۆک و کولتوور و ئەو جینۆسایدانەی لێیکراون و ئەنجامدانی چالاکی بەردەوام لە ئەوروپا، بەڵام کوردی نەناسراو و تازە ئەنفالکراو و کیمیابارانکراو تابلۆیەکی شێوەکاریشی لەسەر کارەساتەکانی نەخستووەتە مۆزەخانە و پێشانگەیەکەوە. دەسەڵاتی کوردی لەو ڕووەوە زۆر جێگەی ڕەخنە لێگرتنە، بەڵام هەموو شتێکیش تەنیا لەسەر ملی حکومەت و دەسەڵات نییە. تۆماس فریدمان گوتەنی " حکومەتەکانی ئیسرائیل هەرچەند خراپیش بن هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە چونکە میللەتێکی وشیاری هەیە".

**ئاکۆ محەممەد**

---

# چیرۆکی فیدراڵیزمێکی ناسەرکەوتوو

هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

چەند هەفتەیەک دەبێت سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا دەستی لە کار کێشاوەتەوە وکابینەکەی ڕووخاوە. ئەمە جاری یەکەم نییە ئەوە ڕوودەدات. زۆرتر لە ساڵێکە هەم پادشا و هەمیش پارتە سیاسییەکانی بەلجیکا لە هەوڵی ئەوەدان حکومەتێکی نیشتمانی پێکبێنن، بەڵام یان هەوڵەکانیان سەرناکەون، یانیش ئەگەر سەرکەوتوو بن تەمەندرێژ نابن.

لەو ڕۆژانەدا دەرهاویشتەی ئەو قەیرانە ئیدارییەی بە هۆی پێکنەهاتنی پارتەکانی بەلجیکاوە دروستبووە زەقتر بووەتەوە. بەلجیکایەک کە هەموو دنیا وەک پایتەختی یەکێتی ئەوروپا لێیدەڕوانێ و چاوەڕوانی گەورەی لێهەن، خەریکە لە وڵاتێکی بایەخپێنەدراوی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیی تازە وەخەبەرهاتوو لە خەونی شیرینی کۆمۆنیزم بچێ.

هۆیەکەیشی ڕوونە: ئەزموونی فیدرالیزمی بە تەوافوق سەرکەوتوو نەبووە وپادشاش پەلەپڕووزەی ڕزگارکردنی وڵاتەکەیەتی لە لەتلەتبوون.

هەرێمی فلامیی هۆڵەندیزمان، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی بەندەری بازرگانیی گەورەیە و ڕەوشی ژیانی دانیشتووانیشی خراپ نییە، کەچی داوای ماف و دەسەڵاتی زیاتر دەکات. ئەو کەوتووەتە هەوڵێکی فراوانی بایەخدان و سەپاندنی زمانەکەی، بۆیەش هەندێجار یاسای ڕادیکاڵانە لە بەرژەوەندی خۆی دەردەکات. هەرێمی کاتالۆنیای فەرەنسیزمانیش کە لە ڕووی ئابوورییەوە کەمێک وابەستەی هەرێمە هۆڵەندیزمانەکەیە، هەراسانە بەو یاسا و هەوڵانە، بۆیەش سەختگیری دەکات لە پێکهاتن بۆ سازکردنی حکومەتێکی نوێ.

دەرەنجامی ئەو دڕدۆنگیانەش ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر بوونی ئەو بڕوایەیە لای چاودێران کە چیدی بەلجیکا وەک وڵاتێکی فیدراڵ ناتوانێ بمێنێتەوە. هەندێ لەو چاودێرانە باسی پارچە پارچە بوون و دروستبوونی دەوڵەتی تازە لەسەر کەلاکی دەوڵەتی بەلجیکا دەکەن و هەندێکیش وایدەبینن کە کۆنفیدرالیزم دەتوانێ هەموو مەترسییەکان بڕەوێنێتەوە. لێ هەموو لا لەسەر ئەوە کۆکن کە فیدرالیزمی بە تەوافوق تەنانەت لە بەلجیکای خاوەن کولتوری چەند سەت ساڵەی دیموکراسییانەشدا ناتوانێ گەلە پێکناکۆکەکان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا هەتا سەر بەیەکەوە کۆبکاتەوە.

ئایا ئەوە بەرچاوڕوونترمان ناکات بۆ ئەوەی ئێمەش زۆر دڵمان بەو هاوماڵییە بە زۆرییەی کورد وعەرەب لە چوارچێوەی عیراقی فیدراڵدا خۆشنەکەین؟

---

# دایکانی من دایکانی بارزان

کاوە ئەمین- سوێد
kawa@yahoo.com

دایکانی من ناوی فیلمێکی دێکۆمێنتارییە کە باس لە تراژدیای ئەنفالکردنی بارزانییەکان دەکا، کارەساتێک کە تا ئێستاش وەکو مۆتەکەیەک دەستی ناوەتە گەرووی ئەو ژنە ڕەشپۆشانەی هەمیشە لە چاوەڕوانی کەسوکارەکانیاندان. دایکانی بارزان کە تێیاندایە حەوت کوڕ و مێردەکەی ئەنفالکراوە، تا ئێستاش لەگەڵ هەر لە دەرگادانێکدا خورپەیەک بە دڵیاندا دێت و هیوای ئەوە دەخوازن ئەوەی لە دەرگا دەدات، کوڕەکانیان، مێردەکانیان، براکانیان بن. کەسوکاری ئەنفالکراوانی بارزان کە بە چنگەکڕێ و هەزار دەردەسەری کونجێکیان لە گوندە کاولکراوەکانیان پێکەوە ناوە، ژیانی ئەمڕۆیان لە هەموو ڕۆژێکیان ناخۆشترە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هەر ئەنفالکراوێکی دیکەی ئەو وڵاتە، بارزانییەکانیشی پشتگوێخستووە، ئێستا ئەو پیرەژن و دایکانەی بارزان کە هێندە گریاون، چی دیکە فرمێسک لە چاوەکانیان نایێت، هەر خۆیان دکتۆری دەروونی خۆیانن و هاوکاری یەکتر دەکەن لە گوندەکانیاندا، بەشێوەیەک دەڵێی ئەو دەڤەرە حکوومەتیشی تێدا نییە.

25 ساڵە کەسوکاری بارزانییە ئەنفالکراوەکان، تەنیا یادگارییەک کە لە پیاوەکانیان بۆیان ماوەتەوە ئەو برە وێنانەن کە دەستاو دەستیان پێدەکەن، یانیش بە دیواری ماڵە قوڕینەکانیاندا هەڵیانواسیوون، ئەوە تەنیا سەروەتێکە بۆیان ماوەتەوە. ڕەنگە زۆر کەس پێیوابێت ئەوانە لەبەر ئەوەی بارزانین و ئەمڕۆش بەشێکی گرنگی دەسەڵات بە دەست پارتییەوەیە، ئیدی دەڤەری بارزان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ماڵەکانیان لە زێڕ گیراوە، یان هیچ نەبێت وەکو ماڵی کۆنە بەعسی و پیاوکوژەکانی ڕژێمی عروبە ڕازێنراونەتەوە، بەڵام هەرکەس ئەو فیلمە ببینێت بۆی دەردەکەوێت کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە چ ڕەوشێکی نالەباردا دەژین، ئەمەش لە بارزانەوە تا گەرمیان هیچ جیاوازییەکی نییە.

لە ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا خوێندمەوە کە چۆن بەرپرسێکی کورد ئامادەیە ماڵەکەی خۆی بۆ کاک (مەشهەدانی) دۆستی کورد چۆڵبکات، من دڵنیام کە هیچ بەرپرسێکی کورد ئامادە نییە نەک ماڵەکەی خۆی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوێک، ئاوارەیەکی کەمپی مەخموور و ئاوارەیەکی باریکە چۆڵبکات، بەڵکو بە چاوێکی سووکیش تەماشایان دەکەن. ماڵەکەی مەشهەدانی لە هەولێر و ئەوەکەی تەها محێدین لە دوکان و ئەوانەی دیکە کە لە کوردستان بۆیان دروستکراوە، دەیان گوندی نموونەیی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراو و شەهیدانی دیکەی پێ دروستدەکرا، بەڵام کورد وتەنی ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە. لە داهاتووشدا ئەوە منداڵی ئەنفالکراوەکانن کە دیسان دەبنە خۆراکی شەڕ و پاراستنی کەرامەتی ئەو گەلە.

من تەنها لە شتێک تێناگەم، کە ئاخۆ بەرپرسانی ئەم وڵاتە بە کۆنە بەعسی و بە کۆنە پێشمەرگەیانەوە چۆن ڕوویان دێت لە ئاست کەسوکاری ئەنفالکراو و شەهیدانی ئەم وڵاتەدا سەر هەڵبڕن؟

---

## بەقسەی خۆیان

# تورکیا بە یارمەتی ئێران نەیهێشت ریفراندۆمی کەرکوک بکرێت

مستەفا شەفیق- ئەڵمانیا
gare2005@hotmail.de

هەرچەندە لەم ماوەیەدا تورکیا لە قەیرانیکی سیاسی نێوخۆیی قووڵدا دەژیا، لەلایەک پرسی دادگاییکردنی AKP و لەلایەکی دیکە قەیرانی ئاشکراکردنی گرووپی مافیاو تیرۆریی ئەرگەنەکۆن ڕەوشی تورکیایان بە گشتی ئاڵۆزکردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مەسەلەی کەرکوک پرسێکی پلە یەکی نێو ڕاگەیاندن و ئەجێندای سیاسی تورکیا بوو، بەلای کاربەدەستانی ئەم وڵاتەوە کەرکووک لەوانە هەمووان گرنگترە.

میدیای تورکی دەخوازێت شەقامی تورکیا وا لێبکات هەست بە بوونی مەترسییەکی دژوار بەرامبەر تورکیا بکات. لەوەشدا سوپا و حکومەتیش هاوکارن. هەڵویستی حکومەت لەسەر زاری وەزیری دەرەوە عەلی باباجان، دوور لەهەموو پرەنسیپە دیپلۆماسی و نێودەوڵەتییەکان بوو لەو پێناوەدا. بەڵام کاری تورکیا لەگەڵ دراوسێکانی عێراق دژی مەسەلەی کەرکووک زۆر لەوەش مەترسیدارترە.

موراد یەتکین، لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی (ڕادیکاڵ)ی تورکی ڕۆژی 2008/8/6 دا دەڵێت"دوای ئەوەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی کەرکوکی بە قودسی کوردستان ڕاگەیاند، تورکیا هەر لەو کاتەوە گرنگییەکی تایبەتی بەم مەسەلەیە دا. داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە پێگەی کوردەکانی بە هێزکردو بەگوێرەی دەستوری تازەی عێراق دەبووایە لە کۆتایی ساڵی 2007 ریفراندۆمی کەرکوک ئەنجامبدرابا کە لە بەرژەوەندی کوردەکاندا دەبوو. کوردەکان بە ئامانجی گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان زۆر چالاکانە دەستیان کرد بە گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەم شارە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات عەرەبە سوونی و شیعەکان بە پاڵپشتی تورکیا و ئێران خۆیان بە هێزکرد، بە تایبەتی بە تەقەلای تایبەتی تورکیا بە پیشخستنی پەیوەندییەکانی لەگەل ئەمریکا توانی سەنگی خۆی لەم مەسەلەیەدا بەکاربێنێت و کاریگەری زۆر لە دەسەڵاتی عێراق بکات، کە لە ئەنجامدا ریفراندۆم نەکراو ئێستا دواخراوە".

جگە لەهەڵەی زانیاری ناونانەکە، ئەو بڕگەیەی وتارەکەی یەتکین زۆر ڕاستی تێدایە کە دەبێ مەتبەخی سیاسی کوردی زۆر کاری لەسەر بکات. تورکیا زۆر هەوڵی داوەو ئێستاش دەیدا لە پێناو پەکخستنی چارەسەری کێشەی کەرکووک و ئاڵۆزکردنی. هەوڵەکانیشی تەنیا لە چوارچێوەی تەگەرەکردنی چارەسەری کێشەی کەرکوک دا نییە، بەڵکو ئەم هەوڵانە سنوورەی تێدەپەڕێنن و لە چوارچیوەی پیلانێکی گشتی دژ بە کورد و هەرێمی کوردستاندان. هەر ئەمڕۆژانەش دانووستانێکی مەکوکی گرنگ لە نێوان سووریا تورکیا، ئێران تورکیادا هەیە. تورکیا ڕەوشی خراپی پەیوەندییەکانی ئەم وڵاتانە لەگەڵ ئەمریکاو خۆرئاوا بە کاردەهێنێت بۆ پیلانێکی دیکەی دژ بە کورد.

ئێران و سوریا کە لە ژێر فشارێکی نێودەوڵەتی تونددان، تورکیاش لە مەسەلەی کورددا ڕووبەڕووی بێچارەیی بووەتەوە .ئەوە بازاڕێکی بەرژەوەندی گۆڕینەوەی لەنێوان ئەم وڵاتانە دروستکردووە . تورکیا لە کاتێکدا هەوڵدەدات پەیوەندی ئەم وڵاتانە لەگەڵ خۆرئاوا ئاسایی بکات، بەرامبەر ئەمە دەخوازێت هەریەکە لە سووریاو ئێران سەنگی خۆیان لە ئێراقدا بەکاربێنن بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد و لەباربردنی ئەو هەلومەرجەی بۆ عێراقی نوێ دروست بووە. هەروەکو یەتکینیش ئاماژەی پێداوە، پەیوەندی بە هێزی تورکیا لەگەل هەریەکە لە سووریاو ئێران کاریگەری زۆری هەبووە لە هاندانی عەرەبە سوونی و شیعەکان بۆ تەگەرەکردن و دواخستنی ریفراندۆمی کەرکووک.

خاڵێکی زۆر گرنگ کە دەبێ کورد لێرەدا بە جدی وەریبگرێت، ڕۆڵی وڵاتانی دەوروبەر و تورکیایە لەم مەسەلەیەدا. خوێندنەوەی زۆرمان بۆ کاری تورکیا لەسەر مەسەلەی کەرکووک هەر ئەوە بووە کە تورکیا لەرێگەی بەرەی تورکمانییەوە پیلانەکانی ئەنجامدەدات . وەلێ وا نییە بە پلەی یەکەم تورکیا هەوڵدەدات عەرەبی سوننە بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنیت و باش سوود وەربگرێت لە کاریگەری ئێران لە سەر شیعەکان.

لێرەدا ڕۆڵی تورکیا بۆ لەیەکتر نزیککردنەوەی سوریا و ئیسرائیل، ئێران و ئەمریکا لە دیدیکی ستراتیژیدا پیلانیکی درێژ خایەنی دژ بەکوردی لە دوواوەیە، کە ڕێکخەرو جێبەجێکەری ئەم پیلانە تورکیایە.

# پشیلە 3 جار كارەبای پێنجوێن دەكوژێنێتەوە

**روودا‌و-پێنجوێن**

ڕۆژی 2008/7/25 بۆ سێیەمین جار پشیلەیەک كارەبای6000 ماڵی پێنجوێنی كوژاندەوە. سەمیرە حوسێن لێپرسراوی وێستگەی كارەبای پێنجوێن، وێڕای پشتڕاستكردنەوەی هەواڵەكە وتی" لەبەر ئەوەی محەویلەكەمان شورەی نییەو لەدەرەوەیە، نەک پشیلە ئەگەر چۆلەكەیەک بكەوێتە ناو محەویلەكەوە، دەیكوژێنێتەوەو رووناكی لەو شارە دەبڕێت ". هەروەها جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە چەند جارێک داوایان لە پارێزگای سلێمانی كردووە سیاج بۆ وێستگەكە دروستبكرێ " بەڵام تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە".

كارەبای پێنجوێن، لەئێرانەوە راكێشراوەو شەو و رۆژ بەردەوام هەیە، ئەگەر پشیلە بهێڵێت.



# بچییە هەولێر دەرتدەكەن

**روودا‌و-سلێمانی**

سەمیرە محەممەدی رۆژنامەنووس، یاتاقەكەی لە رێكخراوی راسان پێچایەوەو رۆیشت. سەمیرە دوای بەجێهێشتنی راسان گلەییەكانی بۆ (روودا‌و) هەڵڕشت و گوتی " بەڕێوەبەر باوەڕی بەكاری مەدەنی نییەو، هەستدەكەم كەسانێک یاری بەڕاسان دەكەن و بۆ بەرژەوەندی حیزبی و تاكرەوانە كاردەكەن". هەروەها گوتی " من لەهەولێر بووم، تاهاتمەوە بەڕێوەبەر هەموو ستافی رۆژنامەكەی گۆڕیبوو بەبێ ئاگاداری من لەكاتێكدا من سەرنووسەری راسانم". راسان، رێكخراوێكی تایبەت بەداكۆكیكردن لەمافەكانی ژنانە لەسلێمانی و رۆژنامەیەكیشیان هەیە بەناوی (راسان) كەسەمیرە سەرنووسەری بوو.



# نور كافرتان دەكا

**روودا‌و- ئاژانسەكان**

موفتی عەرەبستانی سعودی رایگەیاند "ئەوەی تەماشای زنجیرە درامای توركی (نور) بكات، موسڵمان نییە". ئەو زنجیرە درامایە كە بە زمانی عەرەبی دۆبلاژ كراوە، لەسەرانسەری وڵاتانی عەرەبی و لە كوردستانیشدا خەڵكێكی یەكجار زۆر تەماشای دەكەن بووەتە هۆی زۆركردنی گەشتیارانی عەرەب بۆ توركیاش.

ئەو درامایە بووەتە هۆی نارەزایی زۆری لایەن و كەسایەتییە ئیسلامییەكان، لەوبارەیەشەوە عەبدولعەزیز عەبدوڵلا موفتی سعودیە فتوای دا كە"هەر كەسێک لەماڵەوە سەیری ئەو زنجیرە درامایە بكات موسڵمان نییە" .لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی شێواندنی شیرازەی خێزانی موسڵمان.




Rudaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : كۆمپانیای روودا‌و

**سەرۆكی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@yahoo.com

**سەرنووسەر** : ئاكۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵلا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی كانێسكان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279 ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی هەفتەنامەیەكی سیاسی گشتییە كۆمپانیای روودا‌و دەریدەكات


# سەرۆكی پەرلەمانی منداڵان داوای بینینی عەدنان موفتی دەكات

**روودا‌و-سلێمانی**

سەرۆكی پەرلەمانی منداڵانی كوردستان بەهۆی گەورەبوونی تەمەنیەوە پۆستەكەی بەجێدەهێڵێت و گلەیی ئەوەش دەكات كە پەرلەمانەكەی بێ بودجە و دەسەڵاتە، هەروەها گازندەی ئەوەشی هەبوو كە تا ئێستا نەیتوانیوە سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ببینێ.

سیامەند جەلال ئەحمەد، سەرۆكی پەرلەمانی منداڵانی كوردستان لەسلێمانی بە (روودا‌و)ی راگەیاند "ماوەی سەرۆكایەتییەكەم لەسەرەتای ساڵی داهاتووەوە كۆتایی دێت بەو پێیەی كە تەمەنم لە 18 ساڵ تێدەپەڕێت وئەندامانی پەرلەمان بەهەڵبژاردن كەسێكیتر هەڵدەبژێرن".

پەرلەمانی منداڵانی كوردستان، ئۆفیسی لەنێو بینای رێكخراوی منداڵپارێزی كوردستاندایە لەسلێمانی و لەساڵی 2003دامەزراوەو ژمارەی ئەندامانی 15 پارلەمانتارەو تەمەنی هەر پەلەمانتارێكیش دەبێت لەنێوان 13 تا 18 ساڵدابێت.

سەرۆكی پەرلەمانی منداڵان، گازندەی ئەوە دەكات كە پەرلەمانەكەیان فەرامۆش كراوە و دەڵێت"پەرلەمانی منداڵان هیچ بودجەیەكی نییەو هەر بەوهۆیەشەوە ناتوانین لەبارەی رەوشی منداڵانەوە پرۆژەو بڕیارمان هەبێت و تائێستا سەرۆكی پەرلەمانی كوردستانم نەدیوە"، هەروەها ئاماژەی بەوەدا كە پەرلەمانەكەیان پرۆژەیەكی هەیە بۆ پەرلەمانی كوردستان " تاوەكو گرنگی بەپەرلەمانی منداڵان بدات و بەشێكی پرۆژەكەش پەیوەندی بەبارودۆخ و ژیانی منداڵانەوە هەیە".

سەرۆكی ئەو پەرلەمانە بێ دەسەڵاتە، دەڵێت" لەكۆبونەوەكانمان تاوتوێی بارودۆخی مناڵان دەكەین و لەهەرجێگەیەک پێشێلكارییەک بەرامبەر منداڵان هەبێت، لایەنە پەیوەندیدارەكانی لێ ئاگاداردەكەینەوە".



سەرۆكی پەرلەمانی منداڵان لەنێو ئەندامەكانیدا

# مردووەكانی كوردستان دەڵێن هەلەو

**روودا‌و-هەولێر**

سەید ئەحمەد بەرزنجی، رەخنەی توندی لەوكەسانە گرت كە بایەخی تەواو بەمردووەكان دەدەن و كارەباو تەلەفۆن بۆ گۆڕستانەكان رادەكێشن و گۆڕستانەكان دەڕازێنرێنەوەو زیندووەكانیش فەرامۆش دەكەن .

لە وتاری نوێژی هەینی رۆژی 2008/8/8دا، سەید ئەحمەد بەرزنجی وتاربێژی مزگەوتی حاجی جەمال لە هەولێر رەخنەی توندی ئاراستەی ئەو كەسانە كرد كە زیندووەكان فەرامۆش دەكەن و بایەخ بە گۆڕستانەكان دەدەن و گوتی" گۆڕستان هەیە هێندەی چوار گوند خزمەتگوزاری بۆ رۆیشتووە، گۆڕستان هەیە كارەبای بەردەوام و هێڵی تەلەفۆنی بۆ راكێشراوە لەكاتێكدا ئەمە هیچ خزمەتێک بەو مردووە ناكات و جێگای لەناو گۆڕەكەدا خۆش ناكات".

هەر لەو وتارەدا سەید ئەحمەد بەرزنجی، رەخنەی لەهەندێک دیاردەی كۆمەڵایەتی گرت و بەدژی ئایین" لەخۆدان و گریان و هاوار كردن بەدەنگی بەرز بۆ مردوو نەک هیچ خێرێكی نییەو سوود بەمردوو ناگەیەنێ بەڵكو بە هۆیەوە گوناهمان زیاد دەكات و بۆیە دەبێت واز لەو داب ونەریتانە بهێنین كەدژی دینن".

# ماسی سیروانیی مەخۆن



**روودا‌و – سلێمانی**

بەبڕیارێكی بەڕێوەبەرایەتی سامان و دروستی ئاژەڵی سلێمانی، هەموو ماسی فرۆشەكانی ناوشاری سلێمانی ئاگاداركراونەتەوە كەبەهیچ شێوەیەک ماسی زێی سیروان نەفرۆشن و لەماسیگرەكانیشی وەرنەگرن، بەهۆی ئەوەی ئەوماسییانە ژەهراوی كراون.

دكتۆر نەوشیروان ساڵح، سەرپەرشتیاری تیمەكانی چاودێری تەندروستی لەبەڕێوەبەرایەتی سامان و دروستی ئاژەڵی سلێمانی لە لێدوانێكدا بۆ (روودا‌و) روونیكردەوە كە پۆلیسی فریاكەوتنی سلێمانی پێی راگەیاندوون، كە بەهۆی ئەوەی هەندێک كەس بەمادەی ژەهراوی ماسیان لە زێی سیروان گرتوون، ئەو ماسیانەی دەیانفرۆشنە بازاڕ ژەهراوین .

دكتۆرنەوشیروان لەدرێژەی لێدوانەكەیدا بڕیاری بەڕێوەبەرایەتییەكەیانی بۆ (روودا‌و) ئاشكراكرد و گوتی "گشت ماسی فرۆشەكانمان ئاگاداركردووەتەوە كەنابێت ماسی لە هیچ كەسێک بكڕن، كە لە سیروانەوە ماسی هێنابێت، مەگەر كەسێک كەناسراوبێت و دڵنیابن لێی". جەختیشی لەوە كردەوە كە پێش ئەوەی ماسیەكان بگەنە بازاڕ ماسی فرۆشەكانیان ئاگادار كردبووەوە.


